# بڕەو

گۆڤارێکی بواری پەرەپێدانی مرۆیی گشتییە
ژمارە (2) تشرینی دووەم 2011




## لەم ژمارەیەدا

دەستپێك ........ ٢
کوالیتی ژیان / ئەڵقەی ٣ ........ ٣
تووڕەبوون ........ ٧
ڕۆڵی تێگەیشتنی هەڵە لە ئیسلام لە دواکەوتنی موسوڵماناندا ........ ٩
ڕۆڵ و کاریگەری پەروەردە لە ژیانی تاك و کۆمەڵدا ........ ١٢
توانای بڕیاردان بەهرەیەکی بنەڕەتییە لە ژیاندا ........ ١٤
واقعی پەرەپێدان لە تێڕوانینی هزری ئیسلامیەوە ........ ١٦
سەرکردە چۆن لە گەڵ خەڵك هەڵسوکەوت دەکات؟ ........ ١٨
دە پلان بۆ ئاسانکاری کار و باری دارایی و پاراستنی پارەکەت ........ ٢٠
سەرکردایەتی لە چیرۆکی پێغەمبەر سولەیمان و هودهود ........ ٢٢
ویست و شکست (الإرادة و الفشل) ........ ٢٤
چەند مۆمێك بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێگای گەنجان ........ ٢٦
چل ڕێگا بۆبەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر ........ ٢٨
هونەری دەربڕین ........ ٢٩
بنەماکانی پەیوەندی نێوان باوان بە نەوەکانەوە ........ ٣٠
جامەکە پڕ ئاو مەکە ........ ٣١
١٠ ئامۆژگارییەکە ........ ٣٢
چۆن سود لە (on call) وەربگرین بۆ چارەسەری بێکاری دەمامکدار ( البطالة المقنعة ) ........ ٣٣
وریابە دەرونت نەبێتە بیابان ........ ٣٤
ببن بە هەنگ ........ ٣٥
بیخوێنەرەوە و بیری لێبکەرەوە...... بزانە تۆی ؟؟؟!!! ........ ٣٦
ڕۆڵی بەڕێوبەرەکان لە پرۆسەی چاکسازیدا ........ ٣٨
پشوی برەو ........ ٤٠
هەندێ جار زمانت بگرێت سەرسەلامەت دەبێت !! ........ ٤١
چۆن گەشبە داهێنانی منداڵان بدەین ؟! ........ ٤٢
بڵاوکردنەوەی ڕووناکی ........ ٤٤
چەند پەیڤێك بۆ ژیان ........ ٤٥
ئەوشتانەی کاتی مرۆڤ بە فیرۆ دەدەن!!! ........ ٤٦
ئایا دەزانن دڵ بۆنێکی ناخۆشی هەیە؟؟ ........ ٤٧
پـــــــــایان ........ ٤٨

**ڕاوێژکاران**
شــەماڵ مـوفـتـی — د.کەریم ئەحمەد
د.سادق عەزیز خۆشناو — د. ئەحمەد وەرتی

خاوەنی ئیمتیاز
**نەوزاد سەلام خۆشناو**
٠٧٥٠٤٥٣٢٢٢٤
khoshnaw_n@yahoo.com

سەرنوسەر
**یاسین ئەحمەد زەنگەنە**
٠٧٧٠١٤٨٨٩٦٢ - ٠٧٥٠٤٣٣٨٥٨٧
yaseenzangana@yahoo.com

بەڕێوەبەری نوسین
**عەلی ئیبراهیم حەسەن**
٠٧٥٠٤٦٥٩١٧٢
alizhin@yahoo.com

دەستەی نوسەران
**ئومێد مستەفا**
**ئیحسان برهان الدین**
**ئەمیر ئەحمەد کۆیی**
amirkoy@yahoo.com

بەشی ڕیکلام
٠٧٥٠٤٢٠٠٦٥٦

تـایـپـیـسـت
**هاوڕێ یاسین**

ناردنی بابەت و پەیوەندییەکان لەڕێگای سەرنوسەرەوە دەبێت .

دیزاین گۆڤاری بڕیار

هەولێر- شەقامی ئیسکان- بەرامبەر ڕاین مۆڵ

نرخی 2000 دینارە

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

دەستپێك

سەرنووسەر

# بەڕێوەبردنی یەکەمایەتیەکان

مرۆڤ بەردەوام هەوڵی سەرکەوتن و پێگەیشتن دەدات و لەم ڕێگایەدا بارمتەی چەندین بژاردەیە کە سەرکەوتنی بۆ دەستەبەر دەکات ، گەر کورتترین ڕێگا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان هێڵێکی راست بێت ، ئەوا ڕێکخستن و بژاردە لە نێوان گرنگ و گرنگترین باش و باشترین ئەو هێڵەیە کە نێوان سەرەتای ڕێگا و کۆتاییەکەی پێکەوە گرێدەدات .

ئەگەر بژاردە کاکڵە و ناوەڕۆکی بەڕێوەبردنی یەکەمایەتیەکان بێت کە ڕێکخستنی کاروبارەکان دەگەیەنێت بەپێیی گرنگییان و گونجاندن لە نێوان ئەوەی مرۆڤ دەیەوێت ئەنجامی بدات و لەنێوان ئەو بەرپرسیارێتیانەی دەکەوێتە ئەستۆی ، ئێمە هەست بە ڕێگری تایبەت دەکەین بەهۆی بڕیارەکانی ڕۆژانەمانەوە ، ئەمەش بەردەوامە بەدرێژایی ساتەکانی ژیان ، خۆمانیش بەدەمیەوە دەچین لەژێر رۆشنایی ئەوەی بڕوامان وایە کە ئەمە باشترین بەکارهێنانە بۆ کاتەکانمان .

بڕیاردان ئاسانە کاتێك پەیوەست بێت بە هەڵبژاردن لەنێوان باش و خراپدا ، ئێمە بە ئاسانی هەست بەوە دەکەین دیاریکردنی ئەوەی چۆن هەندێك لەکاروبارەکان بریتین لەکات بەفیرۆدان یان زیان بەخشەو مێشك شەکەت و ماندودەکات ، بەڵام کێشە لەوەدایە کاتێك کارەکان بەندە بەبەراوردکردن لەنێوان باش و باشترین بۆیە زۆر جاروەك دەوترێت ،(نەیاری سەر سەرختی باشترین باشەکانە) .

## ئامرازەکانی هەڵبژاردن :

لە پێناوی ڕێکخستنی یەکەمایەتیەکان و ئەنجامدانی باشترین بژاردە مرۆڤ پێویستی بە دوو ئامراز هەیە ، کە فەرمانی ئاراستەکردن دەبینێت کە بریتین لە کاتژمێر و قیبلەنوما .

یەکەمیان کاتژمێر بەواتای زەرورەتی ڕێکخستن ئەمەش پێوەرە بۆ وادە و خشتە و ئامانج و چالاکیەکانمان و ڕێگامانە تا بزانین چۆن کاتەکانمان دابەش بکەین و بەکاری بێنێین ، ئامرازی دووەمیش قیبلەنوما خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە مرۆڤ لەناخیدایە لە تێڕوانین و بەهاو و ڕێباز و ئەرك و هوشیاری و ئاراستەکردن ، بەواتایەکی تر ئەو شتانە چین کە یەکەمایەتییان لە ژیانماندا هەیە ، ئەو ڕێچکەیە چییە کە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ژیانە پەیڕەوی دەکەین ؟ لەوانەیە بەریەککەوتن و کەلێن لەنێوان ئەو دوو ئامرازەدا هەبێت کاتێك دەبینین ئەوا ئەو کارانەی پێیی هەڵدەستین بەشداری زۆر ناکات لە ئەنجامدانی ئەوانەی کە لە ژیانماندا بەگرنگی دەزانین ، لێرەشدا کێشە دروست دەبێت بەڵام ئەزموون و شارەزایی پێشینە چارەسەری گونجاندنی دۆزیوەتەوە لە نێوان ئەوانەی هەوڵی بۆ دەدەین وئەو بەهایانەی کە هەڵمان گرتووە .

## سێ نەوە لە بەڕێوەبردنی کاتدا:

پسپۆڕی کارگێڕی (محمد فتحی ) دەڵێت سێ نەوە بەدوی یەکدا هەن بۆ بەڕێوەبردنی کات و پڕکردنەوەی کەلێن لەنێوان کاتژمێر و قیبلەنوما لە ژیانماندا ، هەر نەوەیەك لەمانە خستنەسەرێکی هەیە بۆسەر ئەوەی کە نەوەی پێشوو خستویەتیە روو بەمەبەستی لێهاتوویی و گەشەکردن .

**نەوەی یەکەم:** پشت بە رۆژژمێر دەبەستێت کە مەوعیدەکانی تێدا تۆمار دەکات ، ئەمەش لەسەر رەوتی مەلەکردن لەگەڵ رەوتی ئاودا یە لەگەڵ پاراستنی تۆماری کارەکان و نوسینی راپۆرت و یان ئامادەبوونی کۆبونەوەکان .... هتد .

ئەوەی ئەم نەوەیە ئەنجامی دەدات شێوەیەکی سادە و سانایە ، ئەو لیستی ئەو ئەرکانەی کە تۆماری کردووە لە کۆتایی ڕۆژدا تەماشای دەکات و هەر کارێکی ئەنجام نەدابێت ، ئەوا زۆرجار دەیخاتە لیستی کارەکانی رۆژی ئایندەیەوە .

**نەوەی دووەم:** نەوەی پلان دانان و ئامادەسازییە و لەسەر لێهاتوویی و بەرپرسیارێتی کەسی و ئەنجامدانی ئامانجە دانراوەکان و پلاندانان بۆ ئایندە و بەلیست کردنی ئەرکەکان راوەستاوە، ئەوانەی ئەم شێوازە بەکاردێنن هەڵدەستن بە دیاریکردنی وادەی کۆبونەوەکان و مێژووی کۆتایی هاتنی ئەرکەکان ، هەمیشە ئەم کەسانە کۆمپیوتەربەکاردێنن بۆ کارەکانیان، یان رۆژمێری ئەلەکترۆنیان لایە بۆ پاراستنی زانیارییەکان.

**نەوەی سێیەم:** نەوەی پلان دانان و دیاریکردنی یەکەمایەتی و چاودێرییە ، تۆمارەکان بەکاردێنێت و بنەماکانی زانیاری ئەلیکترۆنی کە نمونەی دوور و درێژی پلانی رۆژانەی لەخۆگرتووە ، ئەم نەوەیەی ئەمەبەکاردێنن پرسیار لەخۆیان دەکەن ئایا چیمان دەوێت ؟ هەڵدەستن بەدانانی ئامانجی درێژ و مام ناوەند و کورت خایەن تا حەز و مەبەستەکانیان بێتە دی ، کار و چالاکی رۆژانەشیان لەژێر رۆشنایی یەکەمایەتییەکی دیاریکراودایە .

# کواڵیتی ژیان / ئەڵقەی ٣

شەماڵ موفتی



پێوەرە سەرەکییەکانی کواڵیتی ژیانی کۆمەڵگا:

١) **تەندروستی** ( ڕێژەی مردن لە هەر ١٠٠٠ لەدایك بوو )
یەکەم ١٥ وڵاتی جیهان بەم پێوەرە ئەمانەی خوارەوەن:
( ئایسلەند، ژاپۆن ، فینلەند ، سوید ، هۆنگ کۆنگ ، هۆڵەندا ، نەرویج ، سویسرا ، سەنغافورە ، کەنەدا ، ئیسپانیا ، ئەڵمانیا ، ئنگلتەرە ، فەرەنسا ، لوکسمبورگ ) هەروەها ( بوونی خزمەتگوزاری گشتی و تایبەت و جۆرەکانی ، بوونی دەرمانی پێویست ، پێوەری دیکەی بانکی جیهانی WB )

٢) **خوێندەواری:**

٣) **خوێندن و خوێندنی باڵا** ( أ-خویندنی حکومەتی پەسەندکراوبێت لە لایەن بانکە جیهانی WB ب- بونی خوێندنی تایبەت ج — جۆری خوێندنی تایبەت پەسەندکراوبێت بە ستاندەردی ئەورووپی )

٤) **ژێرخان :** ( جۆری ڕێگەوبان ، بوونی ئامێری هاتووچۆی گشتی، ڕێگەی نێودەوڵەتی ، جۆری خانوبەرە ، یەدەگی وزە ، یەدەگی ئاو، پەیوەندیی ئەلکترۆنی ) ( زنجیرەیەکە لە خزمەتگوزاری و مۆزەخانە و شانۆ و شوێنی حەوانەوە و گەشت وگوزار و یاری و وەرزشیش دەگرێتەوە )

٥) **مەترسی و سەلامەتی** ( چەندین تەوەر دەگرێتەوە )

٦) **کولتور و ژینگە :** http://help.worldwidecost-ofliving.com/AbouttheEIUWorldwideCostofLiv-ingsurvey/Howist hecostoflivingindexcalculat-ed.aspx ( شێ و پلەی گەرمی — بەراورد لەگەڵ تێگرای جیهانی — و ڕادەی ناڕەحەتی بۆ گەشتیار ، گەندەڵی ، فشاری کۆمەڵایەتی و ئاینی ، ئاستی چاودیری چاپەمەنییەکان ، بوارپێدانی وەرزشی ، بوونی شوێنی کولتوری و مێژویی ، ئامادەبونی خواردن و خواردنەوە ، بونی کاڵا و خزمەتگوزاری )

٧) **خۆشگوزەرانی ئابوری**

٨) **ئازادی ( مافە سیاسییەکان )**

٩) **ڕازیبون بە شێوەی ژیان**

١٠) **شیاوبوونی وڵات بۆ ژیانی دروست** (پتەوی بارودۆخ : کۆنترۆڵکردنی تاوانی بچوك ، کۆنترۆڵکردنی توند و تیژی ، مەترسی تیرۆر ، مەترسی جەنگ ، مەترسی ناهاوسەنگی باری سیڤیل )

هەر یەکێك لەم تەوەرە پێوەرانە کراون بە ١٠٠ پلە و وڵاتانی پێ دەپێیورێن

لە ١٥ یەکەمین وڵاتانی جیهان ئەم وڵاتانەن
تیشك دەخەینە سەر هەندێك لەم پێوەرانە:
پێوەری تەندروستی
ڕێژەی مردنی منداڵ — ژێر تەمەنی ٥ ساڵ —
ژمارەی مردن لە هەر ١٠٠٠ لەدایکبوویەکدا / ساڵی ٢٠٠٠

| پلە | وڵات | ڕێژە |
|---|---|---|
| یەکەم | سەنگافور / سوید | ٣,٠ |
| دووەم | هۆنگ کۆنگ | ٣,٢ |
| سێهەم | ژاپۆن | ٣,٤ |
| چوارەم | فینلاند | ٣,٧ |
| پێنجەم | نۆرویژ | ٣,٨ |

| پلە | وڵات | ڕێژە |
|---|---|---|
| یەکەم | سەنگافور / سوید | ٣،٠ |
| دووەم | هۆنگ کۆنگ | ٣،٢ |
| سێهەم | ژاپۆن | ٣،٤ |
| چوارەم | فینلاند | ٣،٧ |
| پێنجەم | نۆرویژ | ٣،٨ |

سەرچاوە: http://gsociology.icaap.org/reportpdf/quality.pdf

خراپترین ١٥ وڵاتیش بەم پێوەرە ئەم وڵاتانەی خوارەوەن:

( ئەنگۆلا ، ئەفغانستان ، لایبیریا ، سیرالیۆن ، بیابانی ڕۆژئاوای ئەفەریقا، مۆزەمبیق ، مالی ، نایجەر ، گینیا بیساو ، مەلاوی ، جیبۆتی ، سۆماڵ ، ئەسیوبیا ، چاد، ....... )

خۆشگوزەرانی ئابوری ( بەشی تاك لە GDP / کۆی گەشەی نیشتمانی بە دۆلار ) بەشی ساڵانەی تاکەکەس – بە هەزاران دۆلار - لە داهاتی کەشەکراوی نیشتمانی / بەگوێرەی ناوچە: لە ( ئەمەریکای باکور و ئەورووپای ڕۆژئاوا ) داهاتی ساڵانەی تاکەکەس لە بیست و پێنج هەزار دۆلار تێپەر بوە ، بەڵام لە ناوچەکانی دیکەی جیهان زۆر زۆر لەوە کەمترە:




## خوێندەواری:




بچیتە سەر ئەم سایتەی خوارەوە داتای ڕێژەی خوێنەواری هەمو وڵاتانت پێ ئەدا:

http://world.bymap.org/LiteracyRates.html

ئازادی ( مافە سیاسییەکان ) بەم پێوەرە ، دەردەکەوێت لە نەخشەی خوارەوە کە وڵاتانی ئەمەریکای باکور و ئەورووپای ڕۆژئاوا ئازادی سیاسی تیایدا ١٠٠٪




## ڕازیبون بە شێوەی ژیان:

بەم پێوەرە ، وڵاتانی ئەمەریکای باکور و ڕوژهەڵاتی ئەورووپا نزیکەی ٩٠٪ هاوڵاتییانیان ڕازین بە جۆری ژیانیان. لە وڵاتە هەژارەکانی ئەفەریقای نیمچە بیابان هاوڵاتیانیان ٧٠٪ نارازین بە شێوەی ژیانیان، هاوڵاتیانی باڵتیك و ڕۆژئاوای ئەورووپا نارازیبونیان بە ڕێژەی ٣٠ و ٣٥ ٪ یە.

تێبینی: ئەم ڕێژانە هی ٢٠٠٠ ن و بێ گومان لەم ١١ ساڵەدا گۆڕانکاری تر ڕویداوە.




نزمترین ١٥ وڵات لە ناڕازیبون بە شێوەی ژیانیان:

(زیمبابوی٣،٩٪ ڕازین ، هاییتی ٤٪ ڕازین ، تەنزانیا ، نایجیریا، تاجیکستان ، ئۆزبەکستان ، ڕوسیا ، بۆتسوانا ، کیرغستان، تورکمانستان ، ئۆگەندا ، بەلەڕوس ٤،٩٨٪ ڕازین)

Least Satisfied

Table 9

Least Satisfied

| Country | Region | Level of Satisfaction, 2005 |
|---|---|---|
| Zimbabwe | Sub-Saharan Africa | 3.9 |
| Haiti | Latin America and Caribbean | 4.0 |
| Tanzania | Sub-Saharan Africa | 4.5 |
| Nigeria | Sub-Saharan Africa | 4.5 |
| Tajikistan | Commonwealth of Independent States (CIS) | 4.8 |
| Uzbekistan | CIS | 4.8 |
| Russia | CIS | 4.8 |
| Botswana | Sub-Saharan Africa | 4.8 |
| Kyrgyzstan | CIS | 4.8 |
| Turkmenistan | CIS | 4.9 |
| Uganda | Sub-Saharan Africa | 4.9 |
| Belarus | CIS | 4.98 |

رازیبونی مـرۆڤ بە شێوەی ژیانیان چەندین پێوەر دەگرێتەوە وەك : رازیبون لە حكومەت، لە هاوسەر، لە بازاڕ، لە تەندروستی،..

| Country | Cost of Living | Leisure & Culture | Economy | Environment | Freedom | Health | Infrastructure | Risk & Safety | Climate | Final Score |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| France | 50 | 98 | 85 | 72 | 100 | 100 | 95 | 100 | 87 | 85 |
| Switzerland | 35 | 91 | 100 | 78 | 100 | 98 | 94 | 100 | 77 | 84 |
| United States | 59 | 79 | 89 | 72 | 92 | 74 | 100 | 100 | 86 | 83 |
| Luxembourg | 36 | 81 | 98 | 80 | 100 | 92 | 78 | 100 | 83 | 82 |
| Germany | 45 | 87 | 69 | 83 | 100 | 94 | 85 | 100 | 79 | 80 |
| Australia | 36 | 75 | 68 | 80 | 100 | 91 | 91 | 100 | 93 | 79 |
| Italy | 51 | 100 | 58 | 74 | 100 | 93 | 65 | 100 | 87 | 78 |
| New Zealand | 43 | 87 | 60 | 83 | 100 | 92 | 65 | 100 | 84 | 77 |
| Spain | 50 | 72 | 54 | 75 | 100 | 94 | 71 | 100 | 87 | 76 |
| Netherlands | 32 | 85 | 60 | 67 | 100 | 91 | 88 | 100 | 85 | 75 |
| Norway | 27 | 82 | 78 | 78 | 100 | 95 | 61 | 100 | 71 | 74 |
| Belgium | 24 | 88 | 60 | 64 | 100 | 92 | 88 | 100 | 86 | 74 |
| Argentina | 66 | 71 | 44 | 66 | 100 | 86 | 63 | 100 | 93 | 74 |
| Austria | 31 | 83 | 61 | 87 | 100 | 90 | 70 | 100 | 76 | 74 |
| Uruguay | 67 | 76 | 40 | 72 | 100 | 80 | 62 | 100 | 93 | 74 |
| Canada | 47 | 78 | 63 | 62 | 100 | 88 | 82 | 100 | 67 | 74 |
| Japan | 14 | 97 | 75 | 71 | 92 | 94 | 69 | 100 | 84 | 74 |
| Portugal | 52 | 76 | 44 | 74 | 100 | 91 | 62 | 100 | 93 | 74 |
| Malta | 58 | 76 | 46 | 84 | 100 | 91 | 34 | 100 | 99 | 74 |
| Liechtenstein | 37 | 80 | 71 | 65 | 100 | 85 | 65 | 100 | 82 | 74 |
| Iceland | 28 | 90 | 63 | 74 | 100 | 91 | 59 | 100 | 74 | 72 |
| Lithuania | 58 | 72 | 43 | 81 | 100 | 84 | 56 | 100 | 79 | 72 |
| Hungary | 54 | 81 | 43 | 77 | 100 | 71 | 63 | 100 | 76 | 71 |
| Denmark | 20 | 60 | 65 | 84 | 100 | 90 | 72 | 100 | 78 | 71 |
| Finland | 28 | 69 | 63 | 68 | 100 | 86 | 75 | 100 | 76 | 71 |
| Costa Rica | 63 | 68 | 39 | 100 | 100 | 82 | 50 | 93 | 60 | 71 |
| Sweden | 11 | 76 | 63 | 75 | 100 | 87 | 88 | 100 | 68 | 71 |
| Bulgaria | 56 | 74 | 39 | 78 | 92 | 82 | 53 | 100 | 80 | 70 |
| Czech Republic | 41 | 82 | 46 | 74 | 100 | 86 | 61 | 100 | 67 | 70 |
| Slovenia | 42 | 74 | 49 | 74 | 100 | 76 | 56 | 100 | 83 | 70 |
| Greece | 37 | 68 | 50 | 70 | 100 | 89 | 60 | 100 | 79 | 70 |
| Poland | 41 | 78 | 43 | 72 | 100 | 84 | 63 | 93 | 76 | 69 |
| Ecuador | 66 | 63 | 35 | 93 | 83 | 73 | 41 | 86 | 100 | 69 |

http://www.il-ireland.com/il/qofl2008

لەم لیستەدا ناوی هەمو وڵاتانی جیهان پێوراون بە ٩ پێوەر: چەند نمونەیەك وەردەگرین :

فەرەنسا: ٨٥ خاڵی هەیە و لە لوتکەی لیستی جیهاندایە بەم شێوەیە:

*خەرجی ژیان ٥٠ خاڵ

* کولتور و رابواردن ٩٨ خاڵ

* ئابوری ( داهات )٨٥ خاڵ

* ژینگە ٧٢ خاڵ

* ئازادی ١٠٠ خاڵ

* تەندروستی ١٠٠ خاڵ

* ژێرخان ٩٥ خاڵ

* مەترسی و سەلامەتی ١٠٠ خاڵ

* کەش و هەوا ٨٧ خاڵ

وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ٨٣ خاڵی هەیە و پلەی ٣ هەمە پاش سویسرا.

## United States

| | |
|---|---|
| Cost of Living | 59 |
| Leisure & Culture | 79 |
| Economy | 89 |
| Environment | 72 |
| Freedom | 92 |
| Health | 74 |
| Infrastructure | 100 |
| Risk & Safety | 100 |
| Climate | 86 |
| **Final Score** | **83** |

تورکیا تەنها ٥٨ خاڵی هەیە و بە پلەی ٧٨ هەمین هاتوە.

## Turkey

| | |
|---|---|
| Cost of Living | 42 |
| Leisure & Culture | 63 |
| Economy | 39 |
| Environment | 68 |
| Freedom | 67 |
| Health | 62 |
| Infrastructure | 44 |
| Risk & Safety | 86 |
| Climate | 73 |
| **Final Score** | **58** |

شانشینی ئوردن ٥٥ خاڵی هەیە و بە پلەی ٩٩ هاتوە.

## Jordan

| | |
|---|---|
| Cost of Living | 51 |
| Leisure & Culture | 63 |
| Economy | 36 |
| Environment | 59 |
| Freedom | 42 |
| Health | 84 |
| Infrastructure | 34 |
| Risk & Safety | 71 |
| Climate | 68 |
| **Final Score** | **55** |

روسیا ٥٢ خاڵی بەرکەوتوە و بە پلەی ١١٦ هەمین هاتوە

| Russia | |
|---|---|
| Cost of Living | 20 |
| Leisure & Culture | 71 |
| Economy | 43 |
| Environment | 71 |
| Freedom | 25 |
| Health | 75 |
| Infrastructure | 53 |
| Risk & Safety | 57 |
| Climate | 72 |
| **Final Score** | **52** |

لەگەڵ ئەوەی روسیا ١١٦ هەمینە بەڵام تەنها ٢٠٪ داهاتی تاك بۆ گوزەرانە.

شایانی باسە کە وڵاتانی : کویت و بەنگلادش و قەتەر خاوەنی تەنها ٤٨ و ٤٧ خاڵن سوریا بە پلەی ١٢٥ هاتوە و خاوەنی ٥٠ خاڵە ئێران بە پلەی ١٦٨ هاتوە وە خاوەنی ٤٥ خاڵە، بە داخەوە ، پاش وڵاتانی سودان و جیبۆتی و یەمەن و ئەفغانستان و چاد و سوماڵ و لە بنی لیستەکەدا ناوی عێراق هاتوە بە ٢٩ خاڵ.

| Iraq | |
|---|---|
| Cost of Living | 100 |
| Leisure & Culture | 20 |
| Economy | 10 |
| Environment | 32 |
| Freedom | 0 |
| Health | 20 |
| Infrastructure | 15 |
| Risk & Safety | 0 |
| Climate | 38 |
| **Final Score** | **29** |

بڕوانە ئازادی و پێوەری سەلامەتی لە عێراقدا سفرە، (بێ گومان لە هەرێمی کوردستان وا نییە)





# تووڕەبوون

***ئەو ئاگرەی خۆت هەڵی دەکەیت و خۆشت ئەتوانیت بیکوژێنیتەوە !***

***د.رێدار محمد امین / پسپۆڕی نەخۆشییە دەرونییەکان***

( من هەست ناکەم کورێکی تورە بم ، بەڵام هەندێك جار لەناکاو بۆ شتێکی کەم هەڵدەچم ، لەم کاتانەشدا رەنگە قسەی ناشیرین بکەم و هەڵسوکەوتی نارێك ئەنجام بدەم ! کاتێك بێ دەنگ دەبمەوە زۆر رقم لەخۆم دەبێتەوە ، چۆن من هەڵسوکەوتێکی وام ئەنجامداوە ؟)

( زۆر جار لە کارەکانم سەرنەکەوتم ، تورە دەبم ، وا هەست دەکەم من بەدبەختم ، کەس لەمن بەدبەختتر نییە !)

( لەخێزانی مندا کەس بە نەرم ونیانی قسە ناکات ، هەممویان هەر هاوار دەکەن ، زۆرجار لەسەر شتی زۆر بچوك لەیەکتر تورە دەبن ، قسەی نارێك بەیەکتر دەڵێن بۆ چەندین هەفتە ئاشت نابنەوە ).

( من زۆر لەدایك و باوکم تورە بووم . بۆیە ئەو ئۆتۆمبیلە بچکولەم شکاند کە دوێنێ بۆیان کریم !)

کاتێك منداڵ بووم ، باوکم هەمیشە هاواری بەسەرمدا دەکرد و هەندێك جاریش دارکاری دەکردم ، بەتایبەتی جارێك کەلە مەیخانە گەڕایەوە ئێمە زۆر ترساین ، تەنانەت دایکیشم لە ترسان ورتەی لەدەم دەرنەهات و زمانی خۆی گرت و بە بێدەنگی خواردنی لەبەردەم دانا ! بەڵام دایك و باوکم هەرگیز باسی ئەوەیان نەدەکرد هۆی تورەبونی باوکم چی بوو ؟

زۆر جار خەڵك گرفتی ئەوەیان هەیە کەوا نازانن چۆن مامەڵە لەگەڵ تورەبوندا بکەن ، لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین پەی بە نهێنییەکانی تورە بوون و پاشانیش چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزینەوە .

## چ کاتێك تورەبوون بەسودە ؟

تورەبون کاردانەوەیەکی سروشتییە بەرامبەر هەرەشەکردن ، هەست بریندار کردن ، یاخود دەستدرێژی کردن . تورەبوون بەشێکە لە ئێمە وەك مرۆڤ ، لەرێگەی تورە بونەوە ، وزە و تواناکانمان بەدیار دەکەون . هەندێکجار تووڕەبونی ئێمە وەك هاوڕێ وایە و یارمەتیمان دەدات بۆ مانەوە لەژیاندا ، ئەو هێزەمان پێ دەبەخشێت بۆ بەرنگاربونەوە یان راکردن لە شوێنی مەترسی ، تورە بوون لێناگەڕێ کەس لە ئاستی ئێمە کەم بکاتەوە . گاڵتەمان پێ بکات ، یان زوڵممان لێ بکات .

## *چ کاتێك تورەبوون زیان بەخشە ؟

رەنگە تورەبوون رەفتاری توندوتیژی و کاولکاری لێ بکەوێتەوە ، بۆیە پێویستە ئێمە لە تورەبوون بترسین ، جگە لەوەی تورەبوون بەردەوام چەندین زیانی جەستە ودەروونی لێ دەکەوێتەوە لەوانەش :

### یەکەم : زیانە جەستەییەکان :

أ- کاریگەری لەسەر کۆ ئەندامی هەرسکردن ( دڵە سۆژێ ، هەوکردنی گەدە ، وروژاندنی ریخۆڵە ) .

ب- کۆ ئەندامی سوڕی خوێن ( دەبێتە هۆی گیرانی خوێنبەرەکان ، ئەگەری توشبوون بە جەڵدە ) .

ج- بەرز بونەوەی فشاری خوێن ( بەتایبەتی لە شۆفێران ) .

د- جومگە و ماسولکەکان ( وەك هەوکردنی جومگەکان ) .

ه- نزمبونەوەی ئاستی بەرگری لەش ، ئەمەش دەبێتە هۆی توشبوون بە ئەنفلۆنزا و هەوکردنەکانی تر ، درەنگ چاکبونەوەی برینی نەشتەرگەری .

و- زیاتر هەستیار بوون بۆ ئازار و کەمتربەرگەگرتنی .

**دووەم : کاریگەرییە دەروونییەکان :**

خەمۆکی ( کاتێك تورەبوون ، کپ دەکرێت و دەرنابڕێت ) .

ئالودەبوون ( جگەرە ، ئەلکهول ، مادە هۆشبەرەکان )

ئەنجامدانی هەندێك کار ، کە حەزیان لێ ناکەیت ، بەڵام بەدەست خۆت نییە وەك نارێکی لەشێوازی خواردن ( کەم خواردن یان زۆر خواردن ) کارکردنی زۆر ، خۆخەریك کردن بەئەنجامدانی شتێك ، وەك خاوێنکردنەوەی ماڵ ، زیاد یان کەم ئەنجامدانی کاری سێکسی ، سێکسی ناوازە .

***هۆکارەکانی تورەبوون :**

هەروەك باسمان کرد تورەبوون بارێکی سروشتی مرۆڤە و هەندێکجار بەسودی مرۆڤەکە کۆتایی دێت ، بەڵام ئەگەر تورەبونەکە لە رادەی خۆی تێپەڕی یان بەرێگایەکی ناوازە گوزارشتی لێ کرا ، بێگومان دەبێتە حاڵەتێکی نائاسایی ، چەند فاکتەرێکی گرنگیش هەن بۆ تورەبوون وەك :

فێربوون و لاسایی کردنەوە : وەك کاتێك دایك و باوك لەماڵەوە گرفتەکانیان بەتورەبوون چارەسەر دەکەن ، ئەوا ئەم رەفتارە دەبێتە ستراتیژیەتی چارەسەری قەیرانەکان لای منداڵەکە .

فشاری رۆژانەی بەردەوام و دڵتەنگی .

ماندووبون و هیلاکی زۆر .

نەتوانینی دەربرینی ناخ وپەنگ خواردنەوەی لەناو سنگدا .

***لەکاتی تورەبوندا چی روودەدات ؟**

کاتێك یەکێك تورە دەکات ، تۆ هەست بەهەڵچونی جەستە و دەرون دەکەیت ، گلاندەکانت (رژێنەکانت ) خوێنت پڕ دەکەن لە هۆرمۆنی (ئەدرنیالین ) و ئامادەت دەکەن بۆ شەڕ یان راکردن ، لێدانی دڵت زیاد دەکات ، هەناسەت خێرا تر دەبێت . ماسولکەکانت گرژتر دەبن ، چاوەکانت زەق دەبنەوە ، هەست بە وروژاندن دەکەیت ، بەڵام کاتێك تورەبونەکەت دەربڕی ئەوا هەست بەخاوبونەوە دەکەیت ، ئەم دەربڕینەش ئەگەر بە رێگایەکی دروست بوو ، ئەوا بۆ تۆ باش و یارمەتیت دەدات جەستە و دەرونت هاوسەنگ بن و فێربن ، چۆن بەرەنگاری ناخۆشییەکانی ژیان ببنەوە ، بەڵام ئەگەر دەربڕینەکە بەشێوەیەکی نادروست بوو رەنگە دەرەنجامی ترسناکی لێ بکەوێتەوە ، زۆر جاریش مرۆڤ هەوڵ دەدات تورەبونەکانی بشارێتەوە و کپی بکات ! بەڵام ئەمە کارێکی خراپە ، چونکە وزەی ئەم کردارە بۆ شوێنێکی تر گوزەر دەکات رەنگە بەرەو ناخی خۆت ئاراستەت بکات و گرفتی جەستەیی و دەرونیت بۆ دروست بکات .

***چۆن دەزانیت کەوا تورە بویت ؟**

ئەم پرسارانەی خوارەوە لەخۆت دەکەیت و بۆهەر پرسیارێك وەڵامێکی ( بەڵێ ) نمرەیەك دادەنێیت .

١- خەڵك پێت دەڵێن هێمن بەرەوە .

٢- لە زۆربەی کاتەکاندا هەست بە گرژی و نارەحەتی دەکەیت .

٣- زۆر جار لەکاتی کارکردندا ئەو شتەی دەیڵێیت ئەوە نیە لەناو مێشکتدایە .

٤-دەست دەکەیت بە مەیخواردنەوەو جگەرە کێشان .

گرفتت هەیە لەناوچونە جێگا و خەوتندا .

وا هەست دەکەیت کەس لێت تێناگات یان کەس گوێت بۆ ناگرێت . هاورێکانت زۆر سەردانت ناکەن .

ئەوانەی خۆشت دەوێن پێت دەڵێن تۆ ئازاریان دەدەیت .

کاتێك دڵ تەنگیت ئەم دڵ تەنگییە بە سەیرکردنی TV و خوێندنەوەی کتێب و یان راکشان لەناو جێگا بەسەر دەبەیت .

ئەگەر هات و نمرەکان لە ( سفر - ٢) بوو ، ئەوا تورە بونەکەت کەمە و تەنها پێویستیت بە تەکنیکەکانی خاوکردنەوەوە هەیە ، بەڵام ئەگەر هات و نمرەکان لە نێوان( ٣-٥ ) بوو ئەوا تورەبونەکەت مام ناوەندیەو پێویستیت بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی فشار هەیە ، ئەگەر هات و نمرەکان لە (٦) بەرەو سەرەوە بوو ، ئەوا پێویستیت بە کۆنترۆڵکردنی تورەبون هەیە .

***ئەگەر من تورە بم لەکاتی تورەبووندا چی بکەم ؟**

ئەوەی گرنگە بیزانیت حاڵەتی تورەبوون تەنها (٥ ) خولەکە و هیچی تر ! ئەمیش بەهۆی بەرزبوونەوەی لەناکاوی رێژەی (ئەدرنیالین ) لەناو خوێندا ، کەواتە تا بکرێت ئەم (٥ ) خولەکە بوەستە و هێمن بە، یەکەم هەنگاو ئەوەیە دوو هەناسەی قوڵی یەك لەدوای یەك هەڵکێشیت ، یان هەناسەت رابگرە تا( ١٠ ) بژمێرە بەر لەوەی هیچ بڵێیت . لەهەنگاوی دووەمدا ، هەوڵبدە لەو شوێنە دووربکەویتەوە ، پێویستە ئەم پرسیارە لەخۆت بکەیت ، ئایا من ئەوەندە تورەم . کەوا توانای قسەکردنم نییە ؟

ئایا من ئەوەندە تورەم کەوا دەبێت شەڕ بکەم ، یان قسەو رەفتاری ناشیرین بکەم وەڵامی هەرکام لەمانە بەبەڵێ بوو ، ئەوا لەشوێنەکە دوور بکەوەرەوە بەکەسانی تر رابگەیەنە کەوا تۆ زۆر تورەیت و لەم کاتەدا قسەیان لەگەڵ ناکەیت . بڕۆ شوێنێك تیایدا تۆزێك هێمن ببیتەوە ، هەوڵبدە پەیوەندی بەکەسێکی خۆشەویستت بکەیت ، ئێستاکە (٥ ) خولەك تێ پەریوە و رێژەی (ئەدرنیالین ) دابەزیوە و تۆش هەست دەکەیت هێمن بویتەوە !

***ئایا ئەم هەنگاوانە چین بۆ هۆنەدانی تورەبوون لەداهاتوودا ؟**

هەموومان حەز دەکەین مرۆڤێکی هێمن بین و تەنها لەکاتی پێویستدا تورەبین ، هەندێك کەس سروشت و کەسایەتی خۆیان وایە هێمن و لەسەرخۆن ، بەڵام دەکرێت تۆش وەکو ئەوانت لێ بێت !

ئەمە کاری رۆژێك و دووان نیە ، پێویستی بەکارکردنە ، بەڵام هەرگیز نیە، ئەوانەی خوارەوە چەند ستراتیژییەکن بۆ خود کۆنترۆڵکردن و کەمکردنەوەی تورەیی :

تەکنیکەکانی خۆ خاوکردنەوە وەك یۆگا ، نوێژکردن ، خەڵوەت ... هتد .

مامەڵەکردنی ژیرانە : ئەمە کۆتایی دونیا نیە تورەبوون هیچ چارەسەر ناکات .

تەکنیکی چارەسەرکردنی گرفت ، سەیرکردنی گرفت لەچەند لایەنێکەوە .

تەکنیکی پەیوەندی کردن و دەربرین ، فێربوونی دەربرینی هێمنانە .

**گۆرینی ژینگەی دەوروبەر.**

لەکۆتاییدا پێویستە ئەمە بڵێین پێویست ناکات تۆ هەستی تورەبوون لەناختدا لەناو ببەیت ، بەڵام پێویست بەوە دەکات بتوانیت بەسەر تورەبونەکاندا زاڵبیت و بە ئارستەیەکی دروستی ببەیت بەجۆرێك نە ئازاری خۆت و نە ئازاری کەسانی تر بدەیت .

لەم بارەیەوە دوعایەکی بەناوبانگ هەیە دەڵێت ( خوایە ئازایەتیمان پێ ببەخشە تاکو ئەو شتە بگۆرین کە پێویستە بگۆرێت ، ئەو هێزەمان پێ ببەخشە کە بەرگەی ئەوە بگرین ناتوانین بیگۆرین ، ئەو حیکمەتەمان پێ ببەخشە کە جیاوازییەکان هەست پێ بکەین ) .

redar_moh@yahoo.com

# ڕۆڵی تێگەیشتنی هەڵە لە ئیسلام لە دواکەوتنی موسوڵماناندا

دكتۆر كريم أحمد




ئاشکرایە کە وڵاتە ئیسلامییەکان لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا دواکەوتوون ، لە بواری زانستی ، تەکنۆلۆژی ، ئابوری و تەنانەت ئیداری و سیاسیش ! بۆچی ئەم شتە وایەو هۆیەکەی بۆ چیی دەگەڕێتەوە؟ بۆ ئاینی ئیسلام و ڕێنماییەکانی، یا بۆ موسوڵمانان یا بۆ هۆکاری تری دەرەکی؟

ئەم بابەتە بۆ نزیکەی دوو سەدە دەچێت دەوروژێنرێت و توێژینەوەی لەسەر دەکرێت و قسەی جۆراوجۆری لەسەر کراوە ، کورتەکەی ئەوەیە کە عەلمانی و بێدینەکان هۆیەکانی دەدەنە پاڵ ئیسلام و ئایینزا موسوڵمانەکانیش بەشێك لە هۆیەکەی دەدەنە پاڵ دوورکەوتنەوەی موسوڵمانان لە ئاینەکەیان یا تێگەیشتنی هەڵە لە ئیسلام ، بەڵگەشیان جگە لە ڕێنماییەکانی ئیسلام کە هانی زانست و بیرکردنەوەو توێژینەوە دەدات بریتییە لە واقیع، ئەویش ئەوەیە کە ئیسلام لە سەرەتای هاتنیدا موسوڵمانانی پێشخست و لە میللەتێکی نەخوێندەواری دواکەوتووەوە کردنیە خاوەنی شارستانێتییەك کە بۆ ماوەی دوازدە سەدە لە پێشەوەی میللەتانی ترەوە بوون ، کەواتە لە ڕووی لۆژیکەوە ناگونجێت ئاینێك لە یەك کاتدا هۆی پێشکەوتن و دواکەوتنی شوێنکەوتووانی بێت ، بەڵکو دەبێت هۆکاری تر هەبێت بۆ دواکەوتنیان لەدەرەوەی ئاینەکە ، کە یەکێکیان بریتییە لە تێگەیشتنی هەڵە لە ئاین و پراکتیزەکردنی هەڵە بۆی.

لە میانەی ئەو شتانەی باسی دەکەین لەو دوو خاڵە (واتە تێگەیشتنی هەڵەو پراکتیزەکردنی هەڵە) بریتییە لە سەرهەڵدانی بیرۆکەی زوهد و دونیا نەویستی لە ناو موسوڵماناندا لە سەر دەستی زۆرێك لە ئەهلی تەصەوف . ئەو بیرۆکەیەی کە ڕۆحی هەوڵدان و کێبڕکێ کردنی کوشت لە ناو موسوڵماناندا و وای لێکردن بایەخ بە ژیان نەدەن و توانا مرۆییەکان بکوژن .

گومانی تێدا نییە کە ئەم هۆکارە (واتە تەصەوف) ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە پشت هەڵکردنی موسوڵمانان لە ژیان و لە ئەنجامیشدا دوا خستنیان ، بەڵام من دەمەوێت نموونەیەکی تر بێنمەوە لە تێگەیشتنی هەڵەو ڕۆڵی لە دواکەوتنی موسوڵمانان ، ئەویش ڕۆڵی پێشەوایانی ئاینییە، زۆرێك لەو پێشەوایانەی کە لەگەڵ ئەوەی خاوەنی ئاسۆیەکی زۆر تەسك بوون لە بیرکردنەوە قسەیان بیستراو بووە و خاوەنی دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی

گەورە بوون !

هەمووومان ڕێمان کەوتووە لەو مەلایانەی کە دەیانوت ئەوەی بڵێ مرۆڤ چووەتە سەرمانگ کافرە ، یا ئەوەی بڵێت زەوی خڕە کافرە ! یا ئەو مەلایانەی دەیانوت فێربوونی زمانی ئینگلیزی حەرامە چونکە زمانی کافرەکانە!

هۆی ئەم هەڵوێستە هەڵەیەی ئەو جۆرە پێشەوایانەش ئەوەیە کە ئاگایان لەو زانستانە نەبووەو شارەزاییان تێیاندا نەبووە، مرۆڤیش دوژمنی ئەو شتەیە کە نایزانێت ( الناس اعداء لما جهلوا).

لە هەفتاکاندا یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری ( الوعی الاسلامی) م خوێندەوە کە وەزارەتی ئەوقافی کوەیتی دەریدەکرد ، دوو بابەت زۆر سەرنجی ڕاکێشام ، یەکێکیان نامەیەک بوو پیاوێکی کوەیتی نیشتەجێی کەنەدا نووسیبووی ، تێیدا باسی خێزانێکی کەنەدی دەکرد کە دۆستایەتییان لە گەڵیاندا هەبووەو خەریک بووە موسوڵمان بن دوایی لەسەر فیلمێک کە لە ئەمریکا دروستکرابوو لەسەر ئیسلام پاشگەزبووبوونەوە ، دووەمیشیان بابەتێک بوو لەسەر ململانێی نێوان وەزیری پەروەردەو زانایانی ئاینی سعودی کە لە ساڵی ١٩٦٦ز ڕوویدابوو لەسەر زیادکردنی ماددەی فیزیاو کیمیا و هەندێک ماددەی زانستی تر بۆ سەر پەیڕەوو پرۆگرامی خوێندن ، وەزیر دەیوت دەبێ ئەو ماددانە بخوێنرێن و زانایانیش دەیانوت ئەوانە بیدعەن و نابێ بخوێنرێن ! تا لە دواییدا ڕای وەزیر پەسەند کرا لە لایەن دەوڵەتەوە. ئایا ئەگەر ئەم جۆرە زانایانە خاوەنی دەسەڵات بن لێدەگەڕێن موسوڵمانان پێشکەون؟

ڕەمەزانی ساڵی ١٤٣١ ی کۆچی لە عەمرە بووم ، لەمەدینە زانایەکی نابینا بە ناوی شێخ صالح حودەیسی( الحدیثي) هەموو ڕۆژێك دوای نوێژی بەیانی وانەیەکی دەوتەوە ، هەموو ڕۆژێك دەیوت ڕێگە نادەم کەس وێنەم بگرێت و گەردنی ئەو کەسە ئازاد ناکەم وێنەم بگرێت !

ئەوەی جێی داخ بوو زۆرجار پرسیار لەسەر دووشت چەندبارە دەکرایەوە : حوکمی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنە ئاینییەکان و وێنە گرتن، وەڵامەکەش یەکسەر بە حەرامە وەردەگیرایەوە ، کێشەکە تەنها لێرەدا نییە ، بەڵکو جارێکیان نەفەرێك پرسی : ئایا مامەڵە کردن بەکڕین و فرۆشتنی ئامێری وێنەگرتن حەرامە یا حەڵاڵە؟ شێخ لە وەڵامدا بێ سێ و دوو وتی حەرامە ! دیارە ئەم فەتوایەش لە سەر ڕۆشنایی فەرمودەیەکە کە دەدرێتە پاڵ پێغەمبەر کە فەرموویەتی " سەخترین سزا لە ڕۆژی قیامەتدا بۆ وێنە گرانە ، پێیان دەوترێت : ئادەی ئەو وێنانەی کێشاوتانە ڕۆحیان بەبەردا بکەن " ! بەڵێ زانایانی ڕواڵەتی بێ بیرکردنەوە لە ناوەڕۆکی ئەم فەرمودەیە کە تا چ ڕادەیەك گونجاوە لە گەڵ قورئان ورۆحی ئیسلام و بنەماکانیدا و تەنها لەسەر بناغەی ڕاستی سەنەدەکەی حوکمیان لە سەر ڕاستی ئەم فەرمودەیە داوە ! جاری با لەڕووی لۆژیکەوە بیری لێ بکەینەوە : ئایا سزای کەسێکی وێنەکێش کە باوەڕی بەخوا و کتێبەکانی خواو پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی و فریشتەکان هەبێت و نوێژبکات و ڕۆژوو بگرێت و زەکات بدات و حەج بکات لە سزای فیرعەون و هامان و ئەبو جەهل و ئەبو لەهەب زیاترە ؟ ئەمە یەك ، دووەم : دیارە کە ئەگەر کڕین و فرۆشتنی ئامێرێك حەرام بێت دروست کردنیشی حەرامە ، چونکە ئەو کاتە دەبێ پرسیارەکە وای لێبکرێت : ئایا دروستکردنی ئامێرێك کە وێنەی مرۆڤ و گیانلەبەرانی ڕۆح لەبەری پێ دەگیرێ حەرامە یا حەڵاڵە؟ ئاشکرایە کە وەڵامەکەی حەرامیە چونکە ئەگەر کڕین و فرۆشتنی حەرام بێت دەبێ دروستکردنیشی حەرام بێت. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە: ئەگەر زانایان بە گوێی ئەوجۆرە زانا ئاینییانەیان بکردایە ئامێری وێنە گرتنیان دروست دەکرد یان نا؟ ئاشکرایە کە وەڵامەکەی نەرێیە. ئەی ئەو کاتە مرۆڤایەتی بەم شێوەیە پێشدەکەوت ؟ بێگومان نەخێر، بۆچی؟ چونکە هەموو زانستەکان ، هەر لە گەردیلەوە تا فەلەك و ئەستێرە ناسی ، بە تێپەڕبوون بە زانستی پزیشکی و ئەندازیاری و جیۆلۆجی و فیزیاو کیمیا..... هتد، هەمووی پشتیان بە وێنەو ئامێری وێنەگرتن بەستووە ! نەك هەر ئەوەندە ، بەڵکو هەموو بوارەکانی ژیان لەسەر وێنەو ئامێری وێنەگرتن بەندن ، ناسنامەی کەسێتی و پاسپۆرت و مامەڵەی دامەزراندن وهتد هەموو پشت بە وێنە دەبەستن ، بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوان و تاوانباران پشت بە وێنە دەبەسترێت ، دەزگا خێرخوازەکان پشت بە وێنە دەبەستن بۆ سەلماندنی کارەکانیان.

هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن پشت بە وێنە دەبەستن ، بە کورتی هەموو بوارەکانی ژیان ئێستا پشت بە وێنە دەبەستن ، جا پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە : ئایا دەگونجێت ئاینێك کە خوا بە دوا ئاین ناردوویەتی بۆ مرۆڤایەتی شتێك قەدەغە بکات لەسەر مرۆڤ کە ڕۆژێك لە ڕۆژان هەموو بوارەکانی ژیان پشتی پێ ببەستن و ببێتە یەکێك لە پێویستییەکانی ژیان ؟

لەهەمووش سەیرتر ئەوەیە کە هەر ئەوانەی کە وێنەی فۆتۆگرافی بە حەرام دەزانن وێنەی ڤیدیۆیی بە حەڵاڵ دەزانن ، واتە گرتنی وێنەیەك



لە چرکەیەکدا حەرامە بەڵام گرتنی ٢٨وێنە لە یەك چرکەدا حەڵاڵە !
هۆی ئەم هەڵوێستەی ئەم جۆرە زانایانە چییە؟ ئاشکرایە کە هۆیەکەی بەهەڵە تێگەیشتنە لە ڕۆحی ئیسلام و چەقبەستنە لەسەر هەندێك لێکدانەوە کە زانایانی کۆن لە سەردەمێکدا کردوویانە کە وێنە ئەو ڕۆڵەی نەبووە لە ژیانی مرۆڤدا ، بەڵام ئایا ئێستا کە وێنە بۆتە بەشێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤایەتی دەکرێ لە سەر هەمان ئەو تێگەیشتنەی ئەو زانا کۆنانە بەردەوام بین؟

ئەم زانایە ڕاستی ئەو بۆ چوونەم دەسەلمێنێت کە ئەو زانا ئاینییانە گرنگی ئەو زانستانەیان نەزانیوە بۆیە دژی وەستاون ، ئەم زانایە نابینا بوو ، واتە لە ژیانیدا وێنەی نەبینیوە ، کەواتە ناتوانێت بە گوێرەی پێویست گرنگی وێنە بزانێت لە ژیانی مرۆڤایەتیدا و ڕەنگە لە خۆیەوە بڕوانێت کە بەبێ بینین ژیانی لەبەر دەڕوات و کێشەیەکی ئەوتۆی نییە .

دەبوایە زانایانی پێشوو پێش سەرهەڵدانی تەکنۆلۆژیاو شۆڕشی زانستی هەر بە ناوەڕۆکی فەرمودەکەدا بیانزانیبایە کە ناکرێ ئەو فەرمودەیە ڕاست بێت چونکە یەکەم پێچەوانەی قورئانە چونکە قورئان حەرامی نەکردووە بەڵکو دەفەرموێت یەکێك لە پێغەمبەران کە حەزرەتی سولەیمانە کەسانێکی تایبەتی هەبوون وێنەیان بۆ دەکێشا ، کەواتە چۆن دەبێت شتێك ئەوەندە گوناهێکی گەورە بێت و ئەوانەی ئەنجامی دەدەن سزاکەیان لە سزای هەموو خەڵکی قورستر بێت خوا لەوەبەر حەرامی نەکردبێت ؟ نەك هەر ئەوەندە بەڵکو پیشەی یەکێك لە پێغەمبەران بێت؟

پاشان ئەمە شێواندنی پلەبەندییە لە ئیسلامدا چونکە وەکو دەزانین خواناسی و یەکتاپەرستی گەورەترین پلەی هەیە لە ئاینداو خوا لە هەموو گوناهێك خۆش دەبێت شەریك وهاوتا بڕیاردان نەبێت بۆ خوا ، دوای ئەوە باوەڕ نەبوون بە ڕۆژی دوایی و پێغەمبەران و ئینجا ئەنجامنەدانی کۆڵەکەکانی ئیسلام لە نوێژو ڕۆژوو و زەکات و حەج و پاشان ئەو شتانەی قورئان حەرامی کردوون لە پیاو کوژی و مەشروب خواردن و زینا کردن و دزی کردن و ستەم کردن لە خەڵکی و ئینجا ئاداب و ئەخلاقی ناپەسەند و مامەڵەی خراپ لەگەڵ خەڵکیدا و هتد کە ئەمانە هەموو گوناهی گەورەن ، جا چۆن دەگونجێت سزای کەسێك کە هەموو ئەمانەی تێدا نەبێت لە سزای ئەو کەسانە گەورەتر بێت کە یەکێك یا زیاتر لەم سیفەتانەی تێدا بێت؟

کەواتە دەبوایە بەم شتە لۆژیکییانەو بەوەی کە ئەم دەقە لە گەڵ قورئاندا یەك ناگرێتەوە زانایان بیانوتایە ئەم فەرمودەیە ناگونجێ ڕاست بێت . بەڵام بەهەر حاڵ ئەگەر زانایانی کۆن بایەخی وێنەیان نەزانیوە لە سەردەمی خۆیاندا و وێنە بەلایانەوە تەنها نیگارکێشانی دەستی و داتاشین و ئەو شتانە بوایە کە گرنگییەکی ئەوتۆیان نەبووە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا و ئەو فەرمودەیانە لەسەر ڕواڵەتەکەی وەرگرتووە خۆ دەبوایە زانایانی سەردەم لە بەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییەی کە ئێستا پێی گەیشتووین کە بڕبڕەی پشتی هەموو زانستەکان و چالاکیە مرۆییەکان وێنەو ئامێری وێنە گرتنە ، لێکدانەوەیەکی تری لۆژیکانەتریان بۆ ئەو فەرموودەیە بکردایەو لەسەر ڕواڵەتەکەی نەوەستانایە و چەقیان نەبەستایە لەسەر لێکدانەوەی زانا کۆنەکان . ئەوکاتە نە خۆیان توشی ئەو دژەیەکییە دەبوون و نەئیسلامیان تووشی ئەو ئیحراجییە دەکرد.



# ڕۆڵ و کاریگەری پەروەردە لە ژیانی تاك و کۆمەڵدا

غازی حمەئەمین

بێگومان پەروەردە کارو چالاکییەکی کۆمەڵایەتی مەبەستدارە ، بابەتەکانی لەو کۆمەڵگایەوە سەرچاوە دەگرێت کە تیایدا دەژی ، لە بیرو باوەڕو خەڵك و کەلتورو هێزەکانی فشارو سەرجەم کارتێکەران ، دیارە پرۆسەی پەروەردەش لەگەڵ مرۆڤدا ڕێ دەکات هەر لەلەدایك بوونیەوە تا مردن ، بۆیە گرنگترین وەزیفەی ( ئامادەکردن و پێگەیاندنی ئینسانە ) بۆ ژیان و کار دەکات لەسەر ئەوەی کە چۆن ڕۆڵی ئیجابی و خۆ گونجاندنی پێویست و کارای لەگەڵ کۆمەڵگاکەیدا ببێت بە ڕادەیەك ، تاك کاریگەری دیاری لەسەر کۆمەڵگاکەی هەبێت و هەم کۆمەڵگاکەشی کاریگەری لەسەر ئەم هەبێت واتە ( يؤثر فيهم ويتأثر بهم )…..

دیارە پرۆسەی پەروەردەش بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت و مەبەستی خۆی بپێکێت ، واتە حاڵەتی ( تأثير تأثر) ڕەنگدانەوەی هەبێت لە فکرو هەست و سۆزو چالاکی و ئاکاری مرۆڤەکاندا ، پێویستە لە چوار چێوەی کۆمەڵێك دەزگای جیاوازو جۆراو جۆردا مومارەسە بکرێت و ئەو دەزگا جیاوازانەش کاری سەرپەرشتی و ڕێکخستنی پەیوەندی مرۆڤەکان بە یەکترەوە بسازێنن .مەودای پەروەردەش - مادام مرۆڤ تێیدا مەبەست و چەقی گۆڕانکارییەکەیە - دیارە زۆر شمولی و هەمە لایەنەیە ، وەك پەروەردەی ئیسلامی ، پەروەردەی زانستی ، پەروەردەی سەربازی ، پەروەردەی ئەمنی ، پەروەردەی وەرزشی …….. هتد .

هەر لایەنەو بۆ خۆی خاوەنی قوتابخانەو بەرنامەو ڕێچکەی تایبەت بەخۆیی و قۆناغبەندی و مەنهەجی پەروەردەیی تایبەتی هەیە ، بەڵام هەموویان تەواو کەری یەکترن و مرۆڤەکان پێویستیان بە هەموویان هەیە هەر لایەنەو کەسی بە ئاست و پێویستی خۆی ، بۆیە دەبێت دەوڵەت و دەزگاو ڕێکخراوەکانی زۆر بە ووردی و مەسئولانە مامەڵە لەگەڵ هەموو جۆرە بەش و لایەنەکانی پەروەردەدا بکەن ، تا لە ئەنجامدا مرۆڤ گەلێکی بە ( استقامەو متوازن ) دەربچن و شان خوار نەبن ، بۆ نموونە گەر وردتر بیهێنینە بەرچاوی خۆمان و باشتر لە دیدی بگرین گەر کەسێك یان کەسانێك تەنها کورت هەڵهاتبن لە پەروەردەی ئیسلامیدا — مەبەستم تەنها فکرو ئاکارو ڕەوشتە — وبێ بەش بن لە پەروەردەی زانستی و ئەمنی و دەروونی و وەرزشی …. هتد — بێگومان ئەمانە کەسانێکی کامڵ نابن و ناتوانن لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بڕۆن و کۆمەڵگا بەرەو پێشکەوتن و بنیات نانی شارستانیەت بەرن و عەقڵ و تواناو داهێنانی کۆمەڵگا پەرە پێ بدەن !، هەروەها کورت هەڵهاتن لە تەنها پەروەردەی زانستیدا هەمان گرفت و کێشە دەخوڵقێنێت ، ئەوانەی کە خاوەنی بڕوانامەی زانستی و ئەکادیمین و دوورن لە پەروەردەی ئیسلامی و ئەمنی و وەرزشی و ….. هتد ، دەبینین زانست و بڕوانامەکەیان تەنها بۆ خزمەتی خۆیان و لە بەرژەوەندی نەفس و گیرفان و پۆست و خۆ هەڵکێشان بەسەر خەڵکدا بەکار دەهێنن و هەندێ جار بگرە زانستەکەیان بۆ دروست کردنی جۆرەها چەکی ترسناك و تەکنەلۆژیای ئەتۆمی وێرانکارە !!

ئەوەتا وەك دەبینین بە دەرکردنی چەندەها یاساو عقوبات و دەستەی چاودێری و نەزاهەت دەیان شێوازی لێپرسینەوە هێشتا ناتوانرێت دام و

دەزگاکانی دەوڵەت و ڕێکخراوەکان دوور بخرێنەوە لە گەندەڵی و کاری نا مەسئولانە ! خۆ لەڕووی زانستی و بروانامەوە زۆربەی فەرمانبەران و بەرپرسان گرفتیان نیە ! هەروەها تەنها گرنگی دان بە بواری ئەمنی – جا ئەمنی تاکە کەسەکان بێت یان ئەمنی دام و دەزگاکان مرۆڤەکان دەکاتە جاسوس لەسەر یەکترو خۆ ژیاندن لەسەر ڕاپۆرتی درۆو چاڵ هەڵکەندن بۆ یەکترو پاشان گرفت دروست کردن بۆ سەرجەمی دەوڵەت و دام و دەزگاکانی و لە ئەنجامدا سەرجەم بوارەکانی تری پەروەردە پەك دەخرێن و کۆمەڵگایەکی نەزۆك و ماندوو لێوان لێو لە گومان بەرهەم دێت ! هەروەك چۆن گوێ نەدان بە پەروەردەی ئەمنی بەگشتی ، کۆمەڵگایەکی بێ ئاگاو کەسانی بێ هیمەت و سادەو ساویلکە پەیدا دەکات ! بەرادەیەك هەر دەوڵەت و ڕێکخراوێکی دژ بە بەرژەوەندییەکانی نیشتمان زۆر بە ئاسانی دەتوانن گەرای خۆیان دابکەن و لە جیاتی پارێزگاری و دیفاع کردن لە ئەمنی نیشتمانی و نەتەوەیی ، بۆخۆیان دەبنە خەتەرێك لەسەر ئەمنیەت و بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەیان !! .

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەشەکانی پەروەردە هەموویان بۆ هەموو تاکەکان زۆر گرنگن و بە هیچ جۆرێك و لەژێر هیچ بیانوو پاساوێکدا نابێت لێك جیا بکرێنەوە و پەراوێز بخرێن . بۆیە چۆن پێویستمان بە زانست و زانیاری و بروانامەی زانستی هەیە، پێویستە هەڵگرانی ئەو بروانامانە مەشق و ڕاهێنانیان پێ بکرێت و ئاراستە بکرێن بۆ مارەسە کردنی جۆرەها وەرزش و زەمینە سازی بۆ وەعی وەرزشی ، هەر ئەم تاکانەی کۆمەڵگا بۆ ئەوەی دڵسۆز بن لە کارەکانیانداو تەواوی ووردەکاری و پەرەپێدان بە لێزانی و بەرهەمیان بدەن ، دەبێت خواناس بن و پەروەردە بکرێن لەسەر نوێژو ڕۆژو حەج و زەکات و تێکۆشان و ڕەوشتە بەرزەکانی ئیسلام، چونکە تاکی موسڵمان پێش ئەوەی لە سزای یاسایی لە دونیادا بترسێت ،پێش ئەوەی لە دەسەڵاتی چاودێری دارایی و ئیداری دەوڵەت بترسێت لە (دەسەڵاتی خودایی) و ڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوەی خودایی دەترسێت ! تاکی موسڵمان گەندەڵی و نادڵسۆزی بۆ خاك و نیشتیمان و بەد ڕەوشتی بە تاوان دەزانێ و خۆی بەدوور دەگرێت لێیان ، نەك هەر ئەوەش بەڵکو دەستەوسانی و کات بەفیڕۆ دان و بێ بەرهەمی و ڕێ نەگرتن لە خراپەو (إمعة ) بوون واتە بەدوای خەڵك کەوتن لە شتی بێ جێدا ! بەکاری ناپەسەندو مایە پوچ بۆ دنیاو دوا ڕۆژ حیساب دەکات .

کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە :

١- پەروەردە مرۆڤەکان سەنتەر دەکات ، چونکە هەردوو پێکهاتەی مرۆڤ ( جەستەو ڕۆح ، ماددی و مەعنەوی ) بە ( توازن ) ڕادەگرێ و هیچ لایەکیان لەسەر حیسابی ئەوی تر فەرامۆش ناکات .بۆیە مرۆڤی پەروەردە کراو بە کەڵکی دونیاو دین دێت ، بە کەڵکی خۆیی و خەڵك دێت ، کەسێکی سەر ڕاست و بەوەفاو پشوو درێژو هەمیشە حەزی بە شەفافیەتە لە ژیانداو گەندەڵی ناتوانێت چرۆ بکات لە دڵ و هزریدا . !! .

٢- دەبێ هەمیشە کەسانی پسپۆڕو بەهیمەت و پەروەردەکراوو نمونەیی لەم بوارەدا کاربکەن تا کاریگەری باشیان هەبێت !

٣- گەر بمانەوێت پرۆسەی پەروەردە سەرکەوتووبێت دەبێت بودجەی باش و شوێنی گونجاوی بۆ تەرخان بکرێت لە هۆڵ و خێوەتگاو خزمەتگوزارییەکان .

٤- پێویستە زەمینە بسازێنرێت بۆ ئەو کەس و کۆمەڵانەی دەتەوێ داخڵی پرۆسەی پەروەردەییان بکەیت تا نەشونمای ئیجابی لەو ژینگەو زەمینەدا بکەن لەوانە ئامادەکردنی حاڵەتی فکری و دەروونی تاکەکان ، دروست کردنی متمانە بە مامۆستاو مەنهەجی پەروەردەیی ، کەم کردنەوەی کاریگەری شەپۆلە دژەکان دروست کردنی پەیوەندی عاطفی و خۆشەویستی لەنێوان مامۆستاو تاکەکاندا ... هتد .

بۆیە لە کۆتایی ئەم ئەڵقەیەدا دەڵێم : گەر پەروەردەی زانستی گرێ درا بەبوارەکانی تری پەروەردەوە، پاشان پەروەردەی ئیسلامی کرا بە کالآی بالآیان بۆ هەر تاکێك ! بێگومان تاك و کۆمەڵگایەکی بەختەوەر دروست دەبێت و ئەو کاتە تام و چێژی خۆشی ژیان و برایەتی و یەك ڕیزی کۆمەڵگا بەدەر دەکەوێ و ئەوکات .. تەنها ئەوکات ! دەبینە ( كنتم خير أمة أخرجت للناس تأمرون بالمعروف وتنهون عن المنكر وتؤمنون بالله ) .



بەشی دووەم
د.ئەحمەد وەرتی



# توانای بڕیاردان بەهرەیەکی بنەڕەتییە لە ژیاندا

## چەمك و قۆناغەکانی دروستکردنی بڕیاری زیرەکانە

بڕیاری زیرەکانە ئەو بڕیارەیە بە کەمترین زیان زۆرترین دەسکەوت دێنێتەدی، لە گەڵ ئەوەشا لە ئاست بڕیارەکەدا هەست بە دڵخۆشی و متمانە بەخود دەکەیت و کۆمەڵێك ئەنجامی ماددی و مەعنەوی باشتریشی لێدەکەوێتەوە .

**بڕیاری زیرەکانە پێویستە ئەم خاڵانە لەخۆ بگرێت:**

١- دەبێ بڕیاری زیرەکانە سەرەتا بە باشی و بە وردی ئەو گرفت و کێشەیە کە دەخوازرێ چارەسەربکرێت دیاری بکات بە شێوەیەك دەستنیشانی ئەوە بکرێت کە پێویستە ببێت و ئەوەیش کە ئێستا بوونی هەیە بە وردی حیسابی بۆبکرێت .

٢- بڕیاری زیرەکانە دەبێ ئەو ئامانجانە بێنێتە دی کە دەخوازرێت بەهۆی بڕیارەکەوە تەحقیق ببن.

٣- پێویستە خاوەن بڕیارەکە لەو زیندانە فیکرییەی تیایدا دەژیت دەربچێت ، ئەمەش بە دۆزینەوەی چارەسەری نوێ کە پێشتر باو نەبوون و خۆی داهێنانی نوێ لەو بوارەدا بێنێتە ئاراوە .

٤- هەڵسەنگاندنی جێگرەو(بدائل)ەکان لە روانگەی ئامانجەکانەوە ، یەکێکی ترە لەو خاڵانەی پێویستە لە بڕیاری زیرەکانەدا بێتەدی ، تەنانەت ئەگەر پێویست بکات تەوفیق و هەماهەنگییەك لە نێوانیاندا بێتە ئەنجامدان ، وێڕای ئەمە ، دەبێ ترسناکی بڕیارەکە و سیناریۆکانی ئەگەرەکان لە بەرچاو بگیرێت ، جگە لە تاوتوێکردنی رادەی توانای جێبەجێکردنی بڕیارەکە لەلایەن خاوەن بڕیارەوە .

٥- بڕیاری زیرەکانە دەبێ حیساب بۆ ئاکام و دەرهاوێشتەکانی ئەو بڕیارە و بڕیارەکانی تری داهاتووی پەیوەندیدار Linked Decisions یش بکات.

٦- بڕیاری زیرەکانە پشت دەبەستێ بەهۆشیاری بڕیاردەر بەو ئەگەر یان ئاکام یان رەهەندو داوە سایکۆلۆژییەی کەرەنگە بەشێوەیەکی دوور لەویستی خۆی (لاإرادی)تێی بکەوێت.

بەم شێوەیە شەش قۆناغەکە

ریزبەند دەکەین :
دەستنیشانکردنی کێشەکە ، دیاری کردنی ئامانجەکان،دروستکردنی بەدیلەکان ،هەڵسەنگاندنی بەدیلەکان ، بڕیارەکانی داهاتووی پەیوەندیدار، هۆشیاری بە ئەگەرە سایکۆلۆژییە نائیرادییەکان .

**قۆناغی یەکەم : قۆناغی دەستنیشانکردنی کێشەکە**

دەستنیشانکردنی کێشەکە بە شێوەیەکی دروست و ساغڵەم زەرورییە بۆ ئەوەی بتوانرێت بڕیارێك بۆ کێشە راستەقینەکە بدرێت نەك بۆکێشەیەکی ساکار یان گریمانەیی، کەوابوو سەرەتا ئەبێ ئەوشتە ببێت کە گەرەکە بوونی هەبێت بۆئەوەی جیاوازی نێوان ئەو شتە بزانیت کە هەنووکە لە سەر زەمینی واقیع بوونی هەیە و لە نێوان ئەوەی پێویستە بێتەدی، بۆنموونە ئێمە ناتوانین هەست بە بۆنی ناخۆش بکەین ئەگەر نەزانین بۆنی خۆش چۆنە.

جاوەختێك هەستمان بە کێشەکە کردو ناسیمان، ئەوەمان لێ تێکناچێت کەچ شتێك بە فیعلی واقیعە و چیش پێویستە لە مەودوا ببێت ئەمەش لە میانی پێنج پرسیاری : چی و کەی و لە کوێ وبۆچی وتا چ مەودا یەك؟ لە دەستنیشانکردنی کێشەکەدا دەکرێ بگەینە دیاریکردنی ئەو هۆکارانەی ئەگەریان هەیە یاخود ئەوانەی زۆرترین ئەگەریان هەیە ، لێرەشدا پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان ئەو کێشەیەی بە رووکەش دەردەکەوێت و لە نێوان کێشە راستەقینەکەدا ، هەروەها پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان راو بۆچوونەکان و راستییەکاندا لە کاتی سەیرکردنی کێشەکە و تاوتوێکردنیدا .

دەبێ ئەوەش بزانین کە گرفت و کێشەیەك کە بە باشی دەستنیشان دەکرێت و دەدۆزرێتەوە ، بە نیوەی چارەسەر دێتە ژمار.

**قۆناغی دووەم: قۆناغی دیاریکردنی ئامانجەکان لەچارەسەرکردنی کێشەکە**

کاتێك کێشەکە بە شێوەیەکی دروست دەستنیشانکرا ، پەلە مەکە لە بڕیارداندا ، بەڵکو لە سەری بووەستە و بە قووڵی بیر لەو ئامانجانە بکەرەوە کە دەتەوێت لەو بڕیارەدا بیانهێنیتەدی کە دەری دەکەیت.

کەوابوو ئامانجەکان بناغەی هەڵسەنگاندنی چارەسەرەکانن و دەتوانین بڵێین پێوەری بڕیارەکەن، واتە ئەو بناغەیەی چارەسەرە تەرحکراوەکانی لەسەر هەڵدەسەنگێنرێت ، ئەوەش دیارە کە ئامانج پەیوەندی بەو کەسەوە هەیە کە گرنگی پێئەدات ، لەو روانگەوە ئەتوانین بڵێین ئامانج یان ئامانجەکان ، مەسەلەیەکی کەسییە ، چونکە هەندێ کەس گرنگی بە سەروەت و سامان و هەندێکی تر بایەخ بە پەیوەندی باش لە نێوان خەڵکدا دەدەن ، هەروەها...

دیاریکردنی ئەو ئامانجانەی دەتەوێت بەدی بێن ، یارمەتیت ئەدات لە سەر دیاریکردنی ئەو زانیارییانەی دەتەوێت کۆیان بکەیتەوە، هەروەك یارمەتیدەریشە بۆتوانابوونی زیاترت لە سەر راڤەکردنی هۆکارەکانی ئەو بڕیارەی داوتە بۆ خەڵکی تر گەر راڤەی هۆکارەکانت لێ داواکرا.

هەندێ ئامانج هەیە پێویستن و هەندێکی تر خوازراون ، هەندێك ئامانج کۆتایین و هەندێکی تر هەنووکەیین ، دەبێ لێرەدا ئەوە بزانین کە ئەگەر بارودۆخی دەرەکی بە شێوەیەکی جەوهەری گۆڕانی بەسەردا نەیەت ، ئەوا چوارچێوەی ئەو ئامانجانەی کەسەکە دیارییان دەکات ، بە زۆری وەك خۆیان و بۆماوەیەکی درێژ خایەن دەمێننەوە ، بە شێوەیەك ئەو ئامانجانە دەبنە چوارچێوەی فیکری و مەرجەع بۆهەموو بڕیارەکانی دواتر ، بۆیە لێرەدا پێویستمان بە دیاریکردنی ئەولەویەت هەیە لە ئامانجەکان و چۆنیەتی بڕیارداندا .

**قۆناغی سێیەم : قۆناغی دروستکردنی جێگرەوەکان**

مەرج نییە ئەوەی ئێمە ئەیزانین و لە سەری راهاتووین هەر ئەوە دروست بێت لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانمان ، جا بۆئەوەی بتوانین بڕیارێکی زیرەکانە بدەین، دەبێ لە زیندانی بیرکردنەوەی کلاسیکی دەربچین بەرەو ئاسۆکانی بیرکردنەوەی نوێی داهێنەرانە ، کەوابوو پێویستمان بەوە هەیە خۆمان لە چەقبەستوویی و چارەسەرە تەقلیدییە باوەکان رزگار بکەین و بە دوای چارەسەری نوێ و جێگرەوە(بەدیل)ی تازەدا بگەڕێین کە پێشتر باو نەبوون، نابێ خۆت بکەیتە دیلی هەندێ کۆت و بەند لەچارەسەرکردنی کێشەکەدا، ڕازی مەبە بەهەندێ وەڵامی باوو هەندێ چوارچێوە و قاڵبی دیاریکراو کەخۆت بە سەر خۆتدا دەسەپێنی ، یاخود کەسانی تر بە سەرتدا ئەیسەپێنن ، لە هەڵسەنگاندنی چارەسەرەکاندا پەلە مەکە پێش ئەوەی کۆیان بکەیتەوە و لێکدانەوەیان بۆ بکەیت ، لە هەمان کاتدا هەموو شتێکی خەڵکی تر و هەر شتێکی تازەش بە سانایی و کت و مت رەت مەکەوە و بیریان لێ بکەرەوە و پاشان بڕیار بدە .

بیرکردنەوەی داهێنەرانە ، واتە بە کارهێنانی ئەقڵ و ویژدانت لە تەك مەنتق و واقیع دا، لە دۆزینەوەی چارەسەرە بەدیلەکاندا راوێژ بە خەڵکی پسپۆڕوشارەزا و دڵسۆزبکە گەرچی روانین و بۆچوونیشیان لە تۆ جیاواز بێت .

بـە کورتی بە دوای هەموو رێگەچارە و چارەسەرێکی نوێدا بگەڕێ تا دەگەیتە قەناعەت بەوەی ئەو چارەسەرە تەواو دروستە بۆ کێشەکە. (ماوەیەتی)

*ئەندامی پەرلەمانی کوردستان



# واقعی پەرەپێدان لە تێڕوانینی هزری ئیسلامیەوە

– پەروەردەی ئیسلامی بەندە بە شێوازێکی تەواو لەئاراستەو ڕێنمایی کە ڕێگا بۆ مرۆڤایەتی دەکێشێت و کورت دەبێتەوە لە بڕوابوون یان دەکرێت بڵێین لە ڕوی پەروەردەییەوە بە پابەندی بە چاودێری خودی هەڵقولاو لەلایەنی بیروباوەڕ کە کارەکانی مرۆڤ پەیوەست دەکات بە فەلسەفەی پاداشت و سزاوە کە شتێکە یاسا دەستکردەکان کۆڵن تێیداچونکەتەنها پابەندن بە چاودێری دەرەکییەوە.

– پەیوەندی نێوان ڕێبازی پەروەردەیی و ڕێبازی جێنشینی ئەم پەیوەست بوونە جەوهەری تێڕوانینی شارستانییە لە دیدی ئیسلامیەوە ( وعد الله الذين امنوا منكم و عملوا الصالحات ليستخلفنهم في الارض ) ( واذ قال ربك للملائكة اني جاعل في الارض خليفة ) هاوسەنگی و تەواوی لە نێوان لایەنی بیرو باوەڕ و لایەنی ماددی و دەرونی و گیانیدا (وابتغ فيما اتاك الله الدار الاخرة ولا تنس نصيبك من الدنيا واحسن كما احسن الله اليك ولا تبغ الفساد في الارض ان الله لا يحب المفسدين )

– هەڵەیە گەر وای دابنێین کە پەرەپێدان تەنها پرۆسەیەکی ئابورییە

وکورتی کەینەوە لە پلەکانی کاکردن و بێ ئاگا لە ئاماژەکانی پێشکەوتن و دواکەوتن کە بەندە بەو بەهایانەی کە ئاراستەی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی رێك دەخات . قسەکردن سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی ئایندە لەمیانەی دوو دەیەی تەواودا قسەکردن بووە لەسەر پەرەپێدانێکی ئاوێتە کە هەموو کۆمەڵگا و پێکهاتەکانی دەگرێتەوە ( لە رووی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابوری ) یەوە.

– ئەوانەی کە باسی پەرەپێدان دەکەن هەمویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە پرۆسەیەکی فراوانترە لەوەی کورتی کەینەوە لە پرۆسەیەکی ئابوریدا ، هەر بۆیە چاودێری ئاماژەکانی پێشکەوتن دەکەن لە کەرتە جۆراوجۆرەکاندا نەك تەنها لە کەرتی ئابوریدا .

لێرەدا دەڵێن ئەرکی پەروەردەی ئیسلامی دانابرێت لەم تێڕوانینە گشتگیرە بۆ پەرەپێدان بەشێوەیەك کورت ناهێنێت لە بینای رەفتاری تاکدا بە ئەندازەی ئەوەی رێنمایی و پەروەردەی هەموو وزە کارەکان دەکات لە مەیدانی پەرەپێداندا ، جا ئەوانە ئەندازیاران بن یان تەکنیك کار، یان راگەیاندنکار ... هتد .

رەوشتی ئابوری لە رۆژئاوادا لەسەر بنەمایەکی عەقڵ گەرایی سود دامەزراوە ، دڵسۆزی لەکار و وەفا بەوادەو بەڵێن و فێڵ نەکردن و رەفتار و هەڵسوکەوتی جوان.

ئیدارە رەچاوی نەفەوتانی کرپارو(زبون) دەکات ، **ئادەم سمیس بیرمەندی لیبراڵی لە کتێبی سامانی نەتەوەکاندا دەڵێت : کاری گۆشت فرۆش و نانەوا سودەکەی بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە ، ئێمە لەگەڵ لایەنی مرۆڤایەتیاندا نادوێین بەڵکو لەگەڵ خۆپەرستیاندا دەدوێین ، ئێمە سەبارەت بە پێداویستیەکانمان لەگەڵیاندا نادوێین بەڵکو سەبارەت بە بەرژەوەندیەکانیان دەدوێین .**

ئەم جۆرە شیکردنەوەیە بەڵگەیە لەسەر پەیوەست بونی رووت بە بەرژەوەندیەکانەوە ، ئەمەو میکانیزمیش دەگۆڕێت بە پێی گۆڕانی رێژەی بەدیهێنانی بەرژەوەندیە مادیە هەنوکەییەکان . ئەمەشە هەڵچون و زێدەڕۆیی بەرژەوەندییە ناوکیەکانی رۆژئاوا شرۆڤە دەکات ، دەبینین هەڵسوکەوتەکان بەندن بە فەلسەفەیەکی پەروەردەیی کە پشت بە رێچکەی سود دەبەستێت ، ئەمەش بەجوانی رون دەبێتەوە لە کاتێکدا کارەکان بەند بێت بە مافی مرۆڤ یان گفتوگۆیی شارستانی یان تێڕوانین بۆ جیهانی ئایندە ، بۆیە دەبینین بەها هەمەجۆرەکانی هەموو گەلان ئامادەییان نییە لەهەر پرۆژەیەکی گۆڕانکاری و چەمك و ناوەڕۆکی زاراوە جێگیرەکانی شارستانیش یەکناگرنەوە وەك مافی مرۆڤ ، دادپەروەری کۆمەڵایەتی ، ئاشتی ، گفتوگۆکردن ، تەنها بەو شێوەیەی بەرژەوەندی رۆژئاوا دەیەوێت گەر لەسەر حسابی چەمکی شارستانی مرۆڤایەتیش بێت ئەمەش دانابرێت لە فەلسەفەی پەروەردەییان هەروەك ئاماژەمان پێدا .

– فەلسەفەی پەروەردەی ئیسلامی دامەزراوە لەسەر پەیوەندی لایەنی بیروباوەڕ کە چاودێری خودی فەراهەم دێنێت و، رێبازی جێنشینی کە فەلسەفەی پاداشت و سزا بەهەند وەردەگرێت وەك ئاراستەکەرێکی بنەڕەتی هەروەها رێبازی هاوسەنگی کە گونجاندن دروست دەکات لەگەڵ پێکهاتەکانی مرۆڤدا .

بۆمان دەردەکەوێت رەوشتەکانی پەرەپێدان لە پرۆژەی ئیسلامیدا گەورەترو دورترە لە بەدیهێنانی بەرژەوەندی خودی کەسی ، بۆیە بیروباوەڕ و چاودێری پەروەردگار و رێبازی خواناسین بەمەرج دادەنرێت بۆ هەر کارێکی ئابوری یان کۆمەڵایەتی یان مرۆیی ، سود و زیانیش دەپێورێت بە ئەندازەی بەدەمەوە چوون بۆ فەرمانی خوای گەورە نەك بەرژەوەندییە خودییەکان ، بەخوێندنەوەیەکی سادەو خێرا بۆ چەند نمونەیەکی بانگەوازکردن لە قورئانی پیرۆزدا دەبینین چۆن عەقیدەی ئیسلامی بەکارهێنراوە بۆ چاکسازی و رووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی لە باری ئابوری و کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی گشتیدا ، بۆ نمونە پێغەمبەر شوعەیب ( علیە سلام ) چاکسازی لەگەندەڵی ئابوریدا کردووە ، پێغەمبەر (لوط ) چاکسازی لە گەندەڵی رەوشتی و کۆمەڵایەتی ، پێغەمبەر موسا ( علیە سلام ) چاکسازی لە گەندەڵی سیاسیدا کردووە ، هەر یەك لەمانە بیروباوەڕی یەکتاپەرستیان کردۆتە دەروازە بۆ چاکسازیکردن.

لە میانەی ئەم نمونانەوە بە روونی دەردەکەوێت کە پەرەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و مرۆیی پەیوەندیەکی توندی هەیە بە فەلسەفەی پەروەردەیی باوەوە .

دەتوانین کاریگەری ئەرێنی پەروەردە لەسەر بەها ئیسلامیەکان هەست پێبکەین لە بوارەکانی پەرەپێدانی هاوچەرخدا .

**بە کورتی پەروەردە کردن لەسەر بەها ئیسلامیەکان فەلسەفەیکی گشتییە کاری شارستانی مرۆڤایەتی ئاراستە دەکات ، بۆ گونجاندن لە نێوان پێداویستیەکانی ژیانی مادی و ئامانج و مەبەستە باڵاکان کە خۆی لە جێنشینی و ئاوەدانکردنەوەی سەر زەوی دەگرێتەوە ، ئەگەر پەرەپێدان لە بنەڕەتدا لەسەر رەگەزی مرۆیی بەند بێت ، ئەوا راهێنان و پێکهێنانی بە بەرنامەیەکی پەروەردەییدا گوزەر دەکات کە پەروەردەکردن بێت لەسەر بەهاو بەرەپێدانی تواناکان .**

سەرکردەی هاوچەرخ

ئومێد مستەفا



# سەرکردە چۆن لە گەڵ خەڵك هەڵسوکەوت دەکات ؟

بەشێکی گرنگ و پڕ بایەخ لە پرۆسەی بەڕێوەبردن و کاری سەرکردە بەستراوە بە چۆنیەتی مامەڵە و هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ ئەو خەڵکەی کە لە دەوروبەری سەرکردەدان، بە مانای هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ کەسانی هاوشێوەی خۆی و سەرۆکەکان و شوێنکەوتوانی و کەسانی تر .

بەلام زۆرێك هەن گرنگی و بایەخێکی ئەوتۆ بەو پرسە نادەن کە شایەنی بێت، لە کاتێکدا سەرکردایەتی کردن خۆی لە خۆیدا بریتییە لە هونەری بەڕێوەبردنی جەماوەرو ئاراستەکردنیان رووەو ئامانجێکی دیاریکراو،هەڵبەتە دیارە بەڕێوەبردنی خەڵکیش پەیوەستە بە جۆری مامەڵەکردن لە گەڵیان بە شێوازێك کە قەناعەتیان پێ بهێنێت لەسەر هاوکاری کردنی سەرکردە و رۆیشتن بەدوای ئەودا بەرەو یەك ئامانج .

( بیلفرشتاین ) لەم بوارە دا دەڵێت:
( زۆرێك لە پیاوانی کارگێری وا گومان دەبەن کە پەیوەندییە مرۆییەکان بەشێکە لە کتێبی ڕێکخستنی کار، لەم رووەوە ئەمانە بە هەڵەداچوونە، چونکە پەیوەندییە مرۆییەکان بریتین لە هەموو کتێبەکە نەك تەنها بەشێکی).

هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ جەماوەریش پێویستی بە شارەزایی جیاواز و جۆراو جۆر هیە بە جۆرێك مرۆڤ بەبێ ئەم شارەزایی بوونە ناتوانێت پەرە بە خۆی بدات یاخود خەڵکی بە دەوری خۆیدا کۆبکاتەوە ، چونکە توێژینەوەکانی زانستی هاوچەرخ دەری دەخەن کە سەرکەوتنی مرۆڤ لە سەرکردایەتی کردن بەستراوە بە هەبوونی توانا لەسەر شارەزایی و کارامەیی لە هەڵسوکەوتکردندا، بە چەشنێك لە ٨٥٪ی سەرکەوتن لە سەرکردایەتی کردن دەگەڕێتەوە بۆ بوونی شارەزایی مامەڵەکردن لەگەڵ جەماوەردا، ئەوا بە پێی هەڵوێست و کەسی بەرامبەر بە کاریان دەهێنێت.

شارەزایی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ خەڵکیدا خۆی لە چوار جۆری دەنوێنێت، ئەوانیش بریتین لە ( تێگەیشتن و بەیەك گەیشتن ، کارتێکردن، هاندان، دامەزراندنی پەیوەندییەکان)، جا لەمەودا لەرێی چەند ئاڵقەیەکەوە ئەوە کارامەیی و شارەزاییانە دەخەینە ڕوو، بۆیە لێرەدا باس لە کارامەیی یەکەم دەکەین ئەویش بریتیە لە (تێگەیشتن و بەیەك گەیشتن ) بۆ هاتنەدی تێگەیشتن و بەیەك گەیشتن پێویستە یەکەمجار گوێ لەو شتانە بگرین کە خەڵکی دەیڵێن و باسی دەکەن لێرەدا مەبەستمان گوێگرتنی حەقیقییە کە بیرکردنەوە و لێ وردبونەوەی لە گەڵدایە لەوەی کە وتە بێژەکە دەیڵێت، چونکە گوێ نەگرتن ئەرکێکی زۆر دەخاتە سەر مرۆڤ بەڵکو ڕەنگە سەریشی لەسەر دابنێ و بەیەکجاری تیابچێت ، هەروەکو ئاشکرایە یەکێك لە هۆکارەکانی تێکشکاندنی کەشتی ئاسمانی چالنجەر نەبوونی توانا بوو لەسەر گوێ گرتن

دووەمجار پێویستە هەست بە هەست و سۆزی خەڵکی و ئەوەی لە ناو دڵیاندا هەیە بکەین، بۆیە سەرکردە بەردەوام پێویستی بە دیاری کردنی مەودایەکی دەروونی هەیە کە نێوانی خۆیی و خەڵکی لە یەکتر جیا بکاتەوە، ئەوەش بە دەستنیشان کردنی ئەو گرفت و ئاریشانەی کە تاك بە دەستییەوە دەناڵێنێت و پاشان هەوڵدانێکی جیددی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ خودی گرفتەکە ، جا لێرەدا جوانترین نموونە لەسەر ئەم پرسە دەهێنینەوە ئەویش خۆی لەم هەڵوێستە دەبینێتەوە:

یەکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) لەگەڵ کوڕێکیدا ئامادەی حەلەقەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەبوو، ئەو هاوەڵە کوڕەکەی زۆر زۆر خۆش دەویست جا ئەو کوڕەی وەفاتی کرد، ئەو هاوەڵەش خۆی گرتەوە لە کۆڕی پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) بەهۆی خەفەتی بۆ کوڕەکەی، ئینجا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ونی کردبوو لە کۆری خۆی پرسیاری کرد و پاشان دڵ نەوایی کرد و فەرمووی: ئەی فلان کەس کامیان لەلای تۆ باشتر و خۆشترە لەزەت لە تەمەنی کوڕەکەت یان سبەی بڕۆیتە هەر دەرگایەکی بەهەشت کوڕەکەت پێشت کەوتبێ و بیبینی دەرگاکەت بۆ بکاتەوە:
جا کابرا فەرموی ئەی پێغەمبەری خوا بەڵکو پێشم کەوێت بۆ دەرگای بەهەشت و بۆم بکاتەوە ئەوەم لەلا خۆشترە، جا پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) فەرموی ئەوە بۆ تۆ .

وقد ورد في الاثر ( أكثر من الاذن للناس عليك ، وابرز لهم وجهك، وسكن لهم حواسك)

زۆر گوێ گری خەڵك بە لەوەش کە دژتە، خۆشییان بۆ دەرخە هێوریان کەرەوە بە هەستەکانت .

هەروەها سێیەمجار لەسەر سەرکردە پێویستە لە دەروونی مرۆڤ تێ بگات ، لەبەر ئەوەی سەرکردەی کارا و ئەکتیڤ ئەو سەرکردەیە کە توانای پێشبینی کردنی ئەو شتانەی هەیە کە لە دەوری دەروونەکان دەسورێتەوە دواییش مامەڵە کردنییەتی لەگەڵ هەرکەسێك بەوەی کە لەگەڵی دەگونجێت و شایەنێتی بەڵێ ئەوە پێغەمبەری خوایە (صلی الله علیه وسلم) کاتێك گوێی لەدەنگی گریانی منداڵێك بوو، نوێژەکەی کورت کردەوە ئەمەش وەکو ڕێزێك لە هەست و سۆزی دایکەکەی و سەرجەمی نوێژکەران.



و: ئەمیر ئەحمەد عەبدولقادر
amirkoy@yahoo.com

# دە پلان بۆ ئاسانکاری کار و باری دارایی و پاراستنی پارەکەت

## پلانی یەکەم:

خێر و چاکەکاری هەروەك پێغەمبەری سەروەرمان ( درودی خوای لە سەر بێت ) دەفەرموێت ( مانقص مال من صدقة بل تنیدە بل تنیدە بل تنیدە) واتە ( ماڵ و دارایی بە خێر و چاکەکاری کەم ناکات بەڵکو زیاد دەکات بەڵکو زیاددەکات بەڵکو زیاددەکات) ئەمەش بەدیاری کردنی مانگانە، واتە دیاری کردنی(٥٪ ) ی مووچەکەت بۆ یەکێك لە خزمە کەم دەرامەتەکانت و ، مانگانە بۆی بنێریت، ئەگەر خزم و کەسی نزیکیشت نە بوو بۆ یەکێك لە ڕێکخراوە خێرخوازیەکانی بنێرە، دواتر کاریگەری و فەری خوایی بە ماڵ و داراییەکەوە دەبینیت بە پشتیوانی خودا، چونکە خێرکردن زۆر قەزاوقەدەری بە ئازارت لەسەر لادەدات ، کەدەبێتە هۆی خەرج کردنی بە شێکی زۆر لە ماڵ و داراییەکەت ، وەکو نەخۆشی بوونی خۆت یاخود خانەوادەکەت، هەروەك پێغەمبەری سەروەرمان ( درودی خوای لە سەر بێت ) دەفەرموێت ( داوا مرضاکم بالصدقة) واتە ( چارەسەری نە خۆشەکانتان بە خێر و چاکەکاری بکەن).

## پلانی دووەم:

خۆت لە قەرزداری ڕزگاربکە هەروەك پێغەمبەری سەروەرمان ( درودی خوای لە سەر بێت ) دەفەرموێت ( أعوذ بالله من غلبة الدین وقهر الرجال)، واتە( خودایە پەنادەگرم بە تۆ لە قەرزداری ) ، بۆیە پێویستە وا لە قەرز ڕابکەی وەك ڕاکردن لە شێر...لەگەڵ خۆت دابنیشەو گفتوگۆبکەو قەرزەکانت سەرژمێربکە و بیانووسە لە تۆمارێکی تایبەتدا، هەرکاتێك پارەیەکت لا پەیدا بوو بیدەوە بە خاوەنە کانی و دوای مەخە، ئەگەر قەرزداری هەروا ئاسان بوایە ئەوا خودای کاربەجێ لە شەهید خۆش دەبوو، هەروەك پێغەمبەری سەروەرمان ( درودی خوای لە سەر بێت ) دەفەرموێت ( یغفر للشهید کل ذنوبه الا الدین ) واتە ( خودا لە هەموو تاوانەکانی شەهید خۆش دەبێت تەنها قەرز نە بێت ).

## پلانی سێیەم:

پاشەکەوت کردنی نیوەی موچە و داهاتەکەت لە بانك، تۆمارێك بۆ خۆت بکەوە و هەموو مانگێك (٥٠٪) یاخود (٤٠٪) ی موچەکەتی تێبکە، ئەگەر ئەم ڕێژەیەت نەتوانی ئەوا بە پلە بەندی لە

(١٠٪) دواتر (١٥٪) لە شەش مانگی یەکەم دواتر لە (٢٠٪) بەو شێوەیە تاوەکو دەگەیتە ئامانجەکەت کە ئەویش پاشەکەوت کردنی نیوەی مووچەکەتە.

## پلانی چوارەم:

ئەگەر حەزت لە شتێك بوو بیکڕیت ئەوا هەفتەیەك یان مانگێك دوای بخە چونکە حەزو ئارەزووی مرۆڤ وەکو منداڵ وایە کە داوای شتێکی کرد دەیەوێت ڕاستەو خۆ دەستی بکەوێت، بەڵام ئەگەر کڕینەکەیت بۆ ماوەی هە فتەیەك یا مانگێك دواخست ئەوا دەبینیت حەزو ئارەزوەکەی کەم بۆتەوە یاخود بەتەواوەتی نەماوە.

## پلانی پێنجەم:

دانانی خەرجیەکی دیاری کراو بۆ هاوسەرەکەت چونکە ئەگەر بە کراوەیی لێبگەڕێیت ئەوا هەموو ماڵ و داراییەکەت خەرج دەکات و تۆش هەستی پێناکەیت.... بڕێکی مانگانەی دیاری کراوی پێبدە کەبەشی پێداویستیەکانی بکات، هەروەها تێشی بگەیەنە ،کە ئەوە مووچەکەیەتی بەشی جل و بەرگ و دیاری و خێر و.... پێبکات، هەروەها فێری پاشەکەوت کردنی ئابوریانەی بکە....ئەگەر مانگێك داوای زیادەی لێکردی تێیبگەیەنە کە ئامادەی ، بەڵام لە مووچەی مانگی داهاتووی دەبڕیت، ئەگەر زیادەی بدەیتێ لەو مانگە.....لەگەڵ تێپەڕینی کات ئاوا تۆ ئاسوودە دەبیت لەو هەموو داراییە دووبارە بوانەی، هەروەها ئەویش ئاسوودە دەبیت لە داواکاریەکانی لە تۆ لە هەموو بۆنەیەکدا....بەڵام لە یادت نەچێت لە مانگی ڕەمەزاندا خەرجی بۆ زیاد بکە، هەروەها لەیادت نەچێت لەگەڵ زیاد بوونی بەردەوامی مووچەکەتدا تۆش بەهەمان ڕێژە خەرجی بۆ ئەو زیاد بکە، هەروەك پێغەمبەری سەرورمان ( درودی خوای لە سەر بێت ) دەفەرموێت (خیرکم خیرکم لأهله) واتە ( باشترین کەستان ئەوکەسەیە کە لە گەڵ خێزانەکەیدا باش بێت).

## پلانی شەشەم:

لە خانوێکدا بژی گونجاوبێت لە گەڵ مووچەکەتدا خانووی گەورە تێچوونی زیاترە و زەویەکەی گرانترە و دروستکردنیشی پارەی زیاتری تێدەچێت، کاتێکیش تێیدا نیشتە جێ دەبیت، پارەی کارەبای زیاتری دەوێت و پێوویستی بە پاك و خاوێن ڕاگرتنی زیاتر دەکات، ئەمانەش هەمووی لە مووچەکەی تۆ کەم دەبێتەوە و دەتکات بە بەندەی ئەو خەرجیانە.

## پلانی حەوتەم:

هەوڵی کڕینی ئۆتۆمۆبێلی نوێ مەدە... چونکە بەتەنها هاتنە دەرەوەی ئۆتۆمۆبیل لە پێشانگادا١٠ ٪ ی نرخەکەی دادەبەزێت . هەروەها بەبەکارهێنانی بۆ ماوەی دووساڵ لە ٣٠٪ بۆ ٤٠٪ ی نرخەکەی دادە بەزێت. ئەو هەموو پارەیەی کە لە نرخەکەی دادەبەزێت لە مووچەکەی تۆ کەم دەبێتەوە ئەگەر بە نوێیی بیکڕیت... کەواتە ئۆتۆمۆبێلێکی وا بکڕە کە مۆدیلێك یاخود دوو مۆدیل بەسەردا تێپەڕیوە،ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆر لە پارەکەت کۆبکەیتەوە کە دەبوا بیدەیتە خاوەن پێشانگاکە.

بۆیە ئاگاداربە تێڕوانینی خەڵك فریوت نەدات کاتێك مووچەکەت لە نیوەی مانگدا کۆتایی دێت، بەڵام خاوەنی ئۆتۆمۆبێلێکی نوێی؟!

## پلانی هەشتەم:

تەنها بەلیستی شت کڕینەوە نەبێت نەچی بۆ بازاڕ و سۆپەرمارکێتەکان شوێنی زۆر هەیە بۆ بەسەر بردنی کاتەکانت لەگەڵ خێزانەکەتدا، بەڵام بازاڕ یەکێك نیە لەو شوێنانە...بەتایبەت ئەگەر هاتوو تۆ یەکێك بیت لەو کەسانەی کە مووچەکەی ناگاتە نیوەی مانگ و تەواو دەبێت....بۆیە وا لە هاوسەرەکەت بکە هەمیشە لیستێکی کڕینی شتومەکت بۆ ئامادەبکات کاتێك دەچیت بۆ بازاڕ، بەڵام لێی لامەدە، هەروەها بەرەنگاری ئارەزووەکانت بەرەوە بە کڕینی هەرشتێك کە لە لیستەکەدا نیە، چوونکە کۆمپانیاکان بەر بەرەکانی یەکتر دەکەن لە دانانی شتومەکەکانیان لە ڕەفتەکانی پێشەوەی دوکانەکانیان، ئەمەش بۆ سەرنج ڕاکێشان و هەڵخەڵەتاندنی ئەو کڕیارانەی بەبێ لیستی شت کڕین دێن بۆ بازاڕ.

بۆیە ژیر بە و ڕێگایان پێمەدە بەشداریت بکەن لەڕۆزی منداڵەکانتدا.

## پلانی نۆیەم:

هیچ شتێك مەکڕە بەپارەی کاش نەبێت دوور بکەوە لە دۆزەخی شت کڕین بە قست و قەرز، چوونکە ئەوە خەڵکانێکی زۆری لە ناو بردووە و ئێمەش بەرە و ئەو ڕێگایە هەنگاو دەنێین... پڕووپاگەندەکانیان هەڵت نەفریوێنن بە ڕاگەیاندنە فریودەرەکانیان...ئەگەر بڕیاری کڕینی شتێکتدا ئەوا وا خۆت ڕابهێنە تاکو پارەکەی تەواو نەکەیت نەی کڕیت....هەروەها مەبە بە نێچیرێکی ئاسان بۆ خاوەن کۆمپانیاکانی پشك و بەشکاری.

## پلانی دەیەم:

سەرچاوەیەکی تری دارایی بۆخۆت پەیدا بکە بەدوای کارێکی ئێواران یاخود کارێکی سەربەست بگەڕێ کە ببێتە پاڵ پشت بۆ مووچەی مانگانەکەت...بەڵام خۆت لە موغامەرەی بازرگانی ناژمێرداری بپارێزە ، وەکو پشك و وەبەرهێنانی ئەو کۆمپانیانەی لە بازاڕدا قازانجی لە ڕادەبەدەر دابەش دەکەن بەڵام هەموویان دەبنە هۆی لەناوبردنی داهاتەکەت.

لە کۆتاییدا هیوادارم ئەو پلانە دیاری کراوانەی خستمە ڕوو ببنە هۆکارێك بۆ پاراستنی ماڵ و دارایی هەر کەسێك کە بیەوێت ماڵ و دارایی خۆی ڕێك بخات و لە ناو چوون بپارێزێت.

عبدالقهار بلباس
qahar1980@gmail.com

# سەرکردایەتی لە چیرۆکی پێغەمبەر سولەیمان و هودهود



ئێمە ئێستا لە نزیك سوپایەكی گەورە وەستاوین ، سوپایەك پێكهاتوو لە مرۆڤ و جنۆكە و گیانەوەر و باڵندەكان ، بێگومان ئەمەش سوپای پێغەمبەر ( سولەیمان ) ە ( سەلامی خوای لێ بێت ) ، گەورەی پاشاكانی سەر زەوی ، پەروەردگاری باڵا دەست وەڵامی ئەم پێغەمبەرەی دایەوە كاتێك داوای كرد: (( ... ربِّ اغفرلي وهب لي ملكاً لا ينبغي لَاحدٍ من بعدي...)) واتە: پەروەردگارا لێم خۆش ببە و دەسەڵاتێكم پێ ببەخشە كە دەست نەدات بۆ كەسی تر لە دوای خۆم.

جا خوای گەورە شتانێكی بۆ فەراهەم هێنا كە لەمەو پێش و تا دونیا ماوە بە كەسی تری نەداوە. بەم شێوەیە سولەیمانی كوڕی داود ( سەلامی خوایان لێ بێت ) بوو بە پێغەمبەر و پاشا لەسەر نەوەی ئیسرائیل ، سەردەمی ئەویش بوو بە چاخی زێڕینی نەوەی ئیسرائیل.

دەبینین پێغەمبەر سولەیمان (سەلامی خوای لێ بێت) سوپا بەسەر دەكاتەوە بە چاوی سەركردەیەكی شارەزا بە هەموو ورد و درشتی سوپاكەی ، بەڵام لە ناكاو پێغەمبەر سولەیمان (سەلامی خوای لێ بێت) تووڕە دەبێت، تووڕە بوونێكی لە ڕادە بەدەر، بێگومان هەستی كرد ”هود هود“ دیار نیە ، هەستی كرد ئەم باڵندە بچووكە لە نێوان ئەو هەزارەها دروستكراوەی خوا بەرچاو ناكەوێت.

هەستی بە ونبوونی كرد ، لەبەر ئەوەی سەركردەی كارامە دەزانێ چۆن سوپاكەی ڕێكدەخات، دەزانێ چۆن ئاڕاستە و چاودێریان دەكات. بەڵام هۆی تووڕەبوونەكەی دەرچوونی سەربازێكە بەبێ مۆڵەتی ئەو، بێگومان هۆكاری شكستی هەر سوپایەكیش پابەند نەبوونە بە فەرمانی سەركردەكەیان، یاخود هەڵسوكەوت كردنە بە گوێرەی حەزەكانی خۆیان. پێغەمبەر سولەیمان (سەلامی خوای لێ بێت ) سوور بوو لەسەر سزادانی ئەم سەربازە یاخی بووە بە سزایەكی توند كە لەوانەیە بگات بە ئاستی لەدار دان بۆ ئەوەی ببێتە پەند بۆ ئەوانی تر، لەمەو دوا سەربازەكان زیاتر پابەند بن بە فەرمانەكانی سەركردەیان و سوپاكەش بە یەكگرتوویی بمێنێتەوە. ئەگەرێكی تر ئەوەیە كە ئەم سەربازە پاساوێكی وا بەهێزی لابێت ڕزگاری بكات لەم سزا سەختە.

چاوەڕوانی پێغەمبەر سولەیمان (سەلامی خوای لێ بێت ) زۆری نەخایاند، تا ”هود هود“ دەركەوت و لە نزیكی ئەو وەستا و گوتی: شتێكم زانیوە كە تۆ نایزانی، هەواڵێكی دروستم هێناوە لە شانشینی سبأ – سەیركە (هود هود) چۆن لەگەڵ گەورەترین پاشای سەر زەوی دەدوێت!

بێ ئەوەی خۆی بە بچووك بێتە بەر چاو ، ئەمەش جوانترین شێوازی كاركردنە كە پێویستە سەركردە خۆی پێ بڕازێنێتەوە لە كاتی هەڵسوكەوتی لەگەڵ شوێنكەوتووانی ، پێویستە ڕێز و خۆشەویستی خۆی لە دڵیان بچێنێت، بەڵام بەبێ ترساندن و بچووك سەیركردن – هود هود بەردەوام بوو لەسەر باسەكەی و گوتی: من بینیم ئافرەتێك دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوای ئەم گەلەیە كە خوای گەورە هێز و سامانێكی گەورەی پێ بەخشیوە و زۆر شتی بۆ فەراهەم كردووە ، هەروەها كورسیەكی زۆر گەورەی هەیە كە لەسەری دادەنیشێت بۆ فەرمانڕەوایی كردن هەمووی بە خشڵ و زێڕچنراوە، ئەوان ڕۆژ دەپەرستن ، شەیتان سەری لێ شێواندوون و كڕنووش بردن بۆ ڕۆژی لە لا ڕازاندونەتەوە كە بە هۆیەوە وازیان لە پەرستنی خوای گەورە هێناوە.

با كەمێك لێرە هەڵوەستە بكەین.. ئایا چی هانی ”هود هود“یدا كە لە وڵاتی شام

بچێت بۆ یەمەن؟! ئایا ئەو کارە گرنگە چی بوو کە وای لە "هود هود" کرد بەبێ مۆڵەتی پێغەمبەر سولەیمان دەرچێت لەگەڵ ئەوەش دەیزانی کە سزاکەی مردنە؟! ئەی چی وای لێ کرد کە بە هەموو متمانەیەکەوە لەگەڵ پێغەمبەر سولەیمان لەسەر شانشینی ( سبأ ) بدوێت؟!

ئەوەی کە هانی "هود هود"یدا ئەم ماوە دوور و درێژەی نێوان فەلەستین بۆ یەمەن ببڕێت بریتیە لە: گیانی دەستپێشخەری و دۆزینەوەی ڕۆڵێکی گونجاوە بۆخۆی. "هود هود" بەوە ڕازی نەبوو کە تەنها سەربازێکی ئاسایی بێت لە سوپاکەی پێغەمبەر سولەیمان (سەلامی خوای لێ بێت ) بە تایبەت کە ئەو سوپایە جنۆکە و شەیتانەکان و مرۆڤ و ئاژەڵیش لەخۆ دەگرێت ، جا لە نێو ئەم هەموو دروستکراوەی خوای گەورە دەبێت جێگای "هود هود" کوێ بێت..!! بێگومان هێزی ئەو ناگات بە یەك بەش لە سەد بەشی هێزی ئەوانی تر.

بۆیە گیانی "دەستپێشخەری" هانیدا بۆ ئەوەی بگەڕێت بە دوای "ڕۆڵێك" ی گرنگ کە شایستەی بێت و لە هەمان کاتدا توانای جێبەجێکردنیشی هەبێت بە تەواوی.

بابێینە سەر کارە گرنگەکەی شانشینی ( سبأ ).. بێگومان سەربازانی پێغەمبەر سولەیمان (سەلامی خوای لێ بێت ) بە تەواوی لایان ڕوون بوو کە ئامانجی پێغەمبەر سولەیمان چیە لەسەر زەوی ، بێگومان ئامانجی ئەو بلاو کردنەوەی ئایینی یەکتاپەرستی و بەرزکردنەوەی ناوی خودایە ، هەروەها لەناو بردنی هەر شتێك کە جگە لە خودا بپەرسترێت.

ئەو "ئامانج ڕوونیە" کار ئاسانیەکی تەواو بوو بۆ سەربازەکانی کە هەر یەکە و ڕۆلی گونجاو بۆ خۆی هەڵبژێرێت. بۆ نموونە دروستکردنی چەك و پێداویستیەکانی جەنگ تایبەت بوو بە جنۆکە، ئەرکی ڕوو بە ڕوو بوونەوەی دوژمنانی خودا لە ئەستۆی مرۆڤەکان بوو ، بەڵام "هود هود" بینی کە ئەو ڕۆڵەی گونجاوە بۆ ئەو بریتیە لە: گەڕان بەدوای دوژمن و ئاگادار کردنەوەی پێغەمبەر سولەیمان لێیان.

هەروەها ئەو ئامانج ڕوونیە بوو کە وای لە "هود هود" کرد بەو پەڕی متمانەوە گفتوگۆ لەگەڵ پێغەمبەر سولەیمان بکات و بە بێ ئەوەی گوێ بە سزا یاخود مەرگ بدات ، لەبەر ئەوە دەیزانی کە ئەو کارەی پێی هەڵساوە یارمەتی پێغەمبەر سولەیمان دەدات لەسەر گەیشتن بە ئامانجەکانی بۆیە سزای نادات.

با بگەڕێینەوە لای پێغەمبەر سولەیمان (سەلامی خوای لێ بێت ) ،با بزانین بە چ کارێك هەڵسا؟ بێگومان بەو پەڕی لێزانیەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بارودۆخەکە کرد ، کە ئەمەش لێزانی سەرکردەیەکە شیاوی ئەوەیە خوای گەورە دەسەلاتێکی پێ ببەخشێت کە لەمەو پێش نەیداوە بە کەس و لە داهاتووش نادرێت بە کەسی تر.

پێغەمبەر سولەیمان (سەلامی خوای لێ بێت ) پەلەی نەکرد لە ئامادەکردنی سوپا ، لەگەڵ ئەوەش دەیتوانی بە چاو تروکانێك شانشینی ( سبأ ) سەروژێر بکات. بەڵکو لە سەرەتا ویستی دڵنیا بێت لە ڕاستی ئەو هەواڵانەی کە لە لایەن ئەم سەربازەوە بۆی هاتووە ، بۆیە فەرمانیدا کە ئەم سەربازە نامەیەکی ئەو بگەیەنێتە شاژنی ئەوێ ، پاشان بگەڕێتەوە و لە نوێترین ڕووداو و گۆڕانکاریەکان ئاگاداری بکاتەوە.

ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکە بەردەوامبوو،تا لە کۆتاییدا شاژنی ( سبأ ) بە بێ جەنگ موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند و بەدوای ئەویش گەلەکەی بە هەمان شێوە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێك بکرێت ، کە هەندێکی تایبەتن بە پێغەمبەر سولەیمان (سەلامی خوای لێ بێت ) ، وە هەندێکی تری تایبەتە بە "هود هود.

**جا ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە پێغەمبەر سولەیمان (سەلامی خوای لێ بێت ) ئەمانەن:**

١- زانینی پێغەمبەر سولەیمان (سەلامی خوای لێ بێت ) بە هەموو ورد و درشتی سوپاکەی ، هەروەها وردبینی لە ڕێکخستن و دابەشکردنی. ئەمەش بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت لە بە ئاگا بوونی دیارنەمانی "هود هود" لەگەڵ ئەوەی کە باڵندەیەکی بچووکە.

٢- بەسەر کردنەوەی سوپا بە شێوەیەکی ورد تا لە ئامادەبوونی دڵنیا بێت ، بەڵگەش لەسەر ئەمە کۆکردنەوەی سوپا و گەڕان بەناویدا بۆ ئەوەی بزانێت هەموو سەربازەکان ئامادەن یاخود نا.

٣- سوور بوونی پێغەمبەر سولەیمان (سەلامی خوای لێ بێت ) لەسەر پابەند بوونی سوپاکەی بە فەرمانەکانی ئەو ، وە گرنگی دان بە مۆڵەت وەرگرتن لە سەرکردە پێش ئەنجامدانی هەر کارێك. بۆیە کاتێك هەستی کرد "هود هود" دیار نەماوە تووڕە بوو لەسەر ئەوەی بەبێ مۆڵەت یاخود بە بێ فەرمانی ئەو ڕۆشتووە.

٤- گوێ گرتن لە تاوانبار بەر لەوەی هیچ سزایەکی بەسەر بسەپێنێت. هەروەك چۆن گوێی لە وتەکانی "هود هود" گرت تا بە تەواوی هۆکاری دیارنەمانی بۆ ڕوون بکاتەوە.

٥- دڵنیا بوون لە دروستی هەواڵ بەر لەوەی هەر بڕیارێکی چارەنووساز دەر بکات. هەر بۆیەش نامەیەکی لە ڕێگەی "هود هود" بۆ شاژنی ( سبأ ) نارد تا لە ڕووداوەکان ئاگادار بێت.

٦- ئامانج ڕوونی پێغەمبەر سولەیمان (سەلامی خوای لێ بێت ) بۆ شوێنکەوتووانی. لەبەر ئەمەش بوو کە "هود هود" هەڵسا بە ئەنجامدانی وەها کارێك ئەویش گەڕان بە دوای خەڵکانێك کە خودا ناپەرستن چونکە دەیزانی ئامانجی پێغەمبەر سولەیمان بریتیە لە چەسپاندنی یەکتاپەرستی خوای گەورە.

**بەڵام ئەوەی تایبەت بێت بە "هود هود" ئەم دوو خاڵەن:**

١- گیانی دەستپێشخەری.. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە بێ ئەوەی کەسێك داوای لێ بکات خۆی هەڵسا بە کارێکی لەم شێوەیە.

٢- گەڕان بە دوای ڕۆڵ.. واتە ئەم باڵندە بچووکە ویستی لە ناو ئەو سوپا زەبەلاحە ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێت بۆیە کاری گەڕانی خستە ئەستۆی خۆی کە ئەمەش بۆ ئەو باشتر بوو لەوەی جەنگاوەرێکی ئاسایی بێت لە سوپاکەی پێغەمبەر سولەیمان (سەلامی خوای لێ بێت).

ئەمە گرنگترین ئەو خاڵانە بوون کە لە چیرۆکی پێغەمبەر سولەیمان (سەلامی خوای لێ بێت ) فێری بووین ، بە پێویستم زانی بۆ ئێوەی خۆشەویست ڕوونی بکەمەوە ، جا ئەگەر چاکم گوتبێت ئەوا لە خوداوەیە، وە ئەگەر خراپم گوتبێت ئەوا لە خۆم و شەیتانەوە بووە.

سەرچاوە: لە ئینتەرنێت وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی.



# ویست و شکست (الإرادة و الفشل)

ئەلقەی یەکەم

وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبییەوە: ئازاد مصطفی دیبەگەیی

ڕەنگە هەمووومان دەستەواژەی (ویستی ژیان) و (ویستی دەسەڵات) و هتد... بزانین، نەك ئەوەندەش بەڵکو هیتریشیان بەشێوەیەك لەلامان ئاسایی بووە، تا ئەوەی سەرجەم سەرکەوتنەکانمان بگەڕێنینەوە بۆ ئەو دەستەواژانە.

هەروەك دەزانین کاتێك مرۆڤ دووچاری هەژاری و خەم و پەژارەو ناخۆشی و نەخۆشی و سووکایەتی و سەرشۆڕکردن دەبێتەوە – کە هەندێك کەس بە ناخۆشتر و سەختتر لە مردنی دەزانن – تەنها ویست و خۆزگە بۆ ژیان نەبێت، هیچی تر نییە هاندەری بن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان.

ئێمە هەموو ئەو شتانە دەزانین... بەڵام تەنها بوونی بیرۆکەو هزرێکی تر و ویستێکی تر، جیا لە ویستی ژیان و پێچەوانە لە ئاراستەی ئەو ... بڕواو هەست پێکردنی قورس و گرانە.

بوونی ویستی مردن درکێکە بۆ دەمی لێکۆڵەرەوە دەروونییەکان... هیچ کاتێك هزری نەبوون و نەهاتنەکایەوە بە بیری کەساندا نەهاتووە... تەنانەت هزری گەفی خۆکوشتنیش بە یەکێك لە حەزەکانی کەسێك دەزانرێت کە هەڕەشەی خۆکوشتن وەك تۆڵەسەندنەوەیەك بەکاردێنێت دەرهەق بەوانەی کە خراپەیان بەرامبەری نوواندووە ، بۆ ئەوەی تووشی خەم و پەژارەیان بکات. بەڵام ئەوەی ئێمە هەمووومان لێی بێ ئاگاین ئەوەیە کە مردن ئەزموونێك و تاقیکردنەوەیەکی ڕاستەقینەیە هەروەك لە دایکبوون و گەشەکردن... بۆیە دەکرێت واتێبگەین، کە ژیان وامان لێدەکات وردە وردە پاشەکشەی لێبکەین.

زۆرێك لە خەڵکان سەرکەوتوو بوونە لەوەی کە شکست و سەرنەکەوتنەکانیان لە کەسانی تر بشارنەوە... نەك ئەوەندەش بەڵکو سەرکەوتوو بوونە لەوەی تەنانەت لە خودی خۆیانیشی بشارنەوە. ڕەنگە هۆکارەکەش ڕێکەوتنێکی بێدەنگ بێت ئەوان لە نێوان خۆیان و کەسوکاریاندا ببەستن، ناوەڕۆکەکەشی (( شکستەکانی خۆمم پێ مەڵێن، شکستەکانی خۆتان پێناڵێم))... کارکردن بەو ڕێکەوتنەش بەردەوام دەبێت بە درێژایی تەمەنی گەنجێتی و تا ناوەڕاستی تەمەنیش، تاوەکو هیواو ئومێدێکی دانراو هەبێت بۆ هێنانەدی ئامانجەکان... بەڵام ئەو ڕێکەوتنە هەڵدەوەشێتەوە کاتێك مرۆڤ لە کۆتایی تەمەنی نزیك دەبێتەوە، ئەوکاتەش بەڕاشکاوی دان بە شکستەکانیدا دەنێ کە ئەوەی هەوڵی بۆ دەدا، دەستەبەری نەکردووە نەیهێناوەتەدی.

بەم شێوەیە ژیان بەسەردەبەین و دەیگوزەرێنین ، بەبێ ئەوەی ئەوانەی خەونمان پێیانەوەدەدیت بیانهێنینەدی. بەبێ ئەوەی ئەوانە لەخۆماندا بدۆزینەوە کە دەبوایە بیانهێنینەدی، بەبێ ئەوەی بتوانین توانستە خۆڕسکەکانمان تەنانەت ئەوەی وەریشمان گرتوون بەکاربهێنین و بەگەڕیان خەین، تەنها کەمێکی زۆر کەم نەبێت کە زانایان بە کەمتر لە ١٠٪ی توانستەکان دەیخەمڵێنن. واتە ٩٠٪ی توانست و تواناکانمان بەبێ سوود دەڕواو دەچێتە سەبەتەی پشتگوێ خراوەکان.

بۆیە ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە ئاراوە:

(بۆ لە ژیاندا ڕادەکەین و هەوڵدەدەین بەبێ ئەوەی بگەین بە هیچ شتێك؟ چ ڕوویداوە بۆ ئەو ژیانەمان کە خەونمان پێیەوە دەبینی و ئومێد و هیواکانمان

پێیەوە پەیوەست بوون ؟! بۆ جگە لە لەتەنانێك زیاتر بەدەست ناهێنین؟!)
زۆرجار بە تەنها پرسیارێك دەكەین و پاشان واز لە فەرمانەكە دەهێنین زۆر بەرێزەوە بڕوات، وەك ئەوەی هیچ شتێك روویندەدابێت.. بەڵام هەندێكیش ناتوانن هەرگیزاو هەرگیز ئەو فەرمانە لەبیر بكەن.. بۆیە كاتێك بۆ یارییەكە دەگەڕێنەوە، ژیانیان وەك كابوسێك و دیوەزمەیەكی تۆقێنەرو كوشتێنەری لێدێت.
بەڵام ئایا دەكرێت لەو كابوسە رابكەین؟!
وەڵامەكەی، بەڵێ.. بەوەی كە واتێبگەین رەنگە هێزێكی ناوخۆ هەبێت بەرەو شكست ئاراستەمان بكات... ئێمەش كەسێك بووینە لە قوربانی ئەو هێزە.. بۆیە رەنگە چارەسەر ئەوە بێت ئەگەر زیاتر لە ویستی شكست و سەرنەكەوتن و قوربانیەكانیان بگەین و بەشێوەیەكی روونتر بیانناسین، تاوەكو بیانبەزێنین و مامەڵەی دروست و چاك لەگەڵ ئەو ویستە ون و شاراوەیە بكەین كە بەرەو شكست ڕاماندەكێشیت.
خۆ ئەگەر ویستی شكست بە كۆمەڵێك نیشانەی دیارو روون خۆی دەربخات وەك نیشانەكانی ئەنفلەوەنزا بۆ نموونە.. ئەوكاتە بۆ ئێمەمانان ئاسان دەبوو هۆكاری جیاجیا دابهێنین بۆ رووبەرووبوونەوەو لەناوبردنی.. بەڵام نیشانەكانی ئەو ویستە زۆرجار شاراوەیەو روون نییە.. زۆرجاریش جۆراوجۆرە یان زۆر جۆراوجۆرە.
خۆێنەری خۆشەویست..
وادابنێ لەبەرامبەرتدا گەنجێكی بێهودەو گاڵتەئامێزو كۆمیدی هەیە، هیچ كێشەو گرفت وخەم و پەژارەیەكی لە دونیادا نییە، تەنها یاری و گاڵتە وگەپ نەبێت.. وا بزانە ئەو گەنجەت لە مەلهایەكی شەوانە لە كاتێكدا سەمای دەكرد هێناوەتە دەرەوە، گاڵتەی پێ بێت ئەگەر ببێتە هاورێی پیاوێكی بەساڵاچووی رۆشنبیری دوور لەخەڵك.. ئینجا واهزر بكە بەو گەنجە بڵێی وەرە با ئەو پیاوە بەساڵاچووەت پێبناسێنم چونكە لە نێوانتاندا لێكچوونێكی زۆر هەیە. خۆ ئەگەر ئەوەت لەبەردەم هەریەكێكی تریش گوت ئەوە بێگومان بە شێت و خەڵەفاوت دەزانن، بەڵام خەم مەخۆ تۆ دوورنیت لە راستی بۆچوونەكەت.
فەیلەسوفێكی گیرخواردوو و هزركاری دوور لە خەڵك و گەنجێكی گاڵتەئامێزی بێهودە كە هیچ خەم و خەفەتێكی لە دونیا نەبێت، هەردووكیان لە ژیانیاندا تەنها یەك پاڵنەریان هەیە.. هەردووكیان بۆ شكست هەوڵدەدەن.
فەیلەسوف (ماركۆس ئۆریلیوس) لە گۆشەگیرییەكەیدا بە ئاگاییەوە دەڵێت: (وەك ئەوە هەڵسوكەوت مەكە كە هەزار ساڵ دەژیت) لەگەڵ ئەوەشدا خەڵكانێك دەبینین وا هەڵسوكەوت دەكەن وەك ئەوەی بەتەواوی هەزار ساڵ بژین.. ئەگەر ئەوانە چ گاڵتەو سوعبەت و یاری پیشەیان بێت یان گۆشەگیر بن لە بیركردنەوەدا. ئەوانە بەنرخترین كاتەكانی تەمەنیان بەفیڕۆ دەدەن و هیچ سوودێكی لێنابینن هەتا ئەگەر تەمەنیشیان بەردەوامی هەبێت كۆتایی پێ نەیەت. (ماویەتی)

لەسایتی: ملتقى الاستاذ سهيل عواد للتنمية والتطوير / ملتقى التنمية البشرية والتطوير الذاتي وەرگیراوە.

## فەیلەسوف (ماركۆس ئۆریلیوس) لە گۆشەگیرییەكەیدا بە ئاگاییەوە دەڵێت: (وەك ئەوە هەڵسوكەوت مەكە كە هەزار ساڵ دەژیت)

احسان برهان الدين



# چەند مۆمێك بۆ ڕوونكردنەوەی ڕێگای گەنجان

نووسەران زۆر جار نووسین و ئامۆژگارییەکانیان ئاڕاستەی گەورەکان دەکەن ، بوئەوەی یارمەتیان بدەن بۆ پەروەردەکردنی مناڵەکانیان ، بەڵام بەدەگمەن دەبینین نووسین بەتایبەت ئاڕاستەی کچ و کوڕە لاوەکان بکرێت ، لەوانەشە هۆکاری ئەوە بریتی بێت لەو بۆچوونەی کە زیاتر گەورەکان کتێب دەخوێننەوە، بە لام هەرزەکارەکان سەرقاڵن بە هەندێك شتی ترەوە و ڕووتێکردنیان کارێکی بێ بەرووبوومە. ئەم بۆچوونە پشکی هە رچەند بێت لە ڕاستی من لێرەدا بڕیارمداوە ڕاستەوخۆ گوتارەکەم ئاڕاستەی کەسانی جێگای مەبەست بکەم کە بریتین لەو کوڕو کچە لاوانەو، چەند مۆمێکیان بۆ داگیرسێنم:

**مۆمی یەکەم:** چوونە نێو هۆڵێکی تاریکەوە:

کاتێك یەکێك لە ئێمە لە دایك دەبێت و دەوروبەری خۆی دەناسێتەوەو، دواتر دەردەچێت بو شەقام و قوتابخانە و هێواش هێواش بازنەی زانیارییەکانی فراوان دەبێتەوە ،وەکو کەسێکە بچێتە هۆڵێکی تاریکی گەورەوە کە پڕە لە شتی پەرش و بڵاوو سندووقی داخراوو شتی ئاڵۆز ، بیرو زەینیشی بەتاڵن لە هیچ جۆرە زانیارییەك، وەکو خوای گەورە دەفەرمویت: (والله اخرجكم من بطون امهاتكم لا تعلمون شيئا).

هەست دەکات هەزاران پرسیاری هەیە بێ ئەوەی وەڵامیان بزانێت، بەڵام لە ڕێگەی بەسەربردنی ژیان لەو هۆڵەدا شتەکان دەناسێتەوە ، گەرچی هەندێك شت هەر دەمێنێت کە نایزانێت ، ئێمەی گەورەکانیش بەهەمان شێوە هەوڵدەدەین لە یاساکانی بوونەوەر بگەین ، بەڵام لەم

دونیایە دەڕۆین و ڕاستی زۆر شتمان بۆ روون نابێتەوەو چەندین پرسیارمان بەبێ وەڵام دەمێننەوە ، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت:(وما اوتيتم من العلم الا قليلا).

**لەمەش دەتوانین ئەمانەی خوارەوە فێرببین:**

١- مرۆڤ لە بنچینەدا هیچ نازانێت و دواتر فێر دەبێت.

٢- پێویستە بێ فیز بین بە ئەندازەی نەزانینەکانمان.

٣- ئێمە چەند زانیاریمان زۆر بێت ،پلەو پایەمان بەرزتر دەبێت.

٤- مادام هەموو شتێك نازانین ، با بڕیار لەسەر ڕووداوەکان نەدەین پێش تەواو بوونیان.

٥- زۆر مەسەلە دەبێت کە زانیاریمان لەسەری سادەو ڕووالەتی دەبێت و پێویستمان بە قووڵبوونەوە دەبێت لە ڕێگەی ئەقڵێکی کراوەی تینوو بۆ زانست.

**مۆمی دووەم:** هەوڵی سەرکەوتن بدەن لەتاقیکردنەوە هەرەگەورەکەدا:

ئێمە لەم ژیانەدا لە پەیمانگایەکی پیشەیی سەیرداین ، چونکە ئەوە نییە کە ئێمە بخوێنین وفێرببین و دواتر تاقیبکرێینەوە،بەڵکو هاوکات دەخوێنین و تاقیش دەکرێینەوە ، سەیریش تەنها ئەوە نییە کە تاقیکردنەوەکان بە درێژایی تەمەن بەردەوامن ، بەڵکو سەیر جیاوازی شێوازەکانیانە ، یەکێ بە ژیری و یەکێ بە گێلی و یەکێکیکی تر بە دەوڵەمەندی و ئەوی تر بە هەژاری ، یان بە نەخۆشی ولەشساغی و ناوبانگ دەرکردن تاقیدەکرێینەوە، ئەم تاقیکردنەوانەش چارەنووس دیاری دەکەن ، چونکە کاتێك ئەم دونیا بەجێ دەهێڵین دەرەنجامەکانیان دێتەوە ڕێگامان و خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەی بەڕاست و دروست وەڵامی داوەتەوەو بەدبەختی و تیاچوونیش بۆ ئەو کەسەی وەڵامی هەڵەی داوەتەوە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: (فمن زحزح عن النار وادخل الجنة فقد فاز وما الحياة الدنيا الا متاع الغرور).

گرفتی گەورەش ئەوەیە نازانین کەی تاقیکردنەوەکە تەواو دەبێت و دەفتەرەکانمان لەبەر دەست ڕادەکێشن ، زۆر کەسیش بەهەڵەدا دەچن لەپێشبینی کردنی کاتی تەواوبوونی تاقیکردنەوەکە، چەندین کەسیش هاواریان کردو پاڕانەوە بۆ درێژکردنەوەی کاتی تاقیکردنەوەکە بۆ ساتێکی کەم ،بەڵام کەس گوێی بۆ هاوارو پاڕانەوەیان نەگرت. (فاذا جاء اجلهم لا يستقدمون ساعة ولا يستأخرون).

هەڵکردنی ئەم مۆمە چی بۆ کوڕو کچەکانمان دەگەیەنێ:

پێویستە بە وردی ئاگاداری کردەوەکانمان بین بۆ ئەوەی بەو شێوازە بێت کە خوای گەورە دەیەوێت.

ئەگەر کەوتینە هەڵەیەکەوە پێویستە پەلە بکەین لە تەوبە کردن.

هەمیشە دەبێت لەدژی حەزە ناشەرعییەکانمان ڕاوەستین.

باشترە لەو کەسانەی گاڵتەیان بەو تاقیکردنەوە دێت یان بایەخ بە کۆشش کردن نادەن دوورکەوینەوە ، بۆ ئەوەی لاقاوەکە لەگەڵ ئەواندا ڕامانەماڵێت و زیانێکی گەورەمان تووش نەکات.

**مۆمی سێیەم:** لەکاتی لەدایکبوون یەکسانن و لە کاتی مردن جیاوازن:

لەڕاستیدا شتێکی سەرنج ڕاکێشە کە هەموان لەکاتی لە دایکبووندا بە تەواوی یەکسانن و، پێشبینی ئەوەیان بۆ دەکرێت لە داهاتوودا کەسانی مەزن یان کەسانی دواکەوتوو یان تاوانکار یان چاکەکاریان لێ دەربچێت لە هەموو ڕوویەکەوە ، بەڵام لە گەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژاندا ئەو نادیارانە ئاشکرا دەبن ، زۆر پیاوو ئافرەت هەن ئەم دونیا بەجێدەهێڵن لە ئەوپەڕی پلەو پایە بەرزی و دڵی خەڵکیشیان پێوە وابەستەیە، چونکە لە ژیانیاندا کەسانی ئاسایی نەبوون ، زاناو بیریار و شەرعناس وچاکە کار بوون ،ئەوەی کە لەم دونیا دەرچوو تەنها لاشەیانە، بەڵام گیان و باسی چاکە و سەرورییەکانیان لە نێو خەڵکیدا هەر دەمێنێتەوە، ئەوەش کە لای خوای گەورە چاوەڕوانیانە لە ڕێزو حورمەت مەزنتروگرنگترە.

**هەڵکردنی ئەم مۆمە چی دەگەیەنێت:**

١- ئەو هۆکارەی لە کاتی مردن لە نێوان خەڵکیدا جیاوازی درووست دەکات ڕەچەڵەك و پارەو هێز نییە ،بەڵکو سەرڕاستی و زانست وشوێنەواری بەسوودو کۆشش کردنە لە پێناو بەختەوەری خەڵکیدا.

٢- لە توانای هەموو کەسێکدا هەیە ڕێگای مەزنیی بگرێت و بواری پەسەند و ڕێگای ڕاست بگرێتەبەر.

٣- کەس خۆی بەکەم نەزانێت و بەکەم ڕازی نەبێت، لەوانەیە خوای گەورە ئەوەی بە پێشینانی نەبەخشی بە تۆی ببەخشێت.

هەمیشە بیرتان لای ساتی کۆچ کردن بێت، باس و خواس و شوێنەوارێك لە پاش خۆتان بە جێبهێڵن کە مایەی مانەوەی باسی چاکەتان بێت و لە پێش هەموو شتێکیش بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە.

لەژمارەکانی داهاتوودا مۆمی تر دادەگیرسێنین پشتیوان بەخوای گەورە.

* ناوەڕۆکی ئەم بابەتە
بەدەستکارییەوە لە نوسینێکی
دکتۆر(عبد الكريم بكار )م وەرگرتووە.

# چل ڕێگا بۆبەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر ..



و: هاوڕێ یاسین

١- ڕۆژانە (١٠-٣٠) خولەك تەرخان بکە بۆ پیاسەکردن ، بەخەندەوە پێکەنینەوە.

٢- ڕۆژانە (١٠) خولەك بەبێدەنگی دابنیشە .

٣- ڕۆژانە (٧) کاتژمێر تەرخان بکە بۆ خەوتن .

٤- لەژیاندا بژی بە سێ شت ( وزە + حەماسەت + سۆز )

٥- ڕۆژانە یارییەکی خۆشی بکە .

٦- لەساڵانی پێشوو زیاتر کتێب بخوێنەرەوە .

٧- کاتێك تەرخان بکە بۆ خۆراکی گیانی ( نوێژ ، زیکر ، ... )

٨- هەندێ لەکاتەکانت لەگەڵ ئەو کەسانەدا بەسەر ببە گە تەمەنیان لە سەرو(٧٠) ساڵەوەیە و لەگەڵ ئەو کەسانەش کە تەمەنیان لە(٦) ساڵ کەمترە .

٩- خەون ببینە لەکاتی بێداری و ئاگاییدا .

١٠- زۆرتر خواردنی سروشتی بخۆ و کەمتر خواردنی لەقوتووکراو .

١١- بەرێژەیەکی زۆر ئاو بخۆرەوە .

١٢- هەوڵبدە ڕۆژانە (٣) کەس بهێنیتە خەندە .

١٣- کاتەکانی خۆت بەشتی بێ مانا و پووچ بەسەر مەبە .

١٤- بابەتەکان لەیاد بکە، ئەو هەڵانەی هاوسەرەکەت کە بەسەرچوون بیری مەخەرەوە ، چونکە دەبێتە مایەی خراپ بوونی ئێستاکەت .

١٥- با بیروبۆچونی سلبی زاڵ نەبێت بەسەردا ، وزەکانت تەرخان بکە بۆ کاری ئیجابی .

١٦- بزانە ژیان وەك قوتابخانەوایە .. تۆ خوێنکاریت تیایدا ، کێشەکانیش وەکو هاوکێشەشیەکی بیرکاری وایە ، هەوڵبدە شیکاری بکەیت .

١٧- خواردنی بەیانیانت پاشایانە بێت ، نیوەڕوان وەکو میر ، ئێوارانیش وەك هەژاران .

١٨- لێو بەخەندە بەو زۆر پێ بکەنە .

١٩- ژیان زۆر کورتە ، بە رق لێبونەوەی کەسانی تر بەسەری مەبە .

٢٠- هەموو کارەکان بەجدی وەرمەگرە، کەسێکی نەرم و عەقڵانی بە .

٢١- مەرج نییە کە تۆ لەسەرجەم گفتۆگۆ و مشتومڕەکاندا سەرکەوتوو بیت ( هەوڵبدە رازی بیت لەهەڵەکانت ).

٢٢- رابردوو لە بیر بکە بەهەمموو سەلبیاتەکانیەوە، تا داهاتووت خراپ نەبێت.

٢٣- ژیانی خۆت بەراورد مەکە بەکەسانی تر .. هاوسەرەکەشت بە هاوسەری کەسانی تر .

٢٤- خۆت یەکەم بەرپرسی لە بەختەوەریت.

٢٥- لەهەمووان ببورە بەبێ جیاوازی .

٢٦- قەناعەتی خەڵکی هەرچۆنێك بێت سەبارەت بە تۆ، پەیوەندیت پێوەی نەبێ و گوێ مەدەرێ .

٢٧- گومانی باش ببە .

٢٨- بارەکە هەر چۆنێك بێت ( باش و خراپ ) باوەڕت بەوە هەبێت کە هەر دەگۆڕێت .

٢٩- کارو پیشەکەت لە کاتی ناساغیدا فریات ناکەوێت، بەڵکو هاوڕێکانت بەدەمتەوە دێن، جا بایەخیان پێبدە.

٣٠- خۆت لەهەموو ئەو شتانە رزگاربکە کە نە خۆشی تێدایە و نەسودی هەیە و نە جوانی .

٣١- ئیرەیی کات بەفیڕۆ دانە ، تۆ هەموو پێداویستیەکانت هەیە .

٣٢- بێگومان چاکترین هەر دێت .

٣٣- هەستەکانت هەرچۆن بێت ، لاواز مەبە بەڵکو وریابە و دەست پێ بکە .

٣٤- بەردەوام کاری ڕاست و چاك بکە .

٣٥- بەشێوەیەکی بەردەوام بەپەیوەندی بکە بە دایك و باوکو خێزانەکەتەوە.

٣٦- کەسێکی گەشبین و بەختەوەر بە .

٣٧- هەموو ڕۆژێك شتێکی باش و چاك ببەخشە بەکەسانی تر .

٣٨- سنوری خۆت بپارێزە .

٣٩- هەموو بەیانیەك کەلەخەوە هەستایت سوپاسی خوا بکە کەلە ژیاندا ماویت .

٤٠- ئەم بابەتە بنێرە بۆدۆستان و خۆشەویستانت .



# هونەری دەربڕین

و: برەو

یەكێك لەپادشاكانی فەرەنسابڕیاری قەدەغەكردنی زێڕو خشڵی رازانەوەی كرد لەئافرەتان ،بەهۆی هەلومەرجێكی تایبەتەوە كەفەرەنسا پیێدا گوزەری دەكرد.

ئەم بڕیارەكاردانەوەیەكی توندی لێكەوتەوە، ئافرەتان گوێ رایەڵ نەبوون، گلەییی وگازندە زۆربوو،دەنگی نارەزایی بەرز بووەوە وبەپێچەوانەوە ئافرەتانیش زێدەرۆییان دەكرد لەپۆشینی زێڕوخشڵ وكەرەستەی جوانكاری.

پادشا سەرسام بو، لەوەی چی بكات بۆیە بڕیاری كۆبوونەوەی لەناكاوی دا لەگەڵ راوێژكارەكانیدا، راوێژكاران ئامادەبوون وتوویژ وگفتوگۆكردن دەستی پێكرد یەكێكیان وتی: پێشنیاردەكەم لەبڕیارەكەت پاشگەز بیتەوە، لەبەر بەرژەوەندی گشتی، ئینجایەكێكی تریان وتی: پاشگەزبوونەوە ئاماژەیەكی لاوازەو بەڵگەی ترسەو پێویستە توانای خۆمان دەربخەین، راوێژكاران دابەش بوون بەسەر لایەنگیری و نەیاریبڕیارەكەدا .

پاشاوتی : حەكیمو دانای شارم بۆئامادە بكەن .

كاتێك حەكیمەكە ئامادەبوو كێشەكە خرایە بەردەمی بە پادشای وت:خەڵكی گوێ ڕایەڵیت ناكەن گەرتۆ بیربكەیتەوە لەوەی كەدەتەوێت ،نەك ئەوەی ئەوان دەیانەوێت و حەزی لێدەكەن.

پادشاوتی چی بكەین؟ ئایا پاشگەزبینەوە؟

وتی: نەخێر، بەڵام بڕیارێك دەربكەن بەقەدەغەكردنی پۆشینی زێڕو خشڵو جوانكاری لەبەرئەوەی جوانەكان پێویستیان بەجوانكاری نییە .جگە لە ئافرەتە ناشیرین و بەتەمەنەكان ئەوان دەتوانن بەكاریان بێنن بۆشاردنەوەی ناشیرینییەكانیان.

بۆئەم مەبەستە پادشا بڕیار دەدات ودەبینرێت دوای چەند ساتێك ئافرەتان زێڕوخشڵ و جوانكارییەكانیان لابردووەو هەریەكەیان واتەماشای خۆی دەكات كەجوانەو پێویستی بەزێڕو خشڵ نییە.

داناكە وتی :ئێستا خەڵكی گوێڕایەڵت دەبن .كاتێك بەپیێ عەقڵی ئەوان بیر دەكەیتەوەو دەرك بەسۆزوبایەخەكانیان دەكەیت .

دارشتنی وشەكانو بەكارهێنانیان هونەرێكە پێویستە بەچاكی بەكاری بێنین و زانستێكە پێویستە فێری بین لەوتاری پەروەردەیی وبانگەوازو فێربووندا، كاتێك خەڵكی بانگ دەكەین بۆدیدو رێبازی خۆمان. ئەمەش لەمیانەی پەیوەستكردنی ئەوەی لیێان داواكراوەلەگەڵ ئەوەی حەزیان لیێەتی و رەچاوكردنی ئەوشتانەی لایان قبوڵ نییە پێش خستنە رووی ئەو شتانەی كەبەسەریاندادەسەپێت، دەبێت والەبەرامبەر بكەین هەست بەوە بكات كەچەندەسوود ی پێدەكات كاتێك شوێنی وتەكانمان دە كەوێت بەئەنجامدانی كارێك یان خۆپاراستن لەكارێك.ئەمەو هیچ شتێك بەقەدەر نەرموونیانی و رۆخۆشی ونیە تپاكی كارلەدڵو دەروون وهەست و نەست ناكات.ئەوەتا خوای كاربەجێ لەم بارەیەوە فەرموویەتی :

ولوكنت فظاغليظ القلب لانفضوامن حولك .

کۆچەر فائق/ کەلار



# بنەماکانی پەیوەندی نێوان باوان بە نەوەکانەوە

شەریعەتی ئیسلام پێچەوانەی مەزهەبی فەردییە، کە کارلەسەر پیرۆز ڕاگرتنی بەرژەوەندییەکانی تاك دەکات لەسەر حیسابی کۆمەڵگە، هەروەها پێچەوانەی مەزهەبی جەماعییە کە مافەکانی تاك ڕەت دەکاتەوە . لە بەر ئەوەی ئیسلام بەرژەوەندی گشتی ڕەچاو دەکات، و هاوسەنگی ڕادەگرێت لە نێوان مافە تاکەکەسی و مافە گشتییەکاندا ،کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەدی هێنانی دادپەروەری و یەکسانی ،و نەهێشتنی ستەم و زیان.

نابێت یاسا ئازادی تاکە کەسی ئەوەندە پیرۆز ڕابگرێت کە ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی، نابێت منالێکی بچووك کە هێشتا تەواو پێنەگەیشتووە دەسەڵاتی وەکو دەسەڵاتی باوکەکەی بێت کە نەوەیەتی و بە جوانترین شێوە پەروەردەی کردووە ،بەڵام ڕاست وایە کە یاسا هەستێ بە ڕیکخستنی بەرژەوەندییە پێچەوانەکانی تاکەکان و ناکۆکیەکانی نێوانیان ، کە بە هێزەکان مافی لاوازەکان پاوان بکەن و ئازار و زیانیان پێ بگەیەنن.

لە بەها ڕەسەنەکان کە لە شەریعەتی ئیسلامەوە پێمان گەیشتووە خزمەتکردنی باوانە بە وەچەکانیان بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە، تا ئەو ڕادەیەی کە زۆرێك لە باوان هەموو ئارامش و کات و توانا و ماڵی خۆیان ئەخەنەگەڕ تاکو دوارۆژێکی گەش و پرشنگدار بۆنەوەکانیان بەدەست بهێنن.

باوك هەوڵ ئەداو تێئەکۆشێ بۆ بەدەس هێنانی هۆکاری ڕۆشنبیری و زانستی بۆ نەوەکانی ،کە منالەکان ناتوانن بۆ خۆیان بەدەستی بێنن. لەمەشدا ماندوو بونی باوکێکی ڕاستگۆ دەردەکەوێت . ئەمەش واجبێکی ئاینییە هەروەکو پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (كلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته)

(الرجل راع ومسؤول عن رعيته والمرأة راعية في بيت زوجها ومسؤولة عن رعيتها) متفق عليه.

خوای گەورە دەفەرموێ: (وَوَصَّيْنَاالْإِنْسَانَ بِوَالِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ وَهْناً عَلَى وَهْنٍ وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ أَنِ اشْكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْكَ إِلَيَّ الْمَصِيرُ) [سورة لقمان: ١٤]

پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: «ليس منا من لم يرحم صغيرنا ويوقر كبيرنا...

هەموو شتیك لەکۆمەڵگەدا بەپێی یاسا بڕیاری لەسەر نادرێت ، بەڵکو کۆمەلێك ڕێسای ئەخلاقی و ئایینی و خو و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی هەن کە هەریەکە یان لەبواری خۆیاندا کاردەکەنو هەرکەسێ دەرچێت لەو ڕێسایانە ڕوبەڕوی نارەزایی کۆمەڵگە دەبیتەوە،لەگەڵ سزای دواڕۆژ.

بەڵام ئەگەر کەسێك سەرپێچی ڕێسایەکی یاسایی بکات ئەوکات دەسەڵاتی گشتی سزایەکی مادی و هەست پێکراوی نوسراوی بۆ دیاری دەکات.نەریتیش هەندێ جار لە یاساکان بەهێزترە.

هەربۆیە شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەی حوکمە کانی پشت دەبەستیت بە قورئانی بیرۆز و سونەتی پیغەمبەر(د.خ) نەریتەباوە چاکەکانیش

## پەیوەندی نیوان باوکان و دایکان:

ئەمەش پەیوەندییەکی خۆڕسکی سروشتییە کە شەرع و داب و نەریت جەختی لەسەر ئەکەنەوە. ئەمەش پەیوەندییەك نییە کە خاوەن دەسەڵاتی یاسایی جیبەجێی بکات.

خوای باڵادەستیش داوامان لیدەکات کە لەگەڵ دایك و باوکمان باش بین هەروەکو

دەفەرموێت: "وبالوالدين إحساناً"...النساء ..
کەواتا فەرز کراوە لەسەرمان کە باش بین لە گەڵیان.

پەیوەندی نیوان باوکان و ڕۆڵەکانیان وەستاوە لەسەر خێر و خوشی و بەها باڵاکانی شەریعەتی ئیسلام ، ئەمەش ڕێککەوتنێکی یاسایی نییە.

لەبەر ئەوە لێرەدا جەخت لەسەر ئەو خۆرسکیە ئەکریتەوە کە خوای گەورە مرۆڤەکانی لەسەر ڕام هێناوە.

پەیوەندییەگرێبەستییە یاساییەکان کە پێویستە لە بەرامبەر هەر مافێك ئەرکێك هەبێت.بەڵام ڕێسا خەلقیە شەرعیەکان واجباتەکان فەرز ئەکەن، باوکان مافە یەك لەدوای یەکەکان دەدەن بە ڕۆڵەکانیان وەکو نەفەقە وپەروەردە کردن و پاراستنی بەبێ ئەوەی چاوەڕێی پاداشتێك بێت لەبەرامبەر ئەومافانەی کەداویەتی بەڕۆڵەکەی.

تەنها مەگەر کاتێك نەبێ کە پێویستیە گوێڕایەڵیەکان و شەرعیەکان کە پێویستە لەسەر منال گوێڕایەڵی باوکی بکا. مالەکەشی ئەبێتە موڵکی باوکی،ئەمەش لەبەر گەورەیی مافی باوك بەسەریەوە.

خۆشەویستی دایك:

خۆشەویستی دایك وەستاوە لەسەر خۆبە قوربانی دان و بەرەنگار بونەوەی نەفس. ئەمەش ئەوپەڕی خۆشەویستییە. جونکە ئەبەخشێ و چاوەڕێی پاداشت ناکات.هەروەها خۆشەویستی باوکانیش بەرزدەبێتەوە بەکۆمەڵێ هۆکار لەکاتی بەجێ هێنانی ئەرکەکانی سەر شانی چونکە باوك پێی وایە کە بەرپرسیارە لەبەجێ گەیاندنی ئەرکی سەرشانی بەرامبەر پەروەردگار کاتێك کە ماندوو ئەبێ بۆ پەیداکردنی بژێوی و کار وپەروەردەکردن و باش بەخێو کردنی مناڵەکانی.کاتێك کەمناڵ ناتوانێت خوی بژێنێت ئەوا شەرع پێویستی کردوە لەسەر دایك و باك کە بەخێوی بکەن و ئامۆژگاری بکەن وفێری بکەن.

پێویستە لەسەری کە نەفەقەو پەروەردە و فێری بکات. ئەمانەش پێویست بەوەناکات کە دایك و باوکی لەسەر ناچاربکەی چونکە خوای گەورە خۆشەویستی و سۆزوبەزەییەکی وای خستۆتە دڵی دایکیەوە کە ناتوانێ مناڵەکەی لانەوازبکات. هەستێکی وابەهێزیشی خستۆتەدڵی باوکەوە کەوای لێ ئەکاکە هەوڵی بەدەس هێنانی خۆشی و ئارامیان بۆبدا. ئەو هۆکارانەی کە وایان لێ ئەکاکە مناڵەکانی خویان خۆشبوێ زۆرن: یەکەم ئاین،دوەم خۆماك ، سێیەم خو و ڕەوشتی کومەڵایەتی،چوارەمیش سۆز و خۆشەویستی..

واجب بونی پەروەردەکردنی باوان بۆ نەوەکانیان:بەبێ لێدان و سزا دان تاکو مناڵێکی باش دەرچن . ئەم تەمێ کردنە مانای ئەوەناگەیەنێ کە زولم وستەم و توندیان لەگەڵ بکەین لە بەر مافی گوێڕایەڵی و ڕاستگۆیی وئەمانەت و هەموو بەها باشەکان کە ئاینی ئیسلام باسی کردووە،ئەو کارەش هیچ سودێکی نییە نە بۆخوی ونە بۆ کەسانی تریش لەدونیاو دوارۆژدا.

لێرەشدا گوێڕایەڵێ قورئان و سونەت دەکەین وئاشکراشە ئەگەر شوێنیان بکەوین ئەبێتە هۆی ڕازی بونی خوا و بڕوا پێکردنی بەندەکانی لێمان.هانی ئەدات بۆ خێرو چاکە بەبێئەوەی بترسێت کە سزای ئەدرێت......

# جامەکە پڕ ئاو مەکە

و: جومعە صدیق کاکە



دەگێڕنەوە لە گوندێکدا برسێتی بڵاوبووەوە، بەمەبەستی ڕووبەڕووبونەوەی گرفتەکە، پادشا بە خەڵکەکەی ڕاگەیاند، کە مەنجەڵێکی گەورە لە ناوەڕاستی گوندەکە دادەنێت، پێویستە هەریەکێك لە خەڵکەکە جامێك شیر بخاتە ئەو مەنجەڵەوە، بەڵام بەو مەرجەی هەریەکەیان بە تەنها بێت و کەس نەیبینێت.

کە شەو داهات، خەڵکی گوندەکە دەستیان کرد بە جێبەجێ کردنی فەرمانی پادشا، هەریەکەیان جامەکەی خۆی برد و بەتاڵی کردە ناو مەنجەڵەکەوە.

بۆ بەیانی پادشا چووە دیار مەنجەڵەکە، بینی پڕ بووە، بەڵام لەجیاتی شیر، پڕ بووە لە ئاو، بۆی دەرکەوت کە هەریەك لە خەڵکەکە لە دڵی خۆیاندا وتویانە ئەو کوپە ئاوەی من لەناو ئەو هەموو شیرەی خەڵکی گوندەکە دیار نابێت ئەوەبوو لەئەنجامدابرسێتی زیاتر بوو، خەڵکێکی زۆریش لەبرسا مردن.

پێت وانیە ئێمەش زۆرجار لە ساتە سەختەکان، جامەکەمان پڕ ئاو دەکەین، کە دەبوو پڕ شیری بکەین؟!

کاتێك بەتەواوی کار ناکەین، بەو بیانووەی لەنێو ئەو هەموو کارانەی خەڵکی دەیکات، کارەکەمان پێوەی دیار نابێت.

کاتێك لە کارەکانماندا دڵسۆز نین، وادەزانین خەڵك هەمووی دڵسۆزە و، نادڵسۆزیەکەی ئێمە کاریگەری نابێت.

کاتێك یارمەتی هەژاران نادەین، بەو بیانوەی خەڵکی دیکە زۆرن یارمەتییان بدەن.

کاتێك سستی دەنوێنین لە سەرخستنی ستەم لێکراوان و هەوڵدان بۆیان، بەبیانوی ئەوەی ئێمە زۆر کەممان پێ دەکرێت و خەڵکی دیکە زۆرن کە کاری باش دەکەن و زیاتریان پێ دەکرێت.

کاتێك کاتەکانمان بەزایە دەدەین و لە خوێندن و فێربون و هەوڵدان و بانگەواز بۆ ڕێگای ڕاست کەڵکی لێ نابینین،

لە هەموو ئەو ساتانەدا جامەکەمان پڕ لە ئاو کردوە.



ئا : ئاكۆ حسین محمد

# ١٠ ئامۆژگارییەکە

کابرایەکی ئەمریکی کەبەرەنجەشانی خۆی و عارەقی ناوچەوانی خۆی ژیاوە و ساردی و گەرمی رۆژگاری دیوە و تاڵی و سوێری چەشتووە ، لەدوای تەمەنێکی زۆر و تاقیکردنەوەی هەموو رووپەرەیەکی رۆژگار ، دە ئامۆژگاری خۆی کردووە و، ناوی ناوە ( پەیمانی بەهێز)، لەسەرکاغەز نوسیویەتی و لەچوارچێوەی گرتووە ، بڕیاری داوە هەموو بەیانییەك لەپێش چوونە دەرەوەی بیخوێنێتەوە و دەوری بکاتەوە، هەموو هێزو توانای خۆی بەخت بکات لەئاگاداری ئەو ئامۆژگارییانە و بەراوردیان بکات ، بەقەد موویەك تامردن لەهیچیان لانەدات ، ئەمانە ئەو ئامۆژگارییانەن :

١- حورمەتی خۆم ئەگرم:چونکە ئەتوانم دەست لە هەموو کەسێك هەڵگرم لە خۆم نەبێ، هەمیشە لەگەڵ خۆمام نانی لەگەڵا ئەخۆم، لەگەڵیا ئەنووم، لەگەڵیا هەڵ ئەستم، لەگەڵیا دائەنیشم، لەگەڵیا ئەڕۆم : کەوابوو بڕیاربێ کارێکی وا نەکەم کە شەرمەزاری بکەم.

٢- ئەبێ چاو برسی بم، وهەر بەوە دانەکەوم کە هەمە، بەڵکو لە دڵی خۆمی دەنووسم کە ئەبێ رۆژ بەرۆژ چاکتر و باشتر بم لەوەی کەتیام، لەبەرئەوە پێم ناخۆش نابێ ئەگەر نەنگێکم دەرکەوی : چونکە ئەو حەلە زوو بە زوو دەرمانی ئەکەم ، وباشتر خۆمی لێ ئەپارێزم، و چاکتر نایەڵم یاخی ببم وخۆم لەخۆم بگوڕێم ، خێراتر ئیش ئەکەم لەدروستکردن و ڕێکخستنی خۆما.

٣- چاودێری ئەو بیرو باوەڕانە ئەکەم کە بەبیرما دێن ، چونکە کارم تێ ئەکەن بەم ڕەنگە دروستم ئەکەن ،یا ئەمرووخێنن لەبەرئەوە دەرگای بیر و باوەڕی خۆم دائەخەم لەهەموو بیرێکی ترس و بیم و نائومێدی و سەرنەکەوتنێك ،هەرگیز نایەڵم ئەم بیرانە بچنە مێشکمەوە ، هەروەك نایەڵم زەهر بچێتە ناوسکمەوە.

٤- دەست پاك ئەبم لەگەڵ خۆم و لەگەڵ مەردوما ، دەست پاك ئەبم بەنهێنی و بەئاشکرا ، ئەگەر نزیك بکەومەوە لەناپاکییەك وا ئەزانم لەگڕی ئاگر نزیك ئەکەومەوە.

٥- زۆر چاودێری لەشم ئەکەم، چونکە هێزو توانابۆ ئیش و کار هەر لەوەوە وەر دەگرم ، جگە لەوەی کەلەش ساغی یەکێکە لەڕەوشت و خووە جوانەکان ، کەوابوو ئیشی قورسی پێ ناکەم ، نەئیشی زۆر ماندوویی دەکەم نەبەبێ ئیشیش تەمەڵ و تەوەزەلی دەکەم ، ئەخۆم و ئەخۆمەوە بەپێی ژیری ، خواردن و خواردنەوەی زۆری دەرخوارد نادەم وەکو ئاژەڵ ، بەجۆرێك لەگەڵیا ئەجوڵێمەوە کەبۆی باش بێت .

٦- هەوڵ ئەدەم بۆ بەرزکردنەوەی ژیری و بیر «عقل و فکر»م بەم ڕەنگە هەموو ڕۆژێ خۆراکی خۆیان دەرخوارد ئەدەم، هەروەك خۆراکی جەستەم ئامادە دەکەم، یەك جۆر زانست ئەگرم بەدەستمەوە و دەیکەم بەدڵداری خۆم و هەمیشە لەگەڵی خەریك ئەبم، بەقوڵی لێی ورد ئەبمەوە تادەبمە خاوەن بەهرە تێیدا .

٧- چاودێری سەرگەرمی و دڵ گەرمی خۆم دەکەم بەخۆشی و مامناوەندێتی، گلەیی و بۆڵەبۆڵ ناکەم، بۆخۆم ناقرێنم، بەو کەسانە باوەڕ ناکەم کەلەژیاندا نائومێدن، هەمیشە ئەقرێنن بۆ خۆیان، هەمیشە سەرگەرم و دڵ گەرم دەبم لەسەر چاکەو هەوڵ و تەقەلادان بەخۆشی و دڵ خۆشی و کەیف خۆشی.

٨- لەمەولا ئارەزووی ناوبردنی مەردومم بەچاکە، دەبێ زۆر تربێت لەناوبردنیان بەخراپە، دەبێ هەرقسەی چاك و باسی مەردوم بەچاکە بکەم، چ لەڕووی خۆیان، چ لەپاشملەیان، ئەگەر کردەوەی ناشیرینی ناپەسەندی وایان لێ ڕوودا کەنەنگیان لێ بگرم باسیان ناکەم تائەگەڕێمەوە ماڵی خۆم.

٩- ئاگاداری تاقەت و تەوانایی خۆم دەکەم، توانای خۆم لەشتی هیچ و پووچا بەسەر نابەم ، دەمەقاڵی ناکەم لەگەڵ ئەو کەسانەی کەکەڵك لەدەمەقاڵێیاندا نییە، تووڕە نابم، چونکە کەڵك لەتووڕە بوندانییە رق و کینە لەگەڵ کەسا هەڵ ناگرم ، چونکە ژیان کورتترە لەوەی بەقینەسەری و ڕقەبەری کینەوە لەدەست بدرێ.

١٠- سەرئەکەوم لەژیانا، سەردەکەوم هەرچەند گرێم بێتە بەر، ئەگەر دڕك وداڵ و کۆسپ و قۆرتێك هاتە سەر ڕێگام لای دەبەم، بەهەموو دڵمەوە ڕوو دەکەمەوە ئیش و کارم، رووبەڕووی هەموو گیروگرفتێك ئەبمەوە، بەبێ ترس وبیم، بیر و باوەڕم وایە کەبەختی باش هەمیشە لەگەڵ ئازایی و هەوڵ و تەقەلادایە.

ن: بەڕێوەبەری نووسین

# چۆن سود لە (on call) وەربگرین بۆ چارەسەری بێکاری دەمامکدار ( البطالة المقنعة )




زۆربەی دەزگا حکومی و حزبی و فەرمانگە جۆربەجۆرەکان توشی گرفتی دیاردەیەکی مەترسی دار بوونەتەوە، ئەویش پێی دەوترێت بیکاری دەمامکدار (البطالة المقنعة) بۆ نمونە بنکەیەکی تەندروستی بە (٢٥ ) فەرمانبەر بەڕێوە دەچێت کەچی تەنها بۆ خزمەتگوزاری و باخچە و داگیرساندنی مۆلیدە (٢٥ ) فەرمانبەری بۆ دامەزراوە ، ئەگەر سەیری میلاکی وەزارەتی تەندروستی بکەیت کارمەندانی بێ بڕوانامە تا ئامادەیی ڕێژەکانیان بەم جۆرەی خوارەوەیە :

بێ بڕوانامە ( ٦١٢٤ ) کەس
سەرەتایی (٥٥٩٨ ) کەس
ناوەندی (٥٨٩٤ )کەس
ئامادەیی (٥٦٩٧ ) کەس

کەتێکڕای ژمارەیان دەگاتە (٢٣٣١٣) کەس بەرامبەر بڕوانامەکانی تر بەم جۆرەیە :

پرۆفیسۆر (٢ ) کەس
دکتۆرا (٨٠ ) کەس
ماستەر ( ١٧٤ ) کەس
دبلۆمی باڵا (٤٥١ ) کەس
بەکالۆریۆس (٥٧٤٩ ) کەس
دبلۆمی پەیمانگا (٥٧٤٢ ) کەس

ئەم ڕێژەیە بۆ ( ٤٩ ) نەخۆشخانە و نزیکەی ( ٧٣٩ ) بنکەی تەندروستی، ئەوەی جێگەی تێڕامانە بونی ژمارەیەکی زۆر گەورە ( ٢٣٣١٣) کارمەند کە هەڵگری بڕوانامەی لاوەکین ( غیر الاساسی ) لەسەر میلاکی وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ خراپی دابەشکردنیان (دابەشکردنی کارمەند لەسەر بنکە و نەخۆشخانەکان) زۆر گەندەڵی و سەروبەرەیی تێدایە، ئەم ژمارە بۆتە بار بەسەر کەرتی تەندروستی و دیاردەی (بن دیوار ) ی دروستکردووە ، وای کردووە میلاکی وەزارەتی تەندروستی توشی هەڵئاوسان بێت لەکاتێکدا بەهەزارەها کارمەندی خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس و پەیمانگا بواریان نییە دابمەزرێن .

ئەم ئامارەی سەرەوە هی ساڵی ٢٠٠٩ ی وەزارەتی تەندروستییە.

ئەگەر بەراوردی تەنها یەك بنکەی تەندروستی بکەین لە ڕوی دیاردەی بن دیوار لەگەڵ تەواوی وەزارەتی تەندروستی وڵاتیکی وەکو ( چین ) بێگومانم بن دیوار و بێکاری دەمامکدار لە لای ئێمە زۆر زیاترە .

برادەرێك گوتی لەگەورەترین نەخۆشخانەی ئەمریکا بێ پۆستم نەبینی کەچی لەبنکەیەکی تەندروستی کە ئیش و کارەکەی بە (٢٥ ) پزیشك و کارمەند بەڕێوەدەچێت نزیکەی ١٥٠ کەسی بۆ دامەزراوە، ئەم دیاردەیە لەسەر وەزارەتی ئەوقاف و زۆربەی وەزارەت و دەزگا حکومییەکان جێبەجێ دەبێت !؟

جا داواکارم لەسەرۆکی هەرێم لە پرۆژە چاکسازییەکەیدا، بەجدی کار بۆ نەهێشتنی دیاردەی ( بن دیوار – بێکاری دەماکدار ) دابنێت .

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە نێو حزبەسیاسییەکانیش دیاردەی بن دیوار بەرێژەیەکی زۆر بەرچاو دەکەوێت ، لێرەدا نامەوێت باسی ڕێگە چارەسەرییەکان بکەم چونکە ئەم بابەتە پێویستی بە توێژینەوەی زانستی هەیە !؟

بەڵام دیاردەیەك لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان سەرنجی ڕاکیشام ئەویش بریتییە لە ( on call ) واتە لەحیاتی ئەوەی نەخۆشخانە ئەهلییەکان مانگانە یەك ملیۆن دینار بداتە فەرمانبەرێك ( یاریدەدەری پزیشکێك ) کە هەموو ڕۆژێك ٨ کاتژمێر دەوام بکات کەچی لەبری یەك ملیۆن تەنها ٢٥٠ هەزاری دەداتێ ، بەڵام تەنها لەکاتی بوونی ئیش و کار بانگی دەکات ، برادەرێکم لەهۆڵی نەشتەرگەری دەوام دەکات لەیەکێك لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان گوتی تەنها لەکاتی بونی نەشتەرگەری پەیوەندیم پێوە دەکەن و منیش دەچم کارەکەم دەکەم ، بۆیە دەپرسم لە دەزگا حکومی و حزبییەکان کاتی ئەوە نەهاتووە فەرمانبەر لەسەر بنەمای ( کار و ئیش ) دەوام بکات، نەوەکو بێتە فەرمانگە و بارەگا تەنها ڕۆژنامە بخوێنێتەوە و خەریکی مشتومڕی بێ مانا بێت !؟

# وریابە دەرونت نەبێتە بیابان!!!



## سەرنوسەر

هەرکاتێك مرۆڤ دورکەوتەوە لەئاین و ڕەوشت و بە هاکانی کۆمەڵگا ، خێرو چاکە لەدەست دەدات و دەروونی دەبێتە بیابانێك وئیرەیی و خۆپەرستی و شەڕەنگێزی بەسەردا زاڵ دەبێت ، چاوچنۆك دەبێت و بەهیچ تێر ناخوات و ڕازی نابێت ،بەهەموو شێوازێك هەوڵدەدات ڕەوا بێت یان ناڕەوا بۆبەدیهێنانی حەزو بەرژەوەندییەکانی گەرلەسەر حیسابی کەسانی تریش بێت.

ژیری پێوەرێك نییە بەتەنها بۆجیاکردنەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ ، بەڵکو لەو گرنگتر ڕەوشتە ، چونکە پێدەچێت عەقڵ شەڕەنگێز بێت و خاوەنەکەی بۆ پیلانگێڕی وخۆپەرستی و ستەم هانبدات ، لەم کاتەدا مرۆڤەکە جیاوازییەکی ئەوتۆی نابێت لە دڕندە تۆقێنەرەکان، بەڵام ڕەوشت پێوەری جیاکەرەوەیەی تاکە بە سیفەتی ئەوەی مرۆڤێکە، جیاواز لەوەی تاکێك بێت بە سیفەتی ئەندام لە ڕووە ئاژەڵێکدا.

هۆکارەکانی بەبیابان بوونی دەرونی:

دەرونی مرۆڤایەتی بە بیابان دەبێت کاتێك پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەها ڕەوشتییە مرۆڤایەتییەکان دەپچڕێت ، وای لێدێت حەز بە بلاو بونەوەی چاکە ناکات و حەزناکات قازانج و چاکە بگاتە کەسانیتر، جگە لە ژمارەیەکی زۆر کەمی خانەوادەو کەس و کارە نزیکەکانی نەبێت .

گەر قازانج و چاکە تووشی هەر مرۆڤێك بێت ئەوا تووشی نیگەرانی و خەمۆکی دەبێت، ئەو ڕازی نییە بەپشکی خۆی لەو خێرو چاکەو داهاتەی دەستی کەوتووە ،هەروەها حەزدەکات ڕێگری لەخێرو چاکە بکات و نەهێڵێت بگاتە کەسانیتر.

گەر بیستی خێرو قازانجێك خەڵکیکی گرتۆتەوە ئەوا ئیرەیی پێدەبات و بە زۆری دەزانێت ، چونکە ئەم دەرونانە چاکەو پیاوەتی و بەخشندەیی و لێبوردەییان لە دەست داوە، دەروونیان خاڵی و وشکە و ئەم جۆرە دەرونانە خراپترن لە دڕندەکان کە ملکەچی یاسای دارستانن ، مایەی نیگەرانیە دەبینین خەڵکانێکی وا هەن بە شێواز مرۆڤن بەڵام بە گیان و دەرون دڕندەن و گورگ ئاسا خەریکی پەلاماردانن.

تاك کاتێك مرۆڤە کە بڕوای بەئاین و ڕەوشتە باڵاکان وبەها مرۆڤایەتیەکان هەبێت ، دوای بڕوا بوونی بەم پێوەرانە هەوڵ دەدات بەسەر خۆیدا جێ بەجێ بکات ، هەروەها لە پەیوەندیەکانیدا لەگەڵ خەڵکیدا کاری پێبکات.

دەرونە بە بیابان بووەکان ئازاری خەڵکی دەدەن هۆکار هەبێت یان بەبێ هۆ ، گورجن بۆزیان گەیاندن بە مرۆڤێکی بێ تاوان کە لە ژیانیدا هیچ زیانێکی پێ نەگەیاندوە یان ئازارێکی نەداوە، هەموو ئەمانە بە پاڵنەری ڕق و قینێکی شاراوە ، ئەو ئازارانەی ئەم دەروونە شەڕانگێزانە دەیدەن دەرونی مرۆڤایەتی دەهەژێنێ و دووردەلە بنەماکانی ئاین و ڕەوشت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە جوانەکان.

ئاسانە مرۆڤ گۆڕانی بەباڵای ڕەوشتە جوا ن و باڵاکاندا هەڵبدات، یان واپیشانی بدات دەروون و ناخی خاوێنە، بەڵام وتەکان پێویستیان بە کردارەو کرداریش سەنگی مەحەکی ڕاستگۆییە.

### جۆرەکانی دەرونەبە بیابانبووەکان:

**یەکەم** : ئەم جۆرە دەرونە دوردەکەوێتەوە لە خزمەتی خەڵکانی تر سەرەڕای هەواداری بۆ ئیرەیی پێبردن ، حەزناکەن خەڵکانی تر دەسکەوتیان هەبێت بەڵکو تەنها خەمی خۆیانە ، گەرهەلێکیان بۆبڕەخسێت بۆ پێشکەشکردنی هاوکارییەك یان خزمەتگوزارییەکی مادی یان مەعنەوی ئەوا بێ دوودڵی ئەو کارە ناکەن ، نیەتەکانیان کورت دەهێنێت لە چاودێری کردنی کارەساتەکانی خەڵکانیتردا ، ئەم جۆرە دەرونانە زیانەکانی کەمترەو زبرو شەڕەنگێز نین ،چونکە تەنها ڕێچکەی دورکەوتنەوە لە هاوکاریکردنی خەڵکانی تریان گرتۆتە بەر، لە هەموو هەل و مەرج و بارودۆخێکدا.

ئەم کەسانە وەك تەماشاکەرێك ڕادەوەستن لەسەر ئازارو ناڕەحەتیەکانی خەڵکی و دەستی هاوکاری مادی و مەعنەوییان بۆدرێژ ناکەن، گەر مرۆڤێك پێویستی بە چەند دینارێك هەبوو ئەوا هاوکاری ناکەن یان بە قەرز نایدەنێ هەرچەندە لە تواناشیاندابێت .

هەروەها خۆیان بە دوور دەگرن لەهاوکاری مە عنەویش وەك ئامۆژگاری کەسانیتر هەرچەندە ئەمە هیچ تێچونێکی دارایی تێدا نییە، بەڵام مرۆڤێك ڕزگار دەکات لە گرفت و شڵەژان و ناڕەحەتییەك . هەروەها ئەم جۆرەکەسانە حەز بە بەشداری مرۆڤایەتی ناکەن و فرمێسکی هەتیوێك ناسڕن و یارمەتی بێوەژن وخاوەن پێداویستیە تایبەتەکان و پەککەوتوان نادەن...هتد

**دووەم** : دەروونە شەڕەنگێزەکان ، ئەو دەروونانەن دەست پێشخەرن بۆکاری خراپەو زیان گەیاندن بە خەڵکانیتر بە بێ هۆ و پاساوێك . وەك تە ماشاکەرێك ناوەستن لەسەر ئازارو ناڕەحەتییەکانی خەڵك ، بەڵکو هەوڵی زیادکردنی دەدەن و لە ڕێگای زیان گەیاندن پێیان یان بڕینی خێرو چاکە لێیان ، ئەم جۆرە دەروونە ، دەگەنە نزمترین ئاست لە ڕێگەی ئەنجامدانی تاوان دژ بە خەڵکانیتر.

گەر هەستیان کرد پۆلیس و ئاسایش بە ئاگان و ناتوانن تاوانەکانیان بەئاشکرا ئەنجام بدەن ، ئەوا پەنا بۆ تاوانی زۆر شاراوە دەبەن وەك تاوانی جنێوو ناوزڕاندن و دروستکردنی دۆسیەی ساختە بۆ ڕسواکردنی خەڵکانیترو بلاوکردنەوەی نهێنییەکانیان ، لە ڕێگای غەیبەت و دوو زمانی و هەوڵدانی ڕوخاندنی کەسایەتییان .گەر ئەم کەسانە بەشێك لە دەسەڵاتی گشتییان لەحکومەتدا هەبێت ئەوا مەترسی و خراپەکارییەکانیان زیاتر دەبێت، دەسەڵاتەکەیان بەکار دێنن بۆ چەوساندنەوەی خەڵکانی ترو تۆڵە سەندنەوە لێیان.

سەرچاوە : كيف تغير من حياتك وتحقق ماتريد ، د : عبدالقادر الشيخلي



# ببن بە هەنگ

کەسانێک هەن حەز دەکەن لەگەڵ پۆلی هەنگدا بفڕن وهەنگ ئاسا بژین ، هی واش هەن ڕەفتارو بارێکی دەرونی وایان هەیە هاوبەشن لەگەڵ مێشدا، ئەو کەسانەی وەك هەنگ وان ، لایەنەجوان و درەوشاوەکان لەهەموو شتێکدا دەبیننەوە ، بەچاوێکی شەفافەوە بە دوویدا دەگەڕێن و گەر نەیان بینی دروستی دەکەن، بڕوایان وایە هەرمرۆڤێك هەرچەند توندو زبرو بێزراو بێت، سیفات و ئاکاری جوان و چاکی تێدایە ، پێویستی بە کەسێکە ئەو لایەنە باشانە دەر بخات و بیخاتە ڕوو.

کەسانی هەنگ ئاسا هەموو کەس خۆشیان دەوێ و ئامەزرۆی بینینی ئەون، بۆنموونە گەر سەردانی ماڵەکەی بکەیت دەبینی چاو دادەخات لە ئاست کەلێن و کەموکورتی هاوسەرو منداڵەکانی، دەس وەرناداتە هەمووشتێکی گەورە بچوك ، ستایشی کاری جوان دەکات ، هەرچەندە بچوکیش بێت ، گەر ڕەخنەی گرت ئەوا بەشێوەیەك دیگرێت هەستی بەرامبەرەکەی بریندار ناکات و، لە کارەکانیدا وەك هەتاو وایە تیشك و ڕوناکی دەبەخشێت تەنها شتە جوان وچاکەکان دەبینێت.

پیاوی هەنگ ئاسا بە شێوەیەکی گشتی ڕەووشتەکانی لە سیفاتی بڕوادارو خواناس دەچێت ،لەم بارەیەوە پێغەمبەری پێشەواو ئازیزمان (صلی الله علیه وسلم) فەرمویەتی (ان مثل المؤمن کمثل النحلة ،اکلت طیبا ، ووضعت طیبا ، ووقعت فلم تکسر، ولم تفسد ).حدیث صحیح السلسلة الصحیحة الالباني.

پیاوی هەنگ ئاسا هیچ ئەستەمێك نابینێتەوە لە خۆشویستنی هەرکەسێکدا ، لەبەر ئەوەی بە سانایی لێهاتوە لە دۆزینەوەی ئەرێنیەکان و بەتوانایە لە بینینی جوانییەکاندا.

بەڵام پیاوی مێش ئاسا ، بەردەوام بەدووی مەك وکورتی و کەمتەرخەمییەکاندا دەگەڕێت ، تەنها ناشیرینیەکان وخراپەو کەموو کورتیەکان دەبینێت ، وای بۆدەچێت کە جیهان کەمووکورتی پۆشیوە ، سورە لەسەر ئەوەی کەوا هیچ ئومێدێك نیە بۆ چاکسازی کردن.

جوانیەکانی خۆش ناوی و ڕقی لە لێبوردەییە ، هەرچەندە دانیشی پێدا نەنێت ، خەڵکی خۆشحاڵ نین بەبینینی ، سڵ دەکەنەوە لە هەڵچونەکانی و نارەحەتن لە ڕەخنەکانی.

گەر ئەو کەسانە وەسفی مێشیان بدەینە پاڵ ، ئەوە ناگەیەنێت ، کە زێدە ڕۆییمان کردووە ستەممان لێ کردوون.

هەروەك چۆن مێش بە دووی شوێنی برین و دومەڵی لاشەوەیە ، ناچێتە شوێنی ساغوتەندروست و خاوێنی لاشە ، میکرۆب و پیسی دەگوێزێتەوە و لەسەر زبڵدان و خاشاك دەنیشێتەوە ، ئەم جۆرە مرۆڤانەش بە شوێنی عەیب وکەلێن و کەمتەرخەمی خەڵکەوەن و بە دوویدا دەگەڕێن ، بە ئەنقەستیش لایەنە چاکەکان و کردوە جوانەکانیان فەرامۆش دەکەن.

کەواتە پیاوی مێش ئاسا کەسێکی دەرون لاوازو ، دڵ نەخۆشەو ڕقوکینەو ئیرەیی دڵی وێران کردووە ، عەیب لە هەموو شتێك دەگرێت و بەڵکو خوازیاری دۆزینەوەی کەموکورتی وخەریکی دووزمانی و تێکدانی پەیوەندییەکانە.

پێغەمبەری خواش (صلی الله علیه وسلم) بەجوانترین شێوە وەسفی ئەم توێژە دەکات کەوا بریتین لە خراپترین خەڵکی خوا فەرمویەتی (شرار عبادالله المشاؤون بالنمیمة ، المفرقون بین الاحبة ،الباغون للبرأء العیب ) غایة المرام وقال الالباني حدیث حسن.

کەسانی مێش ئاسا سیفات و نەریتی دووروویان تێدایە وخۆشحاڵن بەبینینی خەوش و کەموو کورتیەکان ، هەروەك ( فضیلي کوري عیاض ) دەڵێت ( ان من علامة المنافق ان یفرح اذا سمع بعیب احد من اقرانه) .

دەبا وریابین و بەسەر دەروون و حەزە سەرشێتەکانماندا زاڵ بین و نەهێڵین شەیتان فریومان بدات و لە خانەی کەسانی مێش ئاساداتۆماربکرێین ، بەردەوام خەریکی گەڕان بین بەدووی هەڵەی کەسانی ترو خۆمان لەیادبکەین.

زانایانی دەروونناسی سەلماندوویانە کەواعەقڵی مرۆڤ تواناى لەدۆزینەوەی نەرێنی و کەمووکورتیدا زۆر زیاترە لەدۆزینەوەی لایەنی باش و ئەرێنی ، جاپێویستە تێبکۆشین و بەرنامە ڕێژی عەقڵ و ژیریمان بکەین ، بۆدۆزینەوەو بینینی شتە باشەکان و بەدیارخستنی لایەنی چاکەی شاراوە لەدەروونی خەڵکیدا ،هەروەها بەردەوام هاندان و تەقدیری بەرامبەر بەهەند وەرگرین . ستایشی شتی جوان بکەین هەرچەندە بچوکیش بێت ، پۆزش بهێنینەوە چاو لە هەڵەکان دابخەین بەپێی توانا و بەرژەوەندی.

سەرچاوە :ـ الشخصیە الساحرە ، کریم الشاذلي

رابەر ئەحمەد



# بیخوێنەرەوە و بیری لێبکەرەوە

# ..... بزانە تۆی !!!؟؟؟

ئەگەرئەتەوێت بەجوانی بژیت لەگەڵ خەڵكدا، ڕووخۆش بە بەرامبەر دۆست و دوژمن بێ ئەوەی خۆت لەبەرچاویان سووك بكەیت یان لێیان بترسیت خۆت بەڕێز بگرە بەڵام لە فیز و خۆبەزلزانین خۆت بە دووربگرە .

ملكەچ بە بۆدۆستانت بەڵام خۆت سووك نەكەیت ، لەهەموو كاروبارێكدا مامناوەندی بە ، چونكە لەخوارو و سەرووی هەموو كارێك لەسنوور دەرچوونە ، خۆت بەزاڵ و لەخۆبایی مەزانە زۆر لامەكەرەوە بەولاو لادا.

ئەگەر كۆمەڵێك دانیشتبوون مەوەستە بەسەریانەوە، كاتێك دانیشتی لەناو كۆمەڵێكدا بە قنچكانەوە دامەنیشەوە، پەنجەكانت تێكهەڵكێش مەكە و یاری بەڕیشت مەكە، ددانت پاك مەكەرەوە ، پەنجە مەخەرە لووتتەوە، تفو بەڵغەم بەرووی خەڵكدا فڕێ مەدە ،زۆر باوێشك مەدە خۆت كێشمان مەدە.

باكۆڕەكانت لەسەر خۆبن و قسەكانت بەجێ و ڕێك و پێك بن ، گوێ لەقسەی جوان بگرە بەڵام زۆر سەرسوڕمانت بۆی دەرمەبڕە و چیرۆكی پێكەنین مەگێڕەوە ، ئەگەر لەگەڵ هەموان هەڵەت كرد ئەمە خراپ نییە ، چونكە هەموو كات زیرەك نابیت ، وەسف وسەنای كچی خۆت مەكە ،باسی نووسین و دانراو و كاروباری خۆت لەناو خەڵكدا مەكە و زۆر خەریكی خۆ جوان كردن مەبە وەك ئافرەت و خۆت شڕو مڕ مەكە وەك خزمەتكار .

كل زۆر مەكە لەچاوت ورۆن زۆر مەدە لە سەرت، لەداواكانت زۆرە ملێ مەكەو كەس هەڵمەنێ بۆ زوڵم و ستەم ، ژمارەی پارە و پووڵی خۆت بەكەس مەڵێ ، چونكە ئەگەر كەم بوو سووك ئەبیت لەبەرچاویان، وە ئەگەر زۆر بوو لێت ڕازی نابن، بیر لە ژیان مەكەوە ،ئەگەر بیری لێ ئەكەیتەوە خەمی بۆ مەخۆ بۆ مناڵەكانت بترسێنە بەڵام توندوتیژ مەبە لەگەڵیانا و نەرم بە لەگەڵیاندا بەڵام لاوازی مەنوێنە ، هەمیشە لەكاتی توڕەبووندا هەوڵبدە خۆت لەتووڕەبوونەكە ساردبكەیەوە

چونکە ئەو ساردکردنەوەیە ئەبێتە هۆی چوونە بەهەشتت، هەردەم دڵت نەرمبێت ، چونکە پێکەنینیش باشترین چەکی شەڕە لەدژی ژیان، گاڵتە لەگەڵ بچوکتر لەخۆت مەکە چونکە ڕێزت نامێنێ لایان ، لەکاتی مشت و مڕدا ڕێز بۆخەڵك دابنێ و خەڵك بەسووك مەزانە ، ئاگات لەزانینی خۆت بێ ملت نەشکێنێ ،زۆر دەست ڕامەوەشێنەو لەسەر ئەژنۆ دامەنیشە و قاچت مەخەرە سەر قاچەکەی ترت ، دانیشتنێك کە غەیبەتی تیا وترا یان بێدەنگی کە یان دانیشتنەکە جێ بێڵە، لەکاتی ڕق و کینەدا بێدەنگ بە هەر کات هاتیەوە سەرخۆت ئەو کات بدوێ، هەردەم بۆ ئەوەی بتوانێت ئەبێ بزانێت ، بۆ ئەوەی بزانێت ئەبێ بخوێنێت ، کەواتە بخوێنە تا بتوانێت .

ئەگەر پاشایەك یان کاربەدەستێك تۆی نزیك خستەوە لەخۆی لێی بترسە و وابزانە نزیکی نوکی ڕمی، ئەگەر خۆی دا بەدەمتەوە لێی ئەمین مەبە و نەرم بە لەگەڵیانا وەك چۆن لەگەڵ مناڵێکدا ئەدوێی بەڵام خۆت تاوانبار لای خوا نەکەی لەبەر ئەم وانەکەی ڕۆژێ لەڕۆژان بچیتە ناوکاروباری خێزانی هەرچەند ڕێگاشت پێبدات، چونکە تێکەوتن و هەڵە لەم بوارەدا هەڵەیەکە چارە ناکرێت، نزیکی هاوڕێی کاتی خۆشی نەکەوی چونکە ئەمانە لە دوژمن خراپترن ، ماڵ و سامانت بەلاوە بەڕێزتر نەبێت لەڕێز و ناموست، قەتیش ئەو کەسە نەبێت کە ڕۆژگار لەگەڵ خۆت بگونجێنێت ، ئەو کەسەبە کە خۆت بگونجێنی لەگەڵ ڕۆژگار، پەلە پەل مەکە چونکە ئەو کارەی پەلەی لێ ئەکەی دڵنیابە ئەبێ دووبارەی کەیتەوە یان خێر لەکارەکەت نابینێت ، هەروەها لەهەموو کەسێك خۆشبە لەبەر خاتری خوا و بەس ..

کاتێك چویتە ناو کۆمەڵێك پێش هەمووشتێك سەلام بکەو هەنگاو بەسەر خەڵکدا مەنێ و لەهەر شوێنێك جێگا هەبوو دابنیشە .

لەسەر ڕێگاکان دامەنیشە ئەگەر دانیشتی چاوت داخە لەحەرام و یارمەتی ستەم لێکراو بدەو بەدەم لێقەوماوەوە بچۆ و یارمەتی هەژار بدە، ئەو کەسەی ڕێ ی ون کردووە و نەشارەزایە ڕێنمایی بکەو وەڵامی سەلام بدەرەوە، هەرگیز درۆ مەکە و نهێنیەکانت بپارێزە، چونکە کە خۆت بیدرکێنی چۆن خەڵکی بۆت دەپارێزێت ، داوای پێویستیان کەم لێبکە ، بە وتەی جوان و نەستەق لەگەڵیان بدوێ، گاڵتەیان لەگەڵ مەکە ، بەسەرهات و ڕەوشتی پاشا و پیاو چاکانیان بۆ باس بکە ، ناو و ناتۆرە لەکەس مەنێ ، چونکە شتێکی زۆر ناشیرنە و خوا ڕقی لێیەتی ، زۆر تێکەڵاوی بەکۆمەڵی عەوام مەکە، ئەگەر کردت زۆر لەباس و خواستیاندا مەچۆ ، خۆت گێل بکە لە قسەی ناشرینیان وشتی نەشیاوو دوور لە ئادابی گشتییان ، مرۆڤی زانا و ژیر بەدوای شتێکدا ناگەڕێت کە نەیەتەدی یاخود مەحاڵ بێت.

مەهێڵە کەس ببێتە یەکەم کەس لەژیانتا کاتێك ئەزانێت تۆ دووەم کەسی لەژیانی ئەودا ، مەگری بۆ هیچ پەیوەندییەك لەژیانتا ..... چونکە ئەوەی بۆی دەگریت شایستەی فرمێسکەکانت نیە، ئەو کەسەی کە شایستەی فرمێسکەکانتە ....قەت ناهێڵێت تۆ بگریت ، لەگەڵ هەموو کەس بەڕێزەوە هەڵسوکەوت بکە تەنانەت لەگەڵ ئەو کەسانەش کەلەگەڵتا بەناشرینی هەڵسوکەوت ئەکەن، نەك لەبەر ئەوەی کەئەوان بێ ڕێزن بەڵکو لەبەر ئەوی کەخۆت بەڕێزیت و دڵت پاکە ، بەدوای خۆشیەکانت مەگەڕێ لەخەڵکی تردا و ئیرەیی بەکەس مەبە لەسەر نیعمەتەکانی ، چونکە لەدواییدا بەتەنیایی و بێتاقەتی دەمێنیتەوە بەڵکو لەناخی خۆتدا بۆیان بگەڕێ ئینجا هەست بەخۆشی ئەکەیت ئەگەر بەتەنیاش بیت ، خۆشیەکان هەردەم وا دەردەکەون کە کەمن بەڵام کاتێك فێر دەبین چۆن بەشداری پێ بکەین لەگەڵ کەسانی تردا ئەو کاتە ئەزانین کە چەند گەورە و بەنرخن و بەهایان چەندە.

نەکەی گاڵتە و گەپ بکەی لەگەڵ مرۆڤی ژیر و بێ ئەقڵ دا ، چونکە ژیر قینت لێ هەڵدەگرێت ، بێ ئەقڵیش ڕێزت ئەشکێنێت ، چونکە یاری و گاڵتە و گەپ پلەی ئینسان دائەبەزێنێت و شەرمی ڕوو ئەشکێنێت و هەستی زیندوو دەمرێنێت ئینجا لە تاوانەوە سەر دەردێنێت، خۆشەویستی دڵان لائەبات و زانستی زانا ناشرین ئەکات، دڵی سپی ڕەش ئەکات و دەروونی ڕوون تاریك ئەکات و مرۆڤ لەخوا بێ ئاگا ئەکات، هەر کەسێك لەناو کۆمەڵێکدا گیرۆدەی گاڵتەوگەپ بوو بایادی خوا بکات لەکاتی هەستانیدا.

بەکورتی پێویستە خۆمان لەڕەوشت و ئاکارە خراپ و دزێوەکان بپارێزین و دوورخەینەوە و هەرچی ڕەوشت و ئاکاری بەرز و جوان هەیە خۆمانی پێ برازێنینەوە.

پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) ئەفەرموێت(هەر کەس لەناو کۆمەڵێکدا دانیشت و وت و وێژی بێ سوودی تیا کرا ، پێش هەستان وتی (سبحانك اللهم و بحمدك اشهد ان لا إله إلا انت أستغفرك واتوب إليك) خوای گەورە لەگوناهو تاوانی ئەو دانیشتنەی دەبووری و ئەو دوعایە دەبێتە بە کەفارەت بۆی /رواه الترمذي و أبو داود .



عەلی ئیبراهیم حەسەن

# رۆڵی بەڕێوبەرەکان لە پرۆسەی چاکسازیدا

ماوەیەکە زۆر بە گەرم و گوڕی باس لە پرۆژەی چاکسازی دەکرێت ، بەڵام بەداخەوە دوور و نزیك ئاماژە بە رۆڵی بەڕێوبەرەکان ( المدراء ) ناکرێت لە دەزگا و فەرمانگە حکومیەکان ، زۆرجار شکستی وەزارەتێك بۆ بێتوانایی و ناشارەزایی خودی وەزیر ناگەڕێتەوە ، بەڵکو بۆ کەمتەرخەمی ئاستە کارگێڕیەکانی خوار خۆی و نەبوونی یاسا و لائیحەی کارگێڕی هاوچەرخ کە ئەرك و ماف و دەسەڵات بەووردی دیاربکات .

رۆژی ٢٠١١/٨/٢٩ لە بەرنامەیەکی کراوەی کەناڵی ( البغدادیهة ) بەرپرسێکی گەورەی یەکێك لە حزبەکان راستیەکی زۆر تاڵ و ناخۆشی ئاشکرا کرد ، ئەویش بریتیە لە بونی گروپی مافیا و تۆڕی تۆکمەی گەندەڵی کە دەستیان بەسەر زۆربەی وەزارەت و دەستەو و ئەنجومەنی پارێزگاکاندا گرتووە ، کە پەیکەری کارگێڕیان بەم شێوەیە پێکهێناوە ( وەکیل ، بەڕێوبەری گشتی ، بەڕێوبەر ، .. هتد ) لە زۆربەی وەزارەتەکانی عێراق گرنگ نیە کێ وەزیرە ؟! ئەم گروپانە بە شێوەی بەرنامە دارێژراو ئارەزویان هەبێت ( فخ ) چاڵ بۆ وەزیر لێ دەدەن و دەیەها دۆسیەی گەندەڵی بەسەردا تێپەڕ دەکەن ، زۆرجاریش وەزیرەکە زوو دەچێتە ژێر کاریگەرییان و دەبێتە شەریکە بەش ، یاخود ململانێ دەکات، لە ئەنجامدا ( چاڵ ) ی بۆ لێ دەدەن و دەیخەنە ناو گێژاوی گەندەڵی کە زۆر جار هەیە هەستیش بەخۆی ناکات بۆ نمونە وەزیرانی ( بازرگانی و کارەبا ، ..... هتد )

ئەوەی سەرەوە کە باسمان کرد نابێتە بەهانە (مبرر) بۆ ئەوەی وەزیرەکان لەبەرامبەر دادگا و لێپێچینەوە خۆیان دەرباز بکەن ، چونکە لە رووی یاسایی بەرپرسی یەکەم خودی ( وەزیرە ) ؟! بۆیە کاتی ئەوە هاتووە وەزیرەکان پێش ئەوەی دەست بەکارەکانیان بکەن بزانن ئەو ستافەی بۆی دانراوە چۆنن لە رووی ئاستی کارگێڕی و شارەزایی و دەستپاکی و لێهاتوویی!؟ ئەگەر بەجدی بیر لە (ستافی) باش و( بەڕێوبەری چاك و سەرکەوتوو ) نەکەنەوە زۆر ئەستەمە دامودەزگا حکومیەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش کە لەم دیاردەیە بەدەر نیە ، بتوانن زاڵ بن بەسەر ( گەندەڵی ، رۆتین ، مەحسوبیەت ... هتد )

لێرەدا پێشنیار دەکەین کە جەنابی سەرۆکی هەرێم بڕیار بدات هەڵسەنگاندنی وردو و زانستی بۆ بەڕێوبەرە گشتی و بەڕێوبەر و فەرمانبەری پاك و سەرکەوتوو بکرێت و ئەوانەی کە خەمخۆر و دڵسۆز و دۆسییەی گەندەڵیان نییە ، پاداشت و رێزلێنان و خەڵاتی سەرۆکایەتی هەرێمیان پێ ببەخشرێت ، لەبەرامبەریشدا کەسانی گەندەڵ و بێ تواناو و بێ بەرهەم لە پۆستەکانیان لاببرێن و سزای خۆیان وەربگرن .

لەبەر گرنگی و بایەخی پلەی بەڕێوبەرەکان ئەم چەند خاڵەی خوارەوە دەخەینەڕوو کە بریتییە لە خەسڵەت و لایەنە ئیجابیەکانی بەڕێوبەری سەرکەوتوو :

١- بەڕێوبەری سەرکەوتوو خۆی بە لێپرسراوی کارە باشەکانی فەرمانگەکەی دەزانێت و هەوڵی زیادکردنیان دەدات و خاڵە سلبیەکانی دەزگاکەش بە بەرنامە و نەخشە رێگا کار بۆ بنبڕکردنیان دەکات .

٢- بەڕێوەبەر لە چوارچێوەی فەرمانگەکەی بە هەست و زەوقێك کار دەکات کە فەرمانبەران دڵسۆزی و خەمخۆری لێ بخوێننەوە و هەوڵبدەن وەك یەك خێزان ( یەك تیم ) کار بۆ بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیان بکەن .

٣- بەڕێوبەر نابێت خەسڵەتی تەمبەڵی و لەش گرانی بەروخساریەوە دیار بێت

بەڵکو دەبێت ببێتە (ترومپا و مۆلیدەی ) کارکردن و بەرهەمهێنان لە نێو فەرمانبەران و بەهیچ جۆرێك مامەڵەی هاوڵاتیان لە فەرمانگەکەی فەرامۆش نەکرێت و دەستی دەستی پێ نەکرێت .

٤- پێویستە بەڕێوبەرەکان پەیرەوەی پرەنسیب و بنەمای ( میانگیری ) بکەن خۆیان لە توندرەوی کارگێری و نەرمرۆیی و شلگیری بپارێزن ، بەڵکو پێویستە هاوسەنگی و دادپەروەری و دڵسۆزی بکەنە مەشخەڵی کارەکانیان .

٥- پێویستە بەڕێوبەری سەرکەتوو خاوەن دووربینی و پێشهات و ئاسۆفراوانی بێت و خۆی بۆ هەموو ئەگەر و رووداوە نەخوازراوەکان ئامادە بکات و پلانی جێگرەوە ( خطة البدیل ) ی هەبێت .

٦- پێویستە بەڕێوبەر پێش فەرمانبەران لە دەوام بێت و بایەخی تەواو بە بەڕێوەبردنی کات بدات و هەوڵ بدات کۆبونەوەکانی بخاتە دوای ( دەوام ) و لەکاتی فەرمی بوار بە میوانداری کەسی ( شخصی) نەدات و هەوڵ بدات کاتەکانی لە خزمەتی هاوڵاتیان بەکاربهێنێت .

٧- یەکەم کەس بێت لە فەرمانگەکەی کە یاسا و ڕێنماییەکان جێبەجێ بکات و بوار بەخۆی نەدات پێشێلی یاسا و ڕێساکانی بکات ، و خۆی لەهەموو کارێکی گوماناوی بپارێزێت .

٨- بەڕێوبەری سەرکەتوو ئەو کەسەیە کەلە خەیاڵ و دونیای ئەفسوناوی خۆی بەدوور بگرێت و هەوڵ بدات بڕیارەکانی واقعی بن و زەمینەی جێبەجێ بونیان لە دونیای واقع هەبێت .

٩- خۆ کۆنترۆڵ کردن و دوورکەوتنەوە لە تورە بوون و هەڵچون و دەمارگیری و تاکرەوی .

١٠- خۆ دورخستنەوە لە چەواشەکاری و پێچ و پەنا و بەهانە هێنان بۆ بڕیارە ناپەسەندەکان ، بەڵکو بە ئازایانە دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت و کار بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان بکات .

سەرچاوە : ئینتەرنێت
com.www.elebda٣
و : بەدەستکاریەوە



# پشوی بڕەو

و: شەیما یاسین

وتەیەکی ژاپۆنی: ستایشی کێڵگەیەکی گەورە بکەو ،کێڵگەیەکی بچوك بڕوێنە .

وتەیەکی چینی: گەرناتوانی پێبکەنی ،ئەوا دوکانداری مەکە .

وتەیەکی ڕوسی: بەردەوام هەڵەی کەسانی تر زیاتر بریقەدارترە لە هەڵەکانی خۆمان .

وتەیەکی ئیتالی: ئەوەی زیان بەکەسێك بگەیەنێت ،ئەوا مەترسی لەسەر سەد کەسی تر هەیە.

وتەیەکی پۆڵەندی: چاکە کردن لەگەڵ کەسانێك کە پێی نازانن وەك فڕێدانی گوڵاوە بۆ نێو دەریا.

وتەیەکی فەرەنسی: ئەگەردەتەوێت پێشکەوتنی هەر نەتەوەیەك بزانی ،تەماشای ئافرەتەکانیان بکە .

وتەیەکی تورکی: ئەی مرۆڤ مردن لەبیر مەکە ، چونکە ئەو لە بیرت ناکات .

وتەیەکی ئیتاڵی: باوەڕبونت نیوەی بەختەوەریتە .

وتەیەکی ئەمریکی: زۆرجار شتەکان بەڕاستی و دروستی نابینین، چونکە تەنها ناونیشانەکەی دەخوێنینەوە.

وتەیەکی چینی: مێشکت بە زانست پڕ بکەرەوە باشترە لەوەی لاشەت بڕازێنیتەوە بەخشڵ.

وتەیەکی ئەسیوپی: کێ پێشبڕکێت لەگەڵدا دەکات ئەگەر بە تەنیا بڕۆی .



# هەندێ جار زمانت بگریت سەرسەلامەت دەبێت !!

لێرەدا چیرۆکێکتان بۆ دەگێڕینەوە کەلە رابردوودا رویداوە.

دەگێڕنەوە ٣ کەس حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووبوو بە شێوەی ملپەڕین، کە بریتی بوو لە( زانایەکی ئاینی، پارێزەرێك، فیزیاوییەك)، لەساتە وەختی لەسێدارەدانداندا زانا ئاینییەکە چووە پێشەوە ، سەری خستە سەر ئامێری قەنارەکە، لێیان پرسی ئایا هیچ وتەیەك یان قسەیەکی کۆتاییت هەیە حەز بکەیت بیلێیت ؟ زانا ئاینییەکە وتی : خوا ، خوا ، خوا ، هەر ئەو رزگارم دەکات.

لەم کاتەدا ئامێرەکەیان دابەزاند کاتێ گەیشتە سەری زانا ئاینیەکە ئامێری ملپەڕینەکە راوەستا خەڵکی توشی سەرسوڕمان بون و وتیان: زانا ئایینیەکە رزگار بکەن ، چونکە خوای گەورە وتەی خۆی فەرموو بڕیاریدا ، بەم شێوەیە زانا ئاینییەکە رزگاری بوو .

ئینجا رۆڵی پارێزەرەکە هات بۆ بەردەم قەنارەکە و لێیان پرسی ئایا هیچ وتەیەك یان قسەیەکی کۆتاییت هەیە حەز بکەیت بیلێیت ؟

وتی: من خوا ناناسم وەکو زانا ئایینیەکە بەڵام زیاتر دادپەروەری دەناسم دادپەروەری، دادپەروەری، دادپەروەری رزگارم دەکات، ئامێرەکە دابەزی کاتێك گەیشتە سەری و راوەستا خەڵکی سەریان سوڕما و وتیان پارێزەرەکە ئازاد بکەن، چونکە دادپەروەری قسەی خۆی وت، بەم شێوە پارێزەرەکە رزگاری بوو لەمل پەڕین.

دواتر نۆرەی فیزیاوییەکە هات و پرسیاریان لێ کرد ئایا دوا وتەیەکت هەیە بیلێیت ؟ وتی من خواناناسم وەك زانا ئاینیەکە و هەروەها دادپەروەری نازانم وەك پارێزەرەکە ، بەڵام ئەوە دەزانم پەت و گوریسی قەنارەکە گرێیەکی تێدایە ، نایەڵێت ئامێرەکە دابەزێت ، تەماشایان کرد و بینییان گرێیەکی تێدایە و نایەڵێت ئامێری قەنارەکە دابەزێت ؟ گرێ کەیان چاك کرد و دایانبەزاند و سەری فیزیاوییەکەی بری .

ئەمە ئەو دەگەیەنێت چاك وایە هەندی جار زمانت بگریت تەنانەت گەر راستیش بزانیت ..



و: ئەمیر کۆیی
amirkoy@yahoo.com

# چۆن گەشەبە داهێنانی منداڵان بدەین ؟!

## لەم بەشەدا باسی ڕێگاکانی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنان لای منداڵ دەکەین کە ئەمانەن:

### ١. ژینگەی یاری کردن :

پێویستە لەسەرمان ژینگەیەکی باش بۆ منداڵەکانمان بدۆزینەوە کە هاوکارییان بکات بۆ دۆزینەوەی شوێنێك بۆ یاری کردن بەبێ هیچ کۆت و بەربەستێك وترس لەتێکدانی شتومەکی ناو ماڵ، ئەگەر لەماڵێکی داخراویشدابێت، ژورێکیان بۆ ئامادەبکەین بۆ یاری و داهێنانەکانیان.

### ٢. خۆگونجاندن لەگەڵ بیرکردنەوەیان:

وەرگرتنی ڕای منداڵ بێ بەکەم زانین و دانەنانی کۆت و بەربەست لەسەریان، هەوڵی تێکەڵ بوون و نزیك بوونەوە لە ڕاکانیان بدەین تا فێری لەدایك بوونی بیر و ڕایان بکەین،ئەمەش لەگرنگترین داهێنانەکانە،ئەمەش ئەوەناگەیێنێ کەهەندێك لەبیر و بۆچوونەهەڵەکانیان چاك بکەین بەنەرمی و لێزانی و بەبێ توندو تیژی، ئەمە دەبێتە بەربەست لەبەردەم داهێنانەکانیاندا،ئەمەش واپێویست دەکات بەڵگەو هۆکاری بەهێزمان پێبێت بۆ ڕاست کردنەوەی بیرورِا هەڵەکانیان.

### ٣. شیکارکردنی داهێنانەکان:

بەهێزکردنی داهێنان لەلای منداڵان پێویستی بەداهێنانی گەورەتر هەیە لەلای گەورەکاندا، ئەمەش وامان لێدەکات چارەسەری پێش وەختمان لابێت بۆ ئەوکێشانەی کەڕۆژانەڕوودەدەن وبیان کەین بەبەشێکی سەرەکی پەیڕەو و پەروەردەکردنی منداڵەکانمان، داهێنانەکانمان دەبینن و پێوەی کاریگەردەبن و بەشدارییان پێبکەین لە داهێنانەکانمانداو بەبێ هۆباسیان بکەین وهەلیان بۆ بڕەخسێنین بۆ بینینیان.

### ٤. ئامادەکردنی شیکارکراوەکان:

کاتی تەواو بدە بە منداڵەکەت بۆ ئەوەی هەموو تواناو داهێنان بۆشیکارەکان ئامادەبکات، وای لێبکە بجوڵێت لەشتە گشتییەکان بۆ بیرو ڕا سەرەکیەکان، شیکاری ئامادەکراوی نەدەیتێ پێش پێدانی کات بۆ شیکارکردنی، هەندێك لە باوکان وادەزانن ئەگەر وەڵامی ئامادەکراو بدەنە منداڵەکانیان هاوکاریان دەکات بۆ گەشەکردنی بیریان،کەچی ئەمە پێچەوانەی ڕاستییە، ئەمە توانای بیرکرنەوەی لەشیکارکردنی نوێ دەکوژێ

و توانابیبرکردنەوەشی لەشیکارکردن ناهێڵێت.

### ٥. ڕێگاکانی بیرکردنەوە:

چەسپاوی لەسەر ڕێگاکانی بیرکردنەوە نەوەك لە سەر ئامانج ، گرنگ نی یەپێش برکێ یەکە ببەیتەوە ، یاخود یەکەم ببیت،هێندەی ئەوەی هەڵساوی بە ڕێگاکانی بیرکردنەوە بۆ شیکارکردن، ئەمەش سوپاس کردنی و باسکردنی لەبەر چاوی خەڵك و پێدانی دیاری لە سەرشیکارکردنی ڕاستدا.

### ٦. پێدانی کات بۆ جەربەزەیی ( مغامەرە) بە منداڵەکەت:

بواری ئەوە بەمنداڵەکەت بدە بۆ بەرهەڵستی کردن و جەربەزەیی لەڕێگای هەندێك یاری و کێ بەرکێ لەگەڵ هاوڕێکانی دا، یان یاری ئەلکترۆنی ،ئەمەش هاوکاری دەکات بۆ پێش بینی کردنی لە ڕێگای بیرکردنەوەی نوێ، گەلێك لە یاریەکان هانی دەدات بۆ گەشەکردنی گیانی داهێنان و شیکارکرن،بەتایبەت یاری پێکەوەبەستن (میکانۆ ).

### ٧. بەشداری لە خۆشیەکانیاندا بکە :

بیر و هۆشی منداڵ بۆ ئەوەی پێش بکەوێت و گەشەبکات پێویستی بە تێکەڵاوی لە گەڵ گەورەکاندا هەیە،کەسی تریش جگە لە دایك و باوك دەتوانێت بەم کارە هەڵسێت، لەکاتی گەشەکردنی بیریاندا پێویستە دایك و باوك گرنگیان پێبدەن ، لات سەیرنەبێت هیچ گرنگی و سۆزێکیان بۆ دایك و باوکیان نەبێت ئەگەر بەمنداڵی گرنگیان پێنەدرابێت، لەبەر ئەوەی چۆن دایك و باوك مافیان بەسەر منداڵەکانیانەوە هەیەبەهەمان شێوە منداڵەکانیش مافیان بەسەر ئەوانەوە هەیە.کاتێك دایکان و باوکان بە ڕاستگۆیی لەگەڵا منداڵەکانیان تێکەڵ دەبن هەست بەخۆشی و شادی یەکی زۆر دەکەن وکەشێکی ئارام و ئاسوودە دروست دەکەن هەتا وشە دەسەوستانە لەبەردەم وێناکردنی ئەم خۆشی یە.

### ٨. گفتووگۆلەگەڵ کردن و ئاوێتە بوونیان :

بەلایەنی کەم وەکوچالاکی ڕۆژانە یەك کاتژمێر گفتوگۆیان لەگەڵدابکەیت، چۆنیەتی بەسەربردنی کاتەکانیان ( لەباخچەی ساوایان و لەگەڵ مامۆستایان و لەگەڵ هاوڕێکانی لە قوتابخانەوە چالاکیەکانی ماڵەوەیان لەگەڵ کەسەنزیکەکانی ، یان لە دەرەوەی ماڵ لە گەڵ برادەرانی داوکێشەکانیان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان و پەیوەندیان لەگەڵ مامۆستایانیاندا بەم شێوەیە ، قسەکردن لەگەڵ منداڵاندا سوودی زۆرە لەم سوودانەش ئەمانەن:

### ١. فێری بیرکردنەوەی نوێی بکە :

منداڵان وەکو گەورەکان مێشکیان پێنەگەیشتووە و قالبێکی دیاری کراوی وەر گرتووە تاکو ئێستا مێشکیان تەواو نی یە،لەبەر ئەوە قسەکردن لەگەڵیاندا گرنگە چونکە گەشەیان پێدەدات و پێشیان دەخات، ئەمەش بۆ گەورەکان بەسوود ترە،چونکە شتی زۆریان لێ فێردەبێت لەبیر کردنەوەی نوێ و لەو داهێنانەی کە هەر بەبیرت دانەهاتبوو ، لێیان فێردەبین منداڵ چۆن بیر دەکاتەوە ئەمەش سوودی هەیە بۆ شیکارکردن و زۆر لە پرۆژەکانیان تێدەگەین.

### ٢. گەشەکردنی سۆز و خۆشەویستی :

دیاری کردنی کاتێك بۆ قسەکردن لەگەڵ منداڵانداو دوور لەکاری ڕۆژانە ( ئاوابکە، ئاوامەکە، ئەمەنگیە،ئەمەهەڵەیە) ئەمەش هۆکاری سەرەکی یە بۆ گەشەکردنی سۆز و خۆشەویستی ، زۆر پێویستە بۆچاندنی چاکەکاری و پێگەیاندنیان، بەمەش لەگەڵ گەشەکردنی سۆز و خۆشەویستی لە گەڵ دایك و باوکیاندا زیاتر ئامادەدەبن بۆ وەرگرتن و ئاراستەکردنی ئەم چاکەکاری یە، جگە لەمانەهیچ ڕێگایەکی تریش بینی ناکرێت بۆ گەشەکردنی بیر و هۆشیان.

### ٣. ئاشکراکردنی بیرە هەڵەکانیان:

ڕۆژانە بیرە هەڵەکانیان ئاشکرابکە لەو ژینگەیەی تێیداتێکەڵ بوونە، ئاسانی چاککردنی ئەوبیرانە، ئەگەر ئەم وتوو وێژانە نەبوونایە ئەم هەڵانە ئاشکرانەدەبوون و چارە سەر نەدەکران.



نوسینی: N.Qubein
وەرگێڕانی: ئیمان ناصح



# بڵاوکردنەوەی ڕووناکی

لە ڕۆژانێکدا لە شارۆچکەیەکی بچووك گەنجێك ژیانی بەڕێ دەکرد، ئەم گەنجە خاوەنی هیچ ئیش و کارێك نەبوو پاش بیرکردنەوە بڕیاریدا دوکانێکی بچووکی وردە فرۆشی لەسەر سووچی شەقامێك دابنێ.

گەنجەکە خاوەنی کەسایەتییەکی ڕاستگۆو خۆشەویست بوو لە ماوەیەکی کورتتدا بووە جێگەی خۆشەویستی و ڕەزامەندی خەڵك و بەشێوەیەکی زۆر ڕوویان لە دوکانەکەی ئەکرد

گەنجەکە بەو شێوەیە بەردەوام بوو تا تێپەڕ بوونی چەند ساڵێك و لەبەرامبەر سەرکەوتنیدا بە تەنها دوکانێك توانی بازاڕی زۆر گەورەو دوکان لە شارۆچکەکەدا بکاتەوە

ساڵان تێپەڕی کرد گەنجی دوێنێ بوو بە پیاوێکی بەساڵاچووی نەخۆش و بێ چارەسەر مایەوە، پزیشکەکان پێیان ڕاگەیاند کە تەنها ماوەیەکی کورتی ماوە لە ژیاندا

پیاوەکە خاوەنی سێ کوڕی گەنجی پێگەشتوو بوو،ڕۆژێك بانگی هەر سێ کوڕەکەی کرد و پێ ی وتن:

پاش چەند ساڵ هەوڵدان بە بێ ماندووی و بە هیواوە توانیم ئەم ئیش و کارانەی ئەمرۆ دەست بخەم،من ئەمەوێ یەکێك لە ئێوە دەست نیشان بکەم بۆ بەڕێوەبردنی ئیش و کارو کۆمپانیاکان بەڵام بۆ بڕیار دان لەسەر ئەمە دەمەوێ ئیشێکتان پێ بسپێرم

من بە هەر یەکێك لە ئێوە لیرەیەك دەدەم،ئێوەش ئەوەی دەتانەوێ و حەزی پێ دەکەن دەچن دەیکڕن بەڵام بەمەرجێ ئەو شتەی کە دەیکڕن دەبێ تەواوی ژوورەکە پڕ بکاتەوە، ئێوارە لە کاتی گەڕانەوەتانا دەبێ هەمووتان شتەکانتان پێ بێت و بیبینم.

کاتێ گەنجەکان گوێیان لە قسەکانی باوکیان بوو خۆشی بەڕێوەبردنی کۆمپانیا خەیاڵی داگیرکردن

هەرسێکیان بەرەو بازاڕی شار بەڕێ کەوتن و دەستیان کرد بەگەڕان دوای بیرکردنەوە هەر یەکێکیان بڕیاریان دا شتێك بکڕن ئەوەی ویستیان بەدەستیان هێناو گەڕانەوە

ئێوارە دوای گەڕانەوەیان سەرەتا باوکی بەساڵاچوو بە ئەزمون ڕووی کردە کوڕە گەورەکەی و وتی:

" کوڕم بە لیرەیەك توانیت چی بکڕی؟

کوڕەکەی وەڵامی دایەوەو وتی: چوم بۆ کێڵگەی هاوڕێیەکم لیرەکەم پێ داو دوو بەستە ' کا م هێنا ئەمەی وت و لە ژوورەکەی چووە دەرەوەو پارچە 'کا یەکانی هێنایە ژوورەوە.

لەو کاتەدا هەموو 'کا یەکە بە ژوورەکەدا بڵاوبوویەوە بەڵام هەر زوو وردە هەمووی لەسەر زەوی یەکە کۆبوویەوەو نەیتوانی ژوورەکە پڕ بکاتەوە.

باوکی بەتەمەن ئەمجارەیان بانگی کوڕی ناوەندی کردو پرسی:

کوڕەکەم تۆ چیت کڕی؟

وەڵامی دایەوەو وتی: ڕۆشتم بۆ لای هەلاجێك و توانیم ' دوو پشتی بکڕم، ئەمەی وت و چووە دەرەوەو پشتییەکانی هێنایە ژورەوە

بەکردنەوەی بەرگەکەیان لۆکەی ناو پشتییەکان بڵاو بوونەوە بە ژوورەکەدا بەڵام دوبارە دوای تۆزێك هەموو کەوتەوە سەر زەوی و نەیتوانی ئەو کارە بکا کە باوکی دەیویست.

نۆرەی کوڕی بچوك هات و باوکی بە ئەزمون بانگی ئەویشی کردو هەمان پرسیاری ئاڕاستە کرد:

کوڕە گەنجەکە وەڵامی دایەوە: ئەو لیرەیەی کە تۆ پێت دام چووم وردم کردەوە سەرەتا ٩٠ قروشم دا بە هەژاران و لە خێردا خەرجم کرد

ئەو ١٠ قروشەی تریش کە مایەوە چووم بۆ دوکانێك کە لەهەمان ئەو دوکانە ئەچوو کە پێش چەند ساڵ تۆ دات نابوو.لەوێ بەو پارەیەی کە مابووەوە دوو شتم کڕی

کوڕەکە دەستی بەرەو گیرفانی بردو پاکەتێك شقارتەو مۆمێکی دەرکرد،

ڕووناکی ناو ژورەکەی خامۆش کردو مۆمەکەی داگیرساند،

مۆمەکە دەستی بە سوتان کردو تەواوی ژوورەکەی ڕووناك کردەوە

پیرە پیاوی بە تەمەن کەوتوو لەسەر دۆشەکی مەرگ لەبەرامبەر ڕەوشت و زیرەکی و هەڵۆیستی کوڕەکەی دا وتی:

"ئافەرین ڕۆڵەکەم، تۆ دەکرێیت بە خاوەنی کۆمپانیا و بەڕێوەبردنی ئیشەکان چونکە زۆر شتێکی گرنگ دەربارەی ژیان فێربوویت ئەویش بڵاوکردنەوەی ڕووناکییە."

# چەند پەیڤێك بۆ ژیان

فەرەیدون محمد

● دوودڵی و خەم وخەفەت ڕێگری ناکات لەکێشەکانی سبەینێ ..
بەڵام خۆشی و ئارامی ئەمڕۆت لەکیس دەدات ..
کەواتە دوودڵ مەبەو ئەمرۆ بەخۆشی بگوزەرێنە ..

● ئایا دەزانیت بۆچی جامی پیشەوەی ئۆتۆمبیل گەورەیە لەکاتێکدا ئاوێنەی سەیرکردنی دواوە بچوکە؟؟؟
چونکە رابردوو وەکو داهاتوو گرنگ نییە!!لەبەر ئەوە هەمیشەبنوارە بۆ پێشی خۆت و لێگەڕێ باژیانت لە جوڵەو پێشکەوتندا بیت .

● هاورییەتی وەکو پەرتوك وایە !!!
بۆ سوتاندنی چەند چرکەیەکی کەمت پێویستە ..
بەڵام بۆ نوسینەوەی چەند ساڵیکت دەوێت..

● نوێژ وەکو ئەو تایە سپێرە نییە کە تەنها لەکاتی پێویستیدا شوفێر بەکاری دەهێنێت ... بەڵکو وەکو ئاگردان هەمیشە گەرمە بو ئاراستە کردنی ژیان .



# ئەوشتانەی کاتی مرۆڤ بە فیرۆ دەدەن!!!

شوان رابەر

لە بەرئەوەی مەسەلەی کات لە ژیانی ئادەمیزاد دا شتێکی زۆر گرنگ و بەنرخە نابێ هەرگیز بە فیرۆ بدرێ، بەڵکو هەمیشە دەبێ کات بقۆزرێتەوە و لە کاری چاك و گرنگ و خواپەرستیدا بەکار بێ، بۆیە هەندێ لەم شتانە دەخەینە روو کە کاتی مرۆڤ بەفیرۆ دەدەن، بەڵکو خۆمانی لێ بپارێزنو سودلە وەختو ژیان وەر بگرین .

١- دیداری بێ بەرنامە : لەئەنجامی ئەوەی لە ناکا و بەبێ بەرنامە ومەوعید خەڵك سەردانت دەکا یا تۆ سەردانی خەڵك دەکەیت، سەردان و دیدارەکان رێك نەخراون و ئامادەباشیان بۆ نەکراوە، کات بەفیرۆدەروات ، لەئەنجامی ئەوەی کەموکورِی لە لایەنێك یا لە شتێك روودەدات.

٢- پچران: لێك پچرانی سەردان و پەیوەندی و قسە ی نێوان تاکەکان دەبێتە مایەی کات بەفیرۆدان.

٣- تەلەفۆنکردنی بێ سود: لە ئەنجامی زۆر خەریك بوون بە تەلەفۆنکردنی بێ سود و بێ بەرهەم چ بۆت بکرێ یا بۆ خەڵکی بکەیت کات بەفیرۆ دەروات.

٤- کۆرِ و کۆبونەوەی بێ بەرهەم: لەئەنجامی ئەوەی مرۆڤ لە زۆر کۆرِ و کۆبونەوەی بێ سود و بێ بەرهەم دادەنیشێ و بەشداری دەکا کاتی بە فیرۆ دەچێت.

٥- کار نە سپاردن بە خەڵك: پێویستە مرۆڤ هەندێك لە کارەکانی بە غەیری خۆی بکا و کار بە خەڵکی پسپۆرِ و کارا بسپێرێ و هەموو کارەکان بەخۆی نەکات. ئەگەر هەموو کارێك خۆت ئەنجامی بدەیت ئەوا بۆت ناکرێ و کاتت بە فیرۆ دەرِوات.

٦- دواخستنی بێ هۆ: ئەو کەسەی کاروبارەکانی بێ هۆو بێ سود دوا دەخات لە کاتی خۆی جێ بەجێ یان ناکا، کاتی بەفیرۆ دەرِوا، کارەکانی دوادەکەون وگرفتیان تێ دەکەوێ، لەسەری موحاسەبە دەکرێ و زەرەر دەکات.

٧- ئامانج رون نەبوون: لەبەر ئەوەی زۆر کەس ئامانجی روون نییە لە جێ بەجێ کردنی کارەکان کاتی بەفیرۆ دەروات.

٨- نەبونی نەخشە وپلان: ئەو کەسەی کە نەخشە و پلانی پێشوەختی نییە بۆجێ بەجێ کردنی کارەکانی کاتی بە فیرۆدەرِوا و کێشەی بۆ دروست دەبێ.

٩- زانیاری هەڵە و لاواز: ئەوکەسەی سەبارەت بە ئەنجام دانی کارێك زانیاری هەڵە و لاوازی لایە ، کارەکەی لێ ئالۆز دەبێ و کێشەی تێ دەکەوێ و بەباشی ئەنجامی نادات.

١٠- دیارنەکردنی گرنگترین: پێویستە لە جێ بەجێ کردنی کارەکاندا گرنگتر پێش گرنگ بکرێ، واتە ئەوکارانەی زۆر گرنگن پێش کارە ناگرنگ و لاوەکیەکان بخرێن دەنا کات بە فیرۆ دەرِوات.

١١- رەت نەکردنەوە: هەندێ کار هەن پێویستە مرۆڤ نەیان کات و رەت یان بکاتەوە، هەندێ کەس توانا و جورئەتی رەت کردنەوەی نییە و خۆی لە هەموو کارو بارێك دەدات، بۆیە کاتی بەفیرۆ دەرِوات.

١٢- دیاری نەکردنی کاتی پێویست و گونجاو: پێویستە بۆجێ بەجێ کردنی هەر کارێك کاتێکی گونجا و پێویست دابنرێت تا تێ یدا جێ بە جێ بکرێت.

١٣- وەرە نزمی: لە ئەنجامی ئەوەی مرۆڤ زۆرجار لە ئەنجامدانی کاردا وەرەی نزمە و جورئەتی ئەنجامدانی نییە، کارەکە دوادەخا و نایکات و لێ ی دوودڵە، پاشان خەرجیوماندوبوونی زیاتری تێ دەچێ و گرفتی بۆدرست دەبێ و زیاترکاتی بەفیرۆ

دەڕوات.

١٤- خراپی جێ بەجێ کار: زۆرجار ئەو کەسەی کارەکە ڕێك دەخاو جێ بەجێی دەکا، شێواز و شتەکانی خراپن، بە خراپی دەیکا، کارەکە ناکرێ و جێ بەجێ نابێ و کات دەڕوات.

١٥- زۆر قسەکردن: لەهەر کات و شوێنێك قسەی بێ هودە زۆربکرێ کات بەفیرۆ دەدات.

١٦- کێشەی کارمەندان: لەبەر ئەوەی کارمەندان کۆمەڵێ کێشە و گرفتیان هەیە، بەرپرسی خۆیان و خۆیانی پێوە سەرقاڵ و ماندو دەکەن کات بەفیرۆ دەڕوات.

١٧- خەریك بوون بەشتی لاوەکی: ئەگەر مرۆڤ بەهەر شتێکی لاوەکی و بێ سود خۆی خەریك بکات ، لە ئامانجە پاك و گرنگەکانی دور دەکەوێتەوە و کاتی بەفیرۆدەڕوات.

١٨- نەزانی: هەرکەس و بەرپرسێك زانست و زانیاری گرنگ و پێویستی بەرانبەر بە کاروبارەکان و ژیانی ڕۆژانەی خۆی نەبێ کاتەکانی بەفیرۆ دەڕۆن.

١٩- کەلوپەل: زۆرجار زۆری ئامێر و کەلوپەلەکان و خەریك بوون پێیانەوە کاتی ئینسان بەفیرۆدەدات وەك: تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت و رادیۆ و سەیارە و ....هتد.

٢٠- گاڵتەکردن: خۆ خەریکردن بە شتی بێ هودە و گاڵتەجاڕ کات بە فیرۆ دەدات.

٢١- هاوڕێی خراپ: هەرکەسێك هاوڕێی خراپی هەبن و، ژیانیان لەگەڵ بەسەر ببات و کاتیان پێ بدات، کاتی بەفیرۆ دەڕوات.

٢٢- خوێندنەوەی بێ هودە: هەرکەسێك بە کتێب و خوێندنەوەی بێ سود خەریك بێ کاتی بەفیرۆدەڕواو زیانی پێ دەگات.

٢٣- گەشتی بێ سود: هەرکەسێك زۆر خەریکی سەفەری بێ سود بێ کاتی بە فیرۆدەڕوات.

٢٤- تێکەلاوی بێ سود: هەرکەسێك خەریکی مامەڵە وتێکەلاوی و پێکەوە ژیانی بێ سود بێ کاتی بەفیرۆ دەڕوات.

٢٥- یاری بێ سود: زۆر جۆرە گەمە و یاری بێ کەڵك هەن کات بەفیرۆ دەدەن. هەروەها شتی تری بێ سودیش کاتەکانمان بە فیرۆ دەدەن.



و: برەو

# ئایا دەزانن دڵ بۆنێکی ناخۆشی هەیە ؟؟!

مامۆستایەکی قوتابخانەی منداڵان، بڕیاریدا داوا لەقوتابیە منداڵەکان بکات کە بۆ ماوەی هەفتەیەك یارییەکی دیاری کراو ئەنجام بدەن ، بۆ ئەم مەبەستە داوای لەهەر منداڵێك کرد ، کە چەند پەتاتەیەك بخەنە کیسەیەکەوەو لەسەر هەر پەتاتەیەك ناوی کەسێك بنوسن کە رقیان لێیەتی.

لەرۆژی دیاری کراودا هەموو منداڵەکان کیسەو ئەو پەتاتانەی کە ناوی ئەو کەسانەی لەسەر نوسرابوو کە رقیان لێی بوو ئامادەکرد.

مایەیی سەرسوڕمانە هەندێکیان پەتاتەیەکی بەرکەوتوو و ئەوانی تر دوو پەتاتەو سێ پەتاتەو .. هتد

لەم کاتەدا مامۆستا مەرجەکانی یارییەکەی پێ ڕاگەیاندن کە بریتییە لەوەی هەموو منداڵەکان کیسە پەتاتەکە لەگەڵ خۆیاندا هەڵبگرن بۆ هەر شوێنێك دەڕۆن بۆ ماوەی هەفتەیەك.

بە تێپەڕبوونی ڕۆژەکان منداڵەکان هەستیان بە بۆنێکی ناخۆش دەکرد کەلە کیسە پەتاتەکەوە دەهات

بەڵام لەسەریان بوو بەرگەی بۆنەکەو قورسایی کیسەکە بگرن ، بێگومان هەرچەندە ژمارەی پەتاتەکان زۆربن ئەوا بۆنەکەشی زیاترەو کیسەکەش قورسترە.

دوای تێپەڕبونی هەفتەیەك منداڵەکان دڵخۆش بوون بە کۆتایی یارییەکە. ـــ

مامۆستاکە لێیی پرسین سەبارەت بە هەست و سۆزیان لەکاتی هەڵگرتنی کیسی پەتاتەکە لە ماوەی هەفتەکەدا . منداڵەکانیش گلەییان لەو ناخۆشی و نارەحەتیانە دەکرد کە توشی بوون لەکاتی هەڵگرتنی کیسە قورسەکەو بۆنە ناخۆشەکەی.

دواتر مامۆستا دەستی کرد بە ڕونکردنەوەی مەبەست و ناوەڕۆکی ئەم یارییە.

مامۆستاکە وتی : ئەمە وەك هەڵگرتنی رق و کینە وایە لەدڵتدا بەرامبەر بە کەسێکی دیاری کراو . رق و کینە دڵ و دەرون پیس دەکات و تۆش ئەو رق و کینەیە لەگەڵ خۆتدا هەڵدەگریت بەرەو هەر شوێنێك بڕۆیت.

ئایا گەر بەرگەی بۆنی پەتاتە نەگرن بۆ ماوەی هەفتەیەك ؟

بیرکەنەوە کە بە درێژایی تەمەنتان رق و کینەتان هەڵگرتووە.

ئای چەند جوانە لەم ژیانە کورتەدا بەخۆشەویستی و لێبوردەیمان بۆ کەسانی تربژین و قبوڵیان کەین هەروەك خۆیان چۆن هەن.

پین



# قسە لەسەر سەرەنجامی شتەکان مەکە تاکو سەرجەم شتەکان نەزانی.....!!

جارێکیان پیاوێکی بەتەمەن لەگەڵ کوڕە تەمەن بیست و پێنج ساڵانەکەی لەناو شەمەندەفەر دانیشتبوون.

خۆشی یەکی گەورە و پرسیاری زۆر لەسەر ڕووی کوڕە گەنجەکە دەدرەوشایەوە کەلە تەنیشت پەنجەرەکە دانیشت بوو.

کوڕە گەنجەکە دەستی لەپەنجەرەکە بردە دەرەوە بۆیە هەستی بە ڕۆیشتنی هەوادەکرد لە ژێردەستی دا بۆیە هاواری کرد: باوکە سەیرکە هەموو دارەکان بە دواماندا دە ڕۆن !!

پیاوە پیرەکە زەردەخەنەی دەهاتە سەر لێوەکانی و لەگەڵ خۆشی کوڕەکەی بەردەوام بوو.

لەتەنیشت ئەوانیش ژن و مێردێك دانیشت بوون گوێیان لەو کەین و بەینەی نێوان ئەو کورو باوکە گرتبوو. هەستیان بەکەمێك شەرم دەکرد کە چۆن کوڕێکی گەنجی تەمەن بیست و پێنج ساڵە بەشێوەی منداڵ هەڵسوکەوت دەکات !!!

جارێکی تر کوڕە گەنجەکە هاواری لێهەڵسا: باوکە، سەیری ئەو گۆمە بکە ئەوهەموو گیاندارەی تێدایە، سەیری.... هەورەکان لەگەڵ شەمەندەفەرەکە دەڕۆن، بۆیە سەرسوڕمانی ژن و مێردەکە جارێکی تر بەردەوام بوو لە قسەکانی کوڕە گەنجەکە.

باران بارین دەستی پێکرد، تنۆکە بارانەکان دەکەوتنە سەر دەستی کوڕە گەنجەکە، کە دەم و چاوی لە خۆشیدا دەگەشایەوە، جارێکی تر هاواری کرد، باوکە سەیرکە باران دەبارێت، سەیرکە باران بەردەستم کەوت سەیرکە باوکە!!

لێرەدا ژن و مێردەکە چیتر توانایان نەما بەبێدەنگی خۆیان ڕابگرن بۆیە پرسیاریان لە پیاوە پیرەکە کرد: بۆچی کوڕەکەت نابەی بۆلای دکتۆر بۆ وەرگرتنی چارەسەر بۆی..؟

لێرەدا پیاوە پیرەکە ووتی: ئێمە ئێستا لە نەخۆشخانە دێینەوە، لە چارەسەرکردن چاوەکانی کوڕەکەم، کە ئەمە یەکەم جاریەتی لە ژیانی دا چاوەکانی دنیا ببینێت ...!!

بۆیە هەمیشە لە یادت بێت: قسە لەسەر سەرەنجامی شتەکان مەکە تاکو سەرجەم شتەکان نەزانی.....!!